نرخی کورسی لە ئیمپراتۆریای جیهان" ئەمریکا"...عەلی مەحمود محەمەد

هەر دەوڵەمەندەکان لە 0,001%ی کەمگای ئەمریکی, ئەوانەی چەکی بەخشەکانیان لە 8 ژمارە کەمتر نانووسێت, بەشی زۆریان لەو دیو پەردەوە کار دەکەن وەك لە بی فشاری بەهێز بە دەرچوونی کاندیدە خواستراوەکەیان, ئەوان بەهەی کاری بزنس و سەرقاڵییانەوە نایانەوێت راستەوخۆ دەربکەون, کەمایەتیکیشیان بەناوی گەلەوە حوکمە کەن یان ڕەهی ئەپەزسیۆن دەگێڕن, ڕووکان لە نەوان خۆیان, بە پێی بڕژەوەندیەکانیان دابەش دەکەن, بە ئەوەی داواکارییەکانیان بسەپێنن و پارێزگاریش لە هەبووکانیان بکەن, تا دەزگا حکومیەکان لاواز بن, دەوڵەمەندەکان باشتر دەتوانن پارەکانیان بە ئاراستەکردنی سەرجەم دەسەاتەکان بکار بهێنن, بە ئەوەی بەیارەکان لە بڕژەوەندیان دەربچێت, ئاخر بەیارەکان لە پەستەکان بە ئەوان گرنگترن.

برایانی کوك " دیقید و تشارلز , دیقید ئەمسا مرد" کە خاوەند 108 ملیار دۆلار سەرمایەن, دەیان ساڵە کار بە ئەوە دەکەن دەست بەسەر سستەمی سیاسی ئەمریکادا بگرن بە هاوکاری خاوەند کەمپانیا ڕاستگۆراکان "الدیمقراگیە المعگلە فی أمیرکا- Jeffrey D. Sachs ". تەنانەت کارکردن بە هەوشاندنەوەی ئەباما کیر لەسەر خواستی برایانی کوك و بەخشەکەرەکانی کەماریەکانە "الصمود أمام انهیار أمریکا السیاسی- Jeffrey D. Sachs", بە تایبەتیش کەمپانیاکانی بیمە, دەرچووەن لە پەیماننامەی پاریسیش لە بڕژەوەندی کەمپانیاکانی وزەیە, هاوکات ئەوان کاریان دەکرد لەسەر کەمکردنەوەی باج , کاندیدە کەماریەکان شەیانە لەسەر بەدست هەنانی متمانەیان, لەبەر زیرەکی و خشەویستیان نا, بەکە لەبەر قورسایی گیرفانیان" النموژج الامیرکی»..هل بدأ فی التصدع؟-تشارلز بلو ".
ترامپ کاتی خۆی بەخششی جیمی کارتەر و ریگانی هاوکات پێکەوە دەکرد, ئەمە تایبەتمەندی زەرەك لە دەوڵەمەندەکانە, لای ئەو کە بیباتەوە تا لە گۆڕی ڕەك بکەوێت, لە ڕابردوودا 6 جار بەخششی هەمەتی هەبژاردنی هیلاری کلنتەنی کردووە, دوایی لە هەمەتی هەبژاردنی ڕابردوو هەرشی توندی دەکردە سەری, چونکە لای ئەو

سیاسەت کاسبییەکی, ئەخلاق و رابردوو بە عانەیەک, وەک مینبەری مزادکردن, ترامپ کە دەستیکرد بە پیتاک کەکردنەوە, راچەتەی نان خواردنی ئەوارە لە میوانخانەکەی گەیشتە 35 هەزار دۆلار, ئەوشی 100هەزار دۆلار پیتاک بدات دەبێتە بەخشەری شایستە, دواتر بە سانایی دەیبینێت. دوای گەیشتنی بە دەسەڵات, یانەی ترەمپ نرخی ئابونمەنتی گەڵفی کردە 200 هەزار دۆلار" الشعبویە والفساد- روبی میلی ", بە هەموو پۆوەرەک رونە کە ئەوەی ترامپ دەیکات لە بەی دیموکراسی کلێپتەکراسییە, واتە دەسەڵاتی سیاسی بەکار دەهێنێت بە بەدەست هێنانی سەروەت و سامان.
والتەر شوب بەڵێنەبەری بیرەی ڕەوشتی حکومەتی ئەمریکی لە 19ی تەموزی 2017 دەستی لەکار کەشایەوە وەک ناڕەزایەتیەک لە هەمبەر ترامپ کە بەرژەوەندی کەسی و حکومەتی تێکەڵ کردوو پشتر ئەباماش سەرکی پشوی ئەمریکا جاین هارتلی کردە سفیری وەاتەکەی لە فەرەنسا وەک پاداشتێک کە خەی و پیاوەکەی نیوملیۆن دۆلار کەمکیان بە هەمەتی هەبژاردنەکەی کەکردبوەوە, هیچ ناونیەک نەماوە لەوەی دەسەڵاتی سیاسی نوێنەرایەتی تەواوی کەمپانیا گەورەکان دەکەن لە ئەمریکا, یاسای کەمکردنەی باج لەو ڕوانگەیەوەیە, کە ساڵ لە دوای ساڵ هەبژاردن دوای هەبژاردن ڕوو لە نشەو لە داکشاندایە, تا ترامپ لە 35% ەوە دایگرت بە 21%, ملیاردەرەکان دافوس ترەمپیان لە هەنگاوە ئابووریەکانی خشە وەت , بەڵام گەمژەیی و ڕاگوەینی و سیاسەتی ئابووری نەتەوەیی ئەویان بە دە نییە.

زانای سیاسەت مارتن جیلنز لە زانکەی برینستەن و بنیامین بیجج لە زانکەی نەرس وینسترن پیان وایە دیموکراسیەتی ئەمریکی لە پناو 1%ی هەرە دەوڵەمەندەکانی کەمەگا کاردەکات , لەبەر ئەوە دیموکراتی ئەمریکی ئەوەی پسەندە "عدم المساواة فی أمیرکا- تاریخ النشر: الجمعة 16 دیسمبر 2016 -مات أوبراین: محرر الشؤون الاقتصادیة فی مدونة «وونکبلوج» ", واتا لە بری دیموکراسی بلەتەکراسییە.
22 پەرلەمانتاری پارتی کەماری داوایان کرد ئەمریکا لە پەیماننامەی پاریس ی ژینگە بکشێنەوە, کە هەموویان بەخششیان بە هەمەتی هەبژاردن لە پیشسازی نەوت و غازەوە وەرگرتبوو, بە تایبەتیش لە براکانی کوکشەوە, یاخود ناڕاستەوخە لە ڕکخراوە سەبەرەکانیانەوە, لە هەبژاردنی کەنگرەسی ئەمریکا 88%ی بەخششکانی پیشسازی نەوت و گاز بە کەماریەکان ڕیشت, پارتی کەماری بەتە پارتی وەرانکردنی ژینگە, کەماریەکان 97%ی کەمکی پیشسازی خەوزیان بە دەچەت , 88% ی پیشسازی نەوت و گاز, کە

نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دابەزی ترامپ هاوکار بوو بۆ ڕەکەوتنی ئێپێك, چونکە پەیوەندی بە کارتێلەکانی نەوتەوە هەیە, بۆ تایبەتیش ئەوانەی تکساس کە ولایەتەکەیان 38 نەوتنەری لە 538 نوێنەرەکەی هەبژێرەری سەرك کەماردا هەیە.
ترامپ گوایە بە دەزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان پشتیوانی کەرتی نەوت دە, کە کەرتی بەرهەم هێنانی نەوت تەنها 150 هەزار کارمەندی هەیە, کە 0,1%ی کەی هێزی کاری ئەمریکایە, بەڵام هەکار ئەوەیە ئەم کەرتە 88%یان وەك ئاماژەمان پێدا بەخشش و پشتیوانی دارایی دەدەنە کەماریەکان, وە چاویشی لە کورسیەکانی تەکساس و ناوچەی بەرهەم هێنانی نەوتی بەردینە.

بەرامبەر بەو پشتیوانیانە لە پارتەکەی, ترامپ وایکرد کەمپانیاکانی خەوز و نەوت و گاز بەرپرس بن لە دانانی سیاسەتی ژینگەی وڵات, کەمپانیاکانی دەرمان کەرتی تەندروستی و دانانی نرخ لەسەر دەرمانەکان, و گروپی کەمپانیاکانی چەك لە وەزارەتی بەرگری و , وە بانکە وەبەرهێنەکان باڵادەست بن لە وە ستریت , وە کارتێلەکانی کشتوکاڵ هژمونیایان هەبێت بەسەر زەوی کشتوکاڵییەکانی وڵاتەوە, واتا بەرخی سپارت بە گورگ.
کەمەی نیشتمانی چەك, کە کەمپانیاکانی چەکسازی و بازرگانانی چەك دایان مەزراندووە, تەمویەنی هەمەتی هەبژاردنی سەرکەکان و سیاسیەکان بە سەخاوەتەوە دەکات, لەوانە ترامپ,هەشیان لەوانە کرد, کە داوای قەدەغەکردنی هەگرتنی چەك دەکەن, بەوەی لە هەبژاردنی داهاتوو تەی خەیانیان لە دەکەنەوە, لە ڕگای بەخشینی بەخشش بە نیارەکانیان.

لە ساڵی 1791 ەوە بە پێی مادەی دووەمی دەستوری ئەمریکی ڕگای دراوە بە هەگرتنی ئازادانەی چەك, بەهەی ئەوەی میلشیا چەکدارەکان ڕەی گرنگیان گەا دژ بەریتانیا لە جەنگدا,کەمپاتیاکانی چەکی ئەمریکیش بەخششی زەری سیاسیەکانی ئەمریکا دەکەن بە تایبەت کەماریەکان, بە ئەوەی ئەو بەندە دەستکاری نەکرەت, وەات هەر تیکساسەکەی فلیمە کابیەکان بەت .
لە ماوەی 6 ساڵی نەوان 1997 بە 2003 , ڕەکخراوەکانی پشتیوانی لە هەگرتنی چەك 6 جار زیاتری دژبەرانیان پارەیان خەرجکردووە, بە ڕگا گرتن لە ئەگەری هەر گەانکاریەك, بە تایبەت دوای هەر کارساتەکی دە تەزەن ململانەکان توندترەوە دەبن, نیوەی چەکی تاکە کەسی جیهان لە ئەمریکایە, دوانزە جار زیاتر لە ڕژەی جیهانی, ساڵانە زیاتر لە 33000 کەسی سڤیل قوربانی چەك هەگرتنن لەم وڵاتە

, بەڵام بەهەی پارەو ناتوانرێت وەك لەم کارساتە دەرباز بکرێت, لە رێگای هەڵبژاردنەو لغاوی گەڵانکاری کراوە.
ترەمپ لە بەر ئەوەی پشتیوانی کەمپانیای ئەمازۆن, بۆیە پشتگیری دارایی رزگارکردنی بیرۆی پۆستی ئەمریکی ناکات کە خاوەندی 600هەزار کارمەندە .
جیف بیزۆس خاوەنی ئەمازۆن دوای ئەوەی واشنتۆن پۆستی کڕی, ئێستا لە هەوڵی کڕینی سی ئێن ئێن یشدایە, چونکە پێ بە پێی سەرکەوتنی سەرمایەکەی کە لە 200 ملیار دۆلار لە سەرکەوتن و دابەزیندایە پەیوەستی بە کەناڵی راگەیاندیش هەیە وەك پارێزەری سامانەکەی, کەواتە دەبێت لە داهاتوودا زیاتر ملکەچی خواستەکانی ببن.
پارتی کۆماری پارتەکی ئاینی و یانەی گەورە دەوڵەمەندو ملیاردێرەکانە, بەهەی کەمکی دەوڵەمەندەکانەوە لە کامپینی هەڵبژاردنی ترەمپ حکومەتی ترامپ دەوڵەمەندترین کابینەیە لە مێژوودا, ترامپ رایگەیاند بە پێستە ئابووریەکان کەسی دەوڵەمەندم دەوێت.

تەنانەت دادگای باڵای ئەمریکاش کاندیدەکانی لە لایەن کۆمەڵی فیدراڵییەوە هەڵدەسەنگێنرێن , ئەویش لە ژێر چاودێری کەمپانیاکاندایە, ئەمی کونی باریتی زوو دانا , چونکە پەیوەندی بە هەڵبژاردن و ژینگەو بیمەی تەندروستییەوە هەیە, ئەوانیش سەرکیان هەیەو هەزار سەودا, وەك هەزار سەر, هەر یەکەی بەرژەوەندیەکیان بە جۆرێك لە کارتلەکانەوە بەستراوەتەوە, ئەو لوغمیان بە رێگا گرتن لە گەڵانکاری چاند.
دیموکراتەکانیش لە روی پشتیوانی ملیاردێرەکانەوە باخڵ گەرمن, بە وتەی بەرنەر ساندرز بایدن 44 ملیاردێر و بوتینجادج 39 ملیاردێر پشتیوانیان لێیان دەکرد , لە هەڵمەتی بەرایی هەڵبژاردن لەناو دیموکراتەکان, هاوکات 30 کاندیدی دەزگای هەواگری و 15 ملیۆنێر لە لیستی دیموکراتەکان هەیە بە کۆنگرەس و ئەنجومەنی پیران.
بەو هەیانەوە کۆمەڵکی دیش کە لەرە ئاماژیان پێ دەدەین, 44%ی هاووڵاتیان پێیان وایە گەندەڵی لە کەشی سپیدایە, 8% زیاتر لە ئەنجومەنی پیران, واتا 36%ی هاوڵاتیان پێیان وایە ئەنجومەنی پیران گەندەڵو بەیارەکانی لە خزمەت دە ستریتە, ئەمو بە پێی راپرسی دەزگای بەوی ئەمریکی کە ساڵی 2015 ئەنجامدراوە 80%ی هاووڵاتیان متمانەیان بە حکومەتی فیدراڵی نییە, هەر ئەمشە وا دەکات دەسەاتە سیاسیەکان لە 20 وڵاتە بەهەزکەی جیهان بەرەو ناسەقامگیری بچێت.

تێچووی هەبژاردنەکانی ئەمریکا

جۆن کێنەدی تەنها 72 هەزار دۆلاری لە بانگەشەی هەبژاردنی سەرۆکایەتی خۆی لە ساڵی 1960 خەرج کرد, کە بە نرخی ئێستا 575 هەزار دۆلاری دەکرد,کەچی رکابەرەکەی هەبرت هامفری هاواری لە هەستاو وتی "ئەمە زەرترین خەرجییە لە مێژووی هەبژاردنەکانی ئەمریکا", بەڵام کێنەدی وەڵامی دایەوە کە هەمەتی هەبژاردنی ئەزینهاوەر لە ساڵی 1952دا بڕی 2,5 ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە, کە بە نرخی ئێستا دەیکردە 20 ملیۆن دۆلار.
تێچووی هەبژاردنەکان ئەمریکا لە ساڵی 2004 تەنها 700 ملیۆن دۆلار بووە, لە ساڵی 2008 بووە ملیارێك دۆلار , لە ساڵی 2012 گەیشتە 2 ملیار دۆلار , لە 2016 گەیشتە 6,6 ملیار دۆلار بووە , بەڵام بە ساڵی 2020 بەرز بەتەوە بە 14 ملیار دۆلار , 3 ملیار دۆلار زیاتر لە تێچووی هەبژاردنەکانی هیندستان, هەبژاردنی هیندستان لە دوای ئەمریکا دووەم تێچووی هەیە لە جیهاندا, بەهەی شەی کارتلەکان بە بەدەستهێنانی کورسی, تێچوی نزیك 5 ملیار دۆلار بوو, 3 جار زیاتر لە هەبژاردنی ساڵی 2009 ی هەمان وڵات, لە دوا هەبژاردنی ئەمریکا لە ساڵی 2016 , 7 ملیاردۆلاری تێچوو کە تیایدا ترەمپ بوو بە سەرۆك کۆمار.

تەنها کورسی سەرۆك کۆماری لە هەبژاردنی ساڵی 2016 ەدا, بڕی 2,4 ملیار دۆلاری تێچوو, هەبژاردنی کۆنگرێس و سێیەکی ئەنجومەنی پیرانیش 4,2 ملیار دۆلار تێچویان بووە لە هەبژاردنی 2016 دا, بەڵام لەم خولە نرخی بە 6,6 ملیار دۆلار بەرز بەتەوە, دووەکەی تریش بە زیاتر لە 7 ملیار دۆلار, رێگای کۆشکی سپی لە جیاتی فەرشی سوور بە دۆلار راخراوە, تا مانگی پێشوو بایدن 938 ملیۆن دۆلار و , ترامپیش 596 ملیۆن دۆلار کەمپەکی سپیان کۆکردبوەوە, رێشکانیش وەك لەناوەکەی دیارە سەرچاوەو بەکەی لە تاریکیدا ونە.
تا ئێستاش لە کەی هەبژاردنەکانی خولەکە, بە سەرۆك و جێگرەکانیان و 435 کورسی کۆنگرێس و 33ی ئەنجومەنی پیران دیموکراتەکان 5,5 ملیار دۆلار و کەمپاریەکانیش 3,8 ملیار دۆلاریان خەرج کردووە.
تا 10ی مانگی سێپتەمبەر کەی گشتی 5 ملیار دۆلار کەمپەك کەکراوەتەوە , لە ساڵی 2002 تەنها 2 ملیار بووە لە ساڵی 2014 بەرز بەتەوە بە 3,67 ملیار دۆلار .
ساڵ لە دوای ساڵ نرخی کورسیەی زەینەکان زیاد دەکات, دەبێت بە خولی داهاتوو, نرخی ئەم کورسیەی چەن بچێت بە ئاسمانا؟.

بەخشش و پارە تاریکەکان

وەك لەسەرەو ئاماژەمان پێدا, پەیوەندییەکی ئەرگانی لە نێوان کورسی سەرەك و ئالیگارشیەکاندا هەیە, تەواو کەری یەکترن, دەوڵەت لە بەرژەوەندی ئەوان بە نامیتەریش دور ناکەوێتەوە.
بەرامبەر بە بەخششکانیان, پێست, لێبوردن لە باج و گومرگ, گەمرگ خستنە سەر کاڵای رکابەرکانیان, یاساغکردنی هاوردە کردنی کاڵای رکابەر, وەرگرتنی کۆنتراکت لەناو خۆو دەرەوە … هتد, پاداشتیانە, ئەمە وایکردووە بوترێت دیموکراسی ئەمەریکی مزادخانەی نێ ستریتە.
بە کەمکردنەوەی ڕێی دەوڵەمەندەکان لە دیاریکردنی سەرەك, کە وەك بوکە شوشەی دەستی بەخششکانی وایە , سەرکی ئەمەریکا تیدەر ڕزفەد لە ساڵی 1907 داوای کرد بودجە بە هەبژاردنەکان لە لایەن حکومەتەوە دیاری بکرێت تا کۆتایی بەم پارە زەر کەکردنەوەیە بهێنریت, هاوکات ڕزفەت داوای کرد بەخششی کەمپانیاکان قەدەغە بکرێت"الانتخابات وترشید التمویل-تاریخ النشر: الپلاپاو 31 مارس 2015". ئەمەریکا نەك دوای 113 ساڵ ویستی ڕزفەدی جبەجێ نەکرد, بگرە دادگای باڵای ئەمەریکی لە ساڵی 2010 بەیاری هاووڵاتیان یەکگرتووین یدا, کە لانی زەری بەخششی هەگرت و بەسنوری کرد لە بەردەم ملیاردەرەکان بە ئەوەی ئازادانە دەستبخەنە ناو هەبژاردنەکان, ئەمەش لە خزمەت دوبراکەی کەکش بوو" david-h-koch, charles-d-koch",کە 400 ملیۆن دۆلاریان بەخشش دا بە ئەوەی ئباما دەرنچێتەوە لە ساڵی 2012, برایانی کەکش بەیاریان داوە بە هەبژاردنی داهاتوو 1 ملیار دۆلار خەرج بکەن .
هەرچەندە یەکەك لە خواستەکانی باڵی پێشکەوتنخوازو لیبڕاڵی ناو دیموکراتەکان شەرشی سیاسییە لە وڵات, یەکەك لە خاڵە زەق لە پێشینەکانی ئەم شەشە هەبژاردن و پارەی هەبژاردنەکان و سەرچاوەی داهاتی پرسەی بانگەشەی هەبژاردنە, وڵە پێی ناچێت لەبەرامبەر کارتەلەکانی پارە سەرکەوتوو بن, لە کاتێکدا خودی دیموکراتەکانیش سودمەندێکی پرسەکەن.
کە هەبژاردن دەتە پێشەوە ,کەمپانیاکانی ڕاگەیاندن و ریکلام جەژنیانە , کەناڵە ناخەیەکان زەرترین پارە دەبەنەوە, نزیك 47% پارەی بانگەشەی هەبژاردنیان بەردەکەوێت , 16,5%یش بە ریکلامی هەمان ئەو کەناڵانەیە, 21%یش بە تەڵی کەمەڵایەتی, 12%بە کەناڵی سەرانسەری کابەکان , 5%یش بە رادیەکان دەوات, ئەم پارانە 40%یان خەکانی نەناسراو و بە تارمایی دەیدەن, سەرچاوەیان دیار نییە.
یاسای ئەمەریکی یاساغی کردووە کاندیدانی پلە گشتیەکان کەمەك لە لایەن و کەسی بیانی وەربگرن, بگانەکە تەنانەت دانیشتووی ئەمەریکاش بێت و مافی مانەویان هەبێت, ئەوانەی ناسنامەی

ئەمریکایان نییە ناتوانن بەخشش بکەن بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرتاسەری و هەرەمی, 9 دادوەری باڵای وڵات مافی بەخششی بۆ دو کرێکاری بێگانە کەمافی مانەوەی کاتیان هەبوو ڕەتکردەوە.

کەچی بە پێی OpenSecrets.org لە ساڵی 2016 دا 178 ملیۆن دۆلار پارەی بیانی هاتۆتە ناو هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە , وەك ئاوەژوی زانراو بێت , کەچی ئەمریکا ئەم یاسایەی دەرکردووە, خەڵکی یەکەم وڵاتە کەمکی نەکەرانی دەکات لە جیهاندا, ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت و ڕوسیای ئێستا گلاونەتە 117 هەڵبژاردنی وڵاتانەوە, 69%ی ئەمریکا ئەنجامی داون, هەڵبژاردنی ئیتاڵیا لە ساڵی 1948, یەکەم چالاکی سیای ئەمریکا بوو لەو بوارەدا, ملیۆنان دۆلاری خەرجکرد بۆ ئاوەژوی شیوعیەکان نەگۆڕ دەسەڵات کە حیزبی یەکەمی وڵات بوون, لە ساڵی 2005 جەرج بۆش لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عەراق و دواتریش ئەباما لە هەڵبژاردنەکانی دواتری عەراق ویستیان هەبوو, دەست لە هەڵبژاردنەکان وەردەن, گوایە دواتر ئەنجامیان نەداوە, دوارۆژ دەردەکەوێت.
هەرچەندە لە 22 ولایەتی ئەمریکا یاساغ کراوە کەمپانیاکان بەشداری لە بەخششی هەڵبژاردنەکان بکەن, وە لە 39ولایەتی ئەمریکا ئاستەك دیاریکراوە بۆ پیتاکی تاك, بەڵام قازانجی پشکیان بۆ دەچێت لە لایەن کەمپانیاکانەوە بۆ ئاوەژوی خاوەن پشکیش بن, سنوریشی دیارینەکراوە, وەك فەڵسەفەی" أپریاو المشهد السیاسی الامیرکی- تشیسون لی ودانییل وینر", ئەمە وەڵای ئاوەژوی کاتەك خاوەند کەمپانیاکان دەنێ ناو هەڵمەتەکەوە, لەبەر ئاوەژوی لانی زۆری خەرجی دیارینەکراوە, بە کەیفی خۆیان ترەمپای پارەکانیان دەڕژێ ناو هەڵمەتەکەوە, لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ناوخۆیی دیموکراتەکان مایکل بلەمبەرگ لەماوەی سێ مانگدا ملیارەك و تەم ستەر 270 ملیۆن دۆلاریان خەرج کرد, هەرچەندیش زوو دەڵان لە کاندیکردنیان بە پەستی سەرەك کەماری لەسەر پارتی دیموکرات.
لە 5 ساڵی رابردوو لیژنەی سۆپەر باکس 5 ملیار دۆلاری کەکردەتەوە, بەشکی سەرچاوەکەی دیار نییە, پارەی تاریکییە " أپریاو المشهد السیاسی الامیرکی- تشیسون لی ودانییل وینر" ,
بەشەك لەو پارانە لە بانگەشەی هەڵبژاردن بکار دەهێنرێن, پارەی نهێنی و پارەی ڕەشن , تەنانەت داوای سەرچاوەی پارەی بەخششکان لە ڕەکخراوەکانی کەمەگای مەدەنی ناکرێت , سەیر کەن تەنها ڕەکخراوی " Center for Responsive Politics
" لە نێوان نۆڤەمبەری 2011 بۆ دیسەمبەری 2014 بۆی 323,936,500 دۆلاری ڕەشیان خستۆتە ناو هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە, کە سەرچاوەکەی بۆ

دایك و باوك بووە, تەنها لەم هەڵبژاردنە 215 ملیۆن دۆلاری ڕەش تا چەند مانگێك لەمەوپێش ئەوەی زانراوە خراوەتە ناو هەمەتی هەڵبژاردنەوە, پارەی ڕەشی بە دایك و باوك هەموو ئۆگرۆکانی لە بەردەمدایە, لە پارەی ڕەش , پارەی ڕە ستریت, پارەی بیانی .
نزیك تەنها دەرەوەی نوێنەری دوو پارتەکە, ئێستەش بگرە ئەم 537 کورسییە کە شەڕی لەسەرە, بگرە ژنانی ناو دوو پارتەکەش, ڕژێیان زۆر لێ خوارە, زۆر کەمتر لە وڵاتانی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین و تەنانەت عێراق و کوردستانیش , ژنانی ئەمریکا 19,3203% کۆنگرێس , 103 کەس وە ئەنجومەنی پیرانیش 23 %پێ دەهێنن, بەهەی ئەوەی کەشەی کەمەك و پیتاکیان هەیە, بەخششرەکان کەمتر پیتاکیان پێ دەدەن.
بم شێوەیە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەمریکا, بە گیرفانی بەتاڵەوە لە دەرەوەی کەرو فیلەکە, وەك خۆ هەڵدانە لە کۆکی هەزار بە هەزارەوە بە قوڵایی.

ژنەکی منگنی شەرزاد حەسەن … دڵشاد کاوانی

“گرنگی ئەدەب لەوەدایە لە شێوەی شێواب واییە، تا کەنتر بە بایخدار تر دەبەت”

شەرزاد حەسەن چیڕۆکنووس و ڕۆمانووس یەکێکە لە نووسەرە زلهێز و پایە بەهێزەکانی ئەدەبیاتی کوردی کە لە نەوەکانی دوای حەفتاکان وەك ڕۆژێکی پڕشنگدار لە دونیای ئەدەبی کوردیدا دەرکەوت، هەموو نووسەر و خوێنەرانی سەردەمی خۆیی و دوای خۆی بە تەنیایی و گوێی هۆش و حەسار و سەگەکانی باوکم تووشی شۆك کرد.
گرنگی ئەدەب لەوەدایە لە شێوەی شێواب واییە، تا کەنتر بە بایخدار تر دەبەت، هەربۆیشە قسەکردن و خستنە بەر شنەبای نووسین لەسەر بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە نە لە سەردەمی خۆیی و نە لە دوای خۆیی وشکی نەکرد و خووڕەی ڕووباری وێژەیی بەوەتە وزەی گۆڕانی ئاشی سەدان نووسەر و ڕۆخنەگری ئەدەبی کوردی، وەڵە کەمن ئەوانەی بووەری ئەوەیان کردووە کە بە چاوی ڕۆخنەیی جددی لە دەقەکانی بەوانن ئەمەش ئەو کەماسییەیە کە لە ڕۆخنەدانی کوردیدا کەڵەنکی گەورەی

دروست کردوە. من خەم قەرزاری ئەدەبیاتی ئاو پیاوەم هەرگیزیش نەمشاردەتەوە کە لە دایکبوونی من سەرچاوەی دایکدانی ئەدەبی مەزنی شەرزاد حەسەن و نەوکانی تر ەوەیە، تەنانەت خۆشەاتی باشترینی ئەدەبی گەنجانیشم لەسەر دەستی ئاوەوە وەرگرتووە. بەڵام ئەمە نابێتە ئاوەی کە هەرگیز نەتوانم یان خەم بگرخێنم لەو پرسیار و بۆخنانە کە سەبارەت بە دەقەکانی یان هەردەقی نووسەرێکی تر لام گەاڵە دەبێت، خەم ببووەرم.
من لەرەوە دەماوەت لەسەر نەقڵەتی ژنکی منگنی شەرزاد حەسەن(١) بوەستم، هەروەک شەرزاد حەسەن خۆی دەڵێ: نووسین بۆ من گەمەیکی حەرام بوو،... مەردمنداڵبووم ئاوسا نهێنی خەم و هاوڕێکانم و شەی نەوان دایکەم و باوکمم دەنووسیەوە.(٢) بەمەش ئاوەی کە کۆی بەرهەمکانی شەرزاد حەسەنی خوێندبێتەوە دەزانی شەی باوک و کوە و بەدەسەاتی کوە لە هەمبەر باوکدا شەرزاد حەسەن باوکێکانی چۆن لە پانتایی وشە و دەقدا زیندەبچاڵ کردووە، بەمەش شکاندنی لووتی باوکسالاری لای شەرزاد حەسەن لە لووتکەیە، نایشارمەوە ولە شەرزاد حەسەن نووسەرانکی زۆری گەنجی لە نەو قووی زهنیەتی شکاندنی لەموزی باوک بە دەستی ڕێکەی چەقاندووە. ئاوەی لە ژنکی منگن دیبینرێت ڕێک پێچەوانەی ئاوانەی پێش خۆیەتی و کودەتایەکە کە شەرزاد بەسەر کۆی بەرهەمکانی پێشووتریدا کردوە، بواری ئاوەی نەهێشتەوە کە کەسکیتر ئەم کودەتایەی بەسەردا بکات، هەر خۆی گەمەی نووسینکانی هەگەاوتەوە و ئەمەش لەزانی و توانایی ئاومان نیشاندەدات، لەرە چۆن باوک و کوە دەست دەکەنە مل و بەدیار پێکی مەست بوون، دەبن بە یەک گیان و جەستە.
چۆن شوان و مامە یان پیرەی قەساب بەدیار پێکەکاوە دەکاتە هاوڕێ و لە ڕێگای مەست بوونەوە پیرەی قەساب بیرەوەرییەکانی تافی لاویەتی خۆی بە شوانی کوە و هاوڕێکانی لە ڕێگای پێکهێدانەوە چیڕۆکانی دەگێڕتەوە، نکۆی لەوە ناکرێت شەرزاد حەسەن لەم دەقەشیدا پێ لە داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبی مەزن، بەڵام ئەمەش ناگەینێت کە بە کەم و کوی و کەماسی بێت، تەنانەت دەتوانم بڵێم دوای ئەم هەموو دژایەتییەی بە باوک لەرە دەیڵێت خوێنەرانی لەگەل باوک ئاشت بکاتەوە، وەلە بە دیدگای من شەرزاد حەسەن لە هاوڕێیەتی نەوان کوە و باوک تەدەکەوێت یان زێتر لە وە دەڵێوات کە کەمێگاکە پێیدا تێپەڕبووە. ئاویش بەمە کە پیرەی قەساب بۆتە هاودەمی خواردنەوەی کوەکەیی و بە پەردە و بە گەڵانی ڕێی باوکایەتی، پیرەی قەساب باسی ڕەژانی بەسەرچووی خۆی سەبارەت بە مەبازی و تەکڕە بوونی بە ژنانی شار و دەستبازی و ڕابواردنی سێکسوالی باوک لەبەردم کوەدا گەڵانەوەی کارەکی نالەژیکی و نادروستە لەبەردەم کوەدا بەمەش هیچ

پرۆژەیەکی پەروەردەیی و خیزانی ناهێنراوە کە دەبووایە لە لای چیڕۆکخوان هەبووایە، تەنانەت تریقانەوەی کوڕ و هاوکانی لەبەردەم باوکدا کەم کردنەوەی شکۆی باوک و لاوازی کارکتەرە لە دەقدا، ئەمەش هەر بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە شەرزاد حەسەن نەیستووە یان نەیتوانی وەڵامێکی ژیر هەژموون و کاریگەری بیرکەکانی پێشووتری دەربچێ.
دواتر وەڵنا کردنی سەرجەم ژنانی شارەکە بەردەم هات و چوونیان بۆ قەسابییەکەی پیرە و کەم کردنەوەی بۆهاکردنی دەوشتییان لە لایەن شەرزاد حەسەنەوە لەسەر زاری پیرەی قەساب بەمەش هەموو ژنان دەخاتە ژێر گومانی دەوشتییەوە ئەمەش کارەکی کرێتی و نابەجێیە دەبووایە بیری نووسەر زۆرتر بۆی کردبووایە نەوەک تەنیا دروست کردنی سەردی گەلانەوە.
لە لایەکیتر کەشانی ددانی پیرەی قەساب بە دیدەنی دکتۆرە لەیلای کریستییان، کە لە لاپەڕە (٢٧) دا هاتووە دوای بینینی وەنەی تیشکی ددان و دکتۆرەکە لەسەر داوای خودی پیرە وەک نەخۆشەک، کەچی دکتۆرەکە لای وونە کە ددانەکەی ساخە بەڵام بە رازی کردنی نەخۆش و بە بە سەرکردن دەری دەکەشە. ئەمەش پێچەوانەی میساق و دەوشتی پزیشکییە، جگە لەهەڵەی پزیشکی و ئامانجی ماددیی باوەناکەم هیچ دکتۆرەک ئەمە بکات سەرباری ئەوەی کە دکتۆرەکە کەسەکی ویژدان زیندوو بێت وەک خەی باسی دەکات.
لە دەوی زمانەوە سەرباری ئەو هەموو کوردی زانییەی و لێهاتووەی نووسەر کە دەبووایە ئەم کەڵە نووسەرە و ئەوانیتریش بە نەوەی دوای خۆیان قوتابخانەی زمان بوونایە، نەوەک زمانەک لە دەوی سیماتیک و زمانی جگماکییەوە ئەوەی کە پێی دەڵین زمانی دایک شەرزاد حەسەن ئەوەندە زمانی تەک شکاندووە لە لا (١) دەڵێ "لە چەوانییەکەدا ڕەنگە دەرنەبڕم،..." ڕەنگە دەرنەبردن لەزمانی کوردییدا نییە و هیچ واتاییەک بە دەستەوە نادات، بەڵکو دەشێ بەڵێت پێی بە ڕەنگە نەبردن، ڕەنگە دەرنەکردن...تادوایی. جگەلەوەی دەمانەکەی پە کردووە لە وشەی عەرەبی ناپەویست کە دەنیام نووسەرانی دوای ئەو دووبارەیان کردەتەوە یان دیجوونەوە ئەمەش وەک وشەکانی لە لاپەڕە (١) مەڵ و بزنن و ئەو حەیوانەی... یان حەز و شەهوەت. واوەیلا و نا کامل لە لاپەڕە (٢) وشەی ئیستغفار، نسیب، خەڵقندە و لە لاپەڕە (٣) دوعا و عازەب، سوعبەت، لا (٤) سەراب. لە لە لا (٦) ختوانە لاپەڕە (٨) جەزبە، لاپەڕە (٩) تەماعی بەهەشت ، مەخلوق، حەدی نییە، زەعیف و جەننەت، موحیببەت، شەرەف، حەیا، حورمەت، عەیب و عار، تەماع، عالەم، عومر، عەفو، حیکمەت، ئینسان، ئومەت، تایفە، موعجزە، حیساب، کەیف، سەفا، شوکر، غەزەب، فرسەت، حەشر و نەشر، ئەهل و

سەهل، سولح، مەجلس، سەعات، غیرە، عاتفە، حەیف، جەماعەت، ئیشارەت، ئەشیعە، ئیزن، ئیفلیج، ئیقاع، تەشتریب، لە بەرامبەر هەر وشەیکی عەرەبی کە نووسەر زۆر لە ئەمە شارەزاترە لەوەی کە دەیان وشەی جوان و ناسکی کوردیمان هەیە و لەرە دەرفەتی نووسینیانم نییە، بە ئەوەی زۆر درەژەی پێنەدەین من تەنیا وشەیک بە سەرجەم ئەوانەیتریش بە نمونە دێنمەوە لە بەی تەشریب کورد دەڵێ تەکوشە، چەندە جوانتر دەبوو کە نووسەر بەکاری بردبووایە، تەنانەت شەرزاد حەسەن وەک ئەوانەتر لە لا (١٠) هەوەی نەداوە خەمەک لە وشەکانی دیکە بخوات وەک تەلەفزیۆن و سەتەلایت، یان عەیادە، دەکرا وەک داهێنەرەکی وشەی کوردی و هاوتا کردنەکی کوردی بە ئەمە کردبووایە، بەمەش خوێنەران و نووسەرە تازەکانی لە نەبوونی وشەی کوردی رزگار دەکرد، بەمەش جەخار بەچوونەکی شوکر مستەفای گۆرەی بیرهێنامەوە کە گوتی" زمانی کوردی دەمرێت، بەڵام لەدایک نابێت" ئەوەی ختووکەیەکی زۆر ناخۆشی پێدام وشەی مەکتەبلی، نازانم بیرهێنانەوەی و زیندووکردنەوەی ئەم وشەیە تەکشکاوی کە نیوەی عەرەبی و نیوە تورکییە بە خوێنەری کوردی چ چەژەکی دەبە و جگە لە ویران کردنی زمانی کوردی چ خزمەتێکی زمان دەکات.
لە لایەکیتر شەرزاد حەسەن لە لا (٣٢) لە ووی ئاینییەوە حەفتاو دوو حەری لە بەهەشتەوە لە ڕگای ژمارەوە دەخاتە بەر ڕەخنە کە دەڵێ " جارە من تەناگەم بە حەفتاو دووە بە حەفتا نەبووە" بەمەش پرسەی ڕەخنەکردنی دەقەکی ئایینی لاواز دەکات، هەرهیچ نەبووایە دەکرا بوونی حەفتا کە بخاتە بەر ڕەخنە کە ژمارەیەکی ئیجگار زۆرە نەوەک تەنیا دوو بە زۆر بزانە. لە گەڵ ئەوەشدا لەهەمان لاپەڕە دا لەڕگای گەڵەوەی سەرەکی و هاوەڵی شوان دەیورژێنە کە پیرەی قەساب "لە پەریزادەکانی بەهەشت بەزارە" لە بەرامبەردا ئاسوودەیە بە لەیلا و ژنانی هاموشەیی قەسبیان کردووە، لە کاتێکدا بەزار بوون بە ئەوە شتە دەتە کایەوە کە تاقی کرابێتەوە، واتە لە پراکتیکدا بە تەربوون و ئەزموون کردن بەکاردەت نەوەک پێنگەیشتن، بەیە لەرەش دەکرا بەڵێ بەزارە لە باس و سوویەنەوە و یان جووینەوەی پەریزادەکانی بەهەشت و حەفتاو دوو حەری، بەم جۆرە لاسەنگی بەزاریەکەی ڕەخنەکە دەخرایەوە.
ماوەتەوە بەم سەرباری جوانیی و داهێنرانەی نەقڵەتی ژنەکی منگنی شەرزاد حەسەن وەک بەرهەمی هەر نووسەرەکی دیکە خاڵی نییە لە کەموکوڕی و هەرچەندە پڕ لە وشەی کوردی ناوازە و بەڕام ئەم بەرهەمە نەیتوانیوە بچێتە خزمەتی زمانەوە.

پێناوەز

١- ئەم نۆڤێڵەتە لە ساڵی ١٩٧٨ وەک دەستنووس نووسراوەتەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ پەداچوونەوەی بۆ کراوە. لەگەڵ نۆڤێڵەتکی تر بۆناوی خۆنی جاجاڵکەکان بۆ دوو چاپی جیاواز و بڵاوکراوەتەوە.

٢- نووسینی سەر بەرگی کتێبکی سەرجەم بەرهەمکانی شەرزاد حەسەن چاپی ٢٠٠٥ دەزگای ئاراس.

٣- لە چاوپکەوتنکی تەلەفزیۆنی د. شوکر مستەفا. ئەرشیفی گووڵان تیڤی.

٤- هامشکان بۆپشی لاپەڕەکانی پیدیئۆڤی بڵاوکراوەی نووسەر ریزبەندییان بۆ کراوە.

سەرچاوە:

-ماڵپەڕی فەرمی شەرزاد حەسەن. www.sherzadhasan.com

کورد لە عەراقی دوای سەدام حسێن دا ـئێنالیز و نووسینی: ستیڤان شەمزینی

کورد لە عەراقی دوای سەدام حسێندا "2003" بەشێوەیکی گشتیی ئاجیندایکی ناوون و هەڵبژاردەی هەبوو، بەوەی بووە کەرەسەی سەرکی دروستکردنەوەی عەراقکی داووخاو و هەوڵشاوە، دەبوو کورد ئاسەی دوور نزیک بکاتەوە و کەڵکی لێو دەرفەتە وەربگرتبا لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان. لە سەرەتای پرسەی ئازادیی عەراقەوە گووتارکی یەکگرتووی کوردیی هاتە ئارا روو لە عەراق و پشت لە خۆنی سەربەخۆیی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی کوردستان گرۆیان لەسەر هاتنە ئارای عەراقکی فرەیی و دیموکراسیی و زامنکاری مافی هەموو پکهاتەکان دەکردەوە، ئەگەرچی ئەم ئارەزووە خۆنی شاعیرانە بوو، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کورد لێو قەناغێ پێ ئاوگەڵانکاریێ هەموو قورسایی کاری خێ خستە سەر بیناکردنەوەی عەراقکی داتێپیو کە دەرگیری شەڕکی تائیفی و ئەهلی

قورس ببووە، لەم نەوەندەدا پێکهاتەی سوونە تەسفیە و کنارگیرکران و سڵگۆشەی سوونەنشین بووە مەیدانی یەکلاکردنەوەی شەڕکی لە مەژینەی مەزهەبیی و پرسەی تەسەندنەوەیەکی کوڕانە و هەڤانە، بەو هەیەوە پارێزگاکانی سڵگۆشەی سوونە بوونە پارچەیەک ئاگر و پشکە کە تا هەنووکەش گەی ئەو ئاگرە خامۆش نەبووتەوە.
بە تەسفیەکردنی سوونە و بە هاوکاریی کەماری ئیسلامی ئێران، حکوومەتکی شیعیی لە عێراق دروستبوو، هیچ ڕێگەیەک بە کورد نەمایەوە، یان ڕادەستبوون بە ئاجیندای ئێران یان کشانەوە لە پرسەی سیاسیی لە عێراق، بەتام کورد لە کشانەوە و پەکخستنی پرسەی سیاسییدا زەر سست و لاواز بوو، هەنگاوەکانی زەر درەنگوەخت بوو، بەو پێیەی دەسەڵاتکی سەقامگیری شیعە مەزهەب لە بەغداد دروست ببوو، پڕرش و بڵاویی هێزە کوردستانییەکان و نەبوونی گووتارێکی یەکگرتوو بە مامەڵەکردن لەگەڵ قەناغەکە، هێندەی تر کەمکی بادەستی حکوومەتی بەغدای کرد بە تونددکردنەوەی هەوەستەکانی لە هەمبەر کورد و قارسی دەستکەوتەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا، لەو نەوەندەدا مالیکی سەرکۆزیرانی پشووی عێراق ویستی لە ڕێگەی سەرکردایەتی ئەپەراسیۆنی دیجلەوە پڵاماری سەربازیی کوردستان بدات، بەتام هەڕەقینی داعش ئەو ئەرکەی پەکخست، دواتر بڕینی بشە بودجەی کوردستان و گووشارە جەراوجەرکانی سەر کورد بەردەوام بوو، هاوزەمان ماڵی کورد دابشبوو بەسەر دوو ئاستەی سەرەکیدا کە ئەوەش هێندەی تر پەگە و سەنگی کوردیان لاواز کرد.
لە دوای ئەنجامدانی پرسەی ریفراندەم لە 25ی سەپتامبەری 2017 گووشارەکانی عێراق بەهاوکاریی ئێران، کەوتنە بواری پراکتیکییەوە، ئەوەش بە داگیرکردنی کەرکووک و دووز و شنگال و ناوچە دابڕاوەکان کتایی هات کە بە گوڕەی وتەی شارەزایانی جیۆگرافی ئەو شوێنانە نیوەی خاکی باشووری کوردستان پێکدەهێنن. لە ئێستادا ئاسۆ تاریکە و پرسەی سیاسیی بە تونێلکی تاریکدا گوزەر دەکات و کەس ناتوانێت پێشبینی ئایندە بکات، تەنیا ئەوەندە نەبێت کورد لە عێراقی دوای سەدام و لە ماوەی 17ساڵدا هەشتا لە شوێنی خەی مراوەحە دەکات. ئەوەی لەردا دەیخوێننەوە پێنج شیکاریی سیاسییە بە شرۆڤەکردنی پەگەی کورد لە عێراق و مەترسیی و هەڕەشەکانی ئایندە. کە تێکڕا لە ئانوساتی خەیان و دوانزە ساڵک بەر لە ئێستا بەاوکراونەتەوە.

چاپتەری یەکەم
کوردستان لە ژێر گوشاردایە
گرێبەستە نەوتییەکان .. وەرەقەیەکی تری فشاری سەر کورد

بە گوێرەی ماددەی 141 دەستووری هەمیشەیی عێراق مافدراوە بە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان سەربخۆ و بە گشتانوە بە را و بۆچوونی حکوومەتی فیدرالی عێراق گرێبەستی نەوتیی یان هەر سامانکی تری سروشتی واژۆ بکات لەگەڵ کۆمپانیا نەوخۆیی و دەرکییەکاندا، پێش ئەم بڕیارە دەستووریە و روخانی رژێمی عێراقیش لە میانەی پرسەی ئازادکردنی لە ساڵی 2003، حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارکی مەر کردووە لەگەڵ ژمارەیک کۆمپانیای بیانی بە مەبەستی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان، بەڵام لە ژێر رووناکی و ڕوانینی ئەو بڕگە دەستوورییەدا بە ئەندازەیکی بەرفراوان گرێبەستی نەوتیی لەگەڵ چەند کۆمپانیای لەکاڵی و دەرکی واژۆ کران بە دەرهێنانی نەوت.

بە گوێرەی لێدوانی (د.ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی کوردستان (زێر کۆمپانیا هەن پێرێشن کار لە کێڵگەکانی نەوتی کوردستاندا بکەن، ئەمەش زێر خشتەین بووی لەگەڵ ئەم کۆمپانیانە گەیشتووینەتە رێککەوتنێک). هەر بەپێی وتەی وەزیری سامانە سروشتییەکان 15% داهاتی ئەو سەرچاوە نەوتیانە بە کۆمپانیاکانە ئەوەی دەمێنێتەوە (85%) دگێڕێتەوە سەر داهاتی عێراق و ئەمەش داهاتکی باشە بە سەر داهاتی گشتیی عێراق.

(د.ئاشتی هەورامی) ئاشکرای دکات بڕگە لەو بیرە نەوتییانەی هەنووکە کاریان تێدا دکرێت و نەوتیان لێدەرهێنرێت، زیاتر لە 24 کێڵگەی تر هەن لە ژێری چاودێریی حکوومەتدان. بەشەویکی گشتیی بیست کۆمپانیای نەوتی بیانیی هەر یەک لە وڵاتکانی (روسیا – کۆریای باشوور – نەمسا – بەریتانیا – هیندستان – نەرویژ – تورکیا – سویسرا – کەنەدا – فەڕەنسا – وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) کۆنتراکتیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم واژۆ کردووە و سەرقاڵی دەرهێنانی نەوتن لە چەند ناوچەیکی جیاجیای کوردستان، بەگومان چەند کۆمپانیایکی تریش ئامادەیان دەربڕیوە کۆنتاک لەگەڵ حکوومەتی هەرێم ببەستن لەو بوارەدا.

لە واقیعدا وا پێویست بوو پەرلەمانی کوردستان لایەنی یەکەمی بیاردەر بوایە لە پرسەی دەرهێنانی نەوتی کوردستان، کەچی بە پێچەوانەوە بەشک لەپەرلەمانتاران بێئاگایی خۆیان نیشان دەدەن لە چۆنێتی گرێدانی کۆنتراکت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. (شیروان حەیدەری) سەرکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان رایدگەیەنێت: لە بەستنی گرێبەندکاندا حکوومەتی هەرێمی کوردستان نگەڵاوتەوە بە رای پەرلەمان و بێئاگایی خۆی نیشان دا لە وردەکاریی و چۆنێتی گرێدانی

ئەو بڕیارانەی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان. لە هەمان کاتدا ئەندامانی لیژنەی پیشەسازیی و وزە و کانزاکان لە پەرلەمانی کوردستان تەئکید دەکەنەوە ئاگاداری ئەو گرێبەستانە نین حکوومەتی هەرێمی ئیمزای کردوون لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت.
لەم بارەوە (بەرزان عەبدولا) ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی و وزە و کانزاکان ئەو دەنگۆیە پشت راستدەکاتەوە کە لیژنەکەیان ئاگای لەو کۆنتراکتانە نییە حکوومەتی هەرێم مۆری کردوون لە بواری نەوتدا، لەوەختێکدا دەبوو ئەم لیژنەیە و خودی پەرلەمان بەم کارە هەستنایە. جیا لەوەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرباری گووشارەکانی دەوڵەت لە بەغدادەوە، هێنووکە بەردەوام لەسەر مۆرکردنی گرێبەستەکانی لە بواری نەوتدا چوونکە وەک پسپۆران باسی دەکەن سەدان کۆمپانیای نەوتی لە کوردستاندا هەن کە تا ئێستا کاریان تەدا نەکراوە و خراونەتە کارنامەوە بە ئەوەی لە ئایندەدا کاری گەڕان و بەرهەمهێنانی تێدا بە ئەنجام بگەیەنرێت.

بە پێی راپۆرتی (ئەژین عەبدولخالق) کە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بڵاوبووەتەوە: پسپۆرێکی ئەڵمانی کە لە بواری نەوتدا ئێستا لە کۆمپانیاکانی نەوتی تەقتەق کاردەکات لە بارەی ئایندەی گۆشی هەرێمی کوردستان لە بواری دەرهێنانی نەوتدا دەڵێت (لە هەر کۆیەک بیر لەدەدەین، نەوت دێتە دەر). هەر بەگوێرەی هەمان راپۆرت: بەپێی ئەو ڕوپێوە جیۆلۆجییەی کۆمپانیای (DNO) نەرویژیی لە ناوچەی زاخە کردوویەتی، پێدەچێت کۆمپانیاکە تاوکی بە تەنیا نزیکەی (100) ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگی خاوی تێدابێت، بەیەکەوە کۆمپانیاکە پلانی هەیە بە ئەوەی لە هاوینی ئەمساڵدا (2008) ڕەشەی بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنێتە (50 000) پێنجا هەزار بەرمیلی نەوتی خاو لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا بەرزترین ڕادەی لە ساڵی ڕابردوودا لە 25 000 بەرمیل تێنەپەڕیوە لە ڕۆژێکدا.
دیارە ئەم بەرزبوونەوە و هەڵکشانە لەڕۆژی دەرهێنانی نەوتی خاو لە کۆمپانیاکانی کوردستان کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لەسەر ئابووری کوردستان، بەگومان هەر لەبەر ئەم فاکتەرەشە وەهای کردووە لە ناوخەی عێراق و جیهانی عەرەبی و تورکیا دەنگێکی ناڕەزایەتی زەر بەرز بێتەوە بە دژی دەرهێنانی نەوت لەلایەن کوردەکانەوە، چوونکە ڕوون و ئاشکرایە کوردستان دەتوانێت لە ڕێی ئابووری نەوتەوە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و پێش مەرجێکیشە بە هەنگاونان بەنیەتی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، چون دامەزراندنی دەوڵەت بەبێ ئابووری و بازرگانییەکی بەهێز لە خەکوژیی بەولاوە هیچ مانایەکی تر هەڵناگرێت، بۆیەکا ئەم پرسە زەرترین کاردانەوەی لە دژ هەبووە هەر

لە ناوخەی عیراقەوە تا دەگات بە تورکیا و ئیران و هەندە دەوڵەتی ناوچەیی و جیهانیی.

ئاستەنگەکانی بەردەم دەرهێنانی نەوتی کوردستان

ڕۆژی 26112007 (حسێن شەهرستانی) وەزیری نەوتی عیراق بە فەرمی ڕایگەیاند مەرکردنی هەموو گرێبەستە نەوتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یاسایی نین و بە ئاگاداریی حکوومەتی ناوەندی واژە کراون، بەیەکا حکوومەتەکەی کار دەکات بە هەوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو گرێبەستانەی کوردەکان لەگەڵ کەمپانیا بیانییەکاندا واژیان کردووە لەبواری دەرهێنانی نەوتدا. ئەم هەوەستەی شەهرستانی لە دوای کەسپ خستنە بەردەم ماددەی 140 دووەمین هەوڵی ئاشکرای لایەنی عەرەبییە بۆ تێگرێ خستنە بەردەم هەندە بگەی دەستوورییە کە بەرژەوەندیی گەلی کورد مسۆگەر دەکات. ئەمەش ناڕازایەتییەکی گەورەی لە ئاستی سیاسیی کوردستاندا لێکەوتەوە.

(نێچیرڤان بارزانی) بە تووندیی وەڵامی لێدوانەکانی شەهرستانی دایەوە، بە دوایدا سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان وەڵای ڕەخنەگرتن لەو هەوەستەی وەزیری نەوتی عێراق، وتی (شەهرستانی دەستەڵاتی ئەوەی نییە گرێبەستەکانی ئەم هەوەشێنێتەوە). کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم لە دژی لێدوانەکانی شەهرستانی ڕایدەگەیەنن ئەوان بە پشت بەستن بە ناوەڕۆکی دەستووری عێراق گرێبەستە نەوتییەکانیان مەر کردووە. ئەمەش لە بەچوونی (جەمال عەبدوڵا) وتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمدا جێختی لێکراوەتەوە کە دەڵێت (ئەو کێشەیە شەهرستانی دروستیکردووە، ئەم بە پێی یاسای نەوت و غازی کوردستان ئەو گرێبەستانمان واژە کردووە، ئەو یاسایەش کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە بەیاری بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەسەر دەرچووە، شەهرستانی وا دەزانێت ئەو گرێبەستانە یاسایی نین، ئەو با لە دادگای باڵای فیدراڵی شکات بکات، ئەوسا چاوەڕێی بەیاری دادگا دەکەین، تا ئێستا شکاتی نەکردووە، چوونکە دڵنیا نییە لەوەی کە ئەو داوایە دەباتەوە).

بە پێچەوانەوە حکوومەتی هەرێم نەک ئەوەی بەوێستی شەهرستانی گرێبەندە نەوتییەکانی نەوەستاندووە بەڵکو هەر بەردەوامە لەسەر کەنتاکی نوێ لەگەڵ کەمپانیا نەوتییەکان بۆئەوەی دەست بکەن بەدەرهێنانی نەوت لە کێڵگەکاندا. هەروەک (جەمال عەبدوڵا) ئاشکرای دەکات دوای ئەم ئاڕاستەیانەش حکوومەتی هەرێم بە مەبەستی دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی نوێ لە ناحیەی تەقتەقی سەر بە قەزای

کێ گرێبەستەکی هاوبەشی لەگەڵ هەردوو کەمپانیای (ئینێک ئینەرجی تورکی و ئاراکسی کەنەدی) واژۆ کردووە!!. بەشوێیەکی گشتیی بە درێژایی ئەم مانگ و نیوە جیا لە مشتومڕکانی سەرکردەکانی کورد و عێراق لەمڕ ماددەی 140 و هەزی پێشمەرگە و بودجەی هەرێم بەردەوامیش لە گفتوگۆیەکی گەرم و پڕ لەئانۆزیی لەبارەی گرێبەستە نەوتییەکان تا بتوانرێت لە میانەی کۆبوونەوە دوو قۆناغیەکاندا ئەو قەیرانە چارەسەر بکرێت، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لایەنی عەرەبی مکوڕ لەسەر هەڵوێستەکانی و دەیەوێت جوگرافیای دەستکەوتەکانی کورد بەرتەسک بکاتەوە بەتایبەتی کورد لەماوەی ئەم چوارساڵە و نیوەی سەرقاڵیی ئەوان بە جەنگی تیرۆر و ململانێی تائیفی و مەزهەبییەوە توانیبووی زۆر مەرج بەسەر لایەنی عەرەبیدا بسەپێنێت، بەتایبەتی ئەستا دەیانەوێت قەرەبووی ئەو قۆناغە بکەنەوە بە پاشکۆپێکردن بە مافەکانی گەلی کورد، ئەم گووشار و پلانە بەردەوامانەی دستەڵاتدارانی عێراق (نێچیرڤان بارزانی) گەیاندە ئەو ڕادەیە لە بێزارییەی، زۆر بەراشکاویی و سەرسوڕمانەوە بە ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف)ی بەریتانیی بڵێت: (ئایا ئەمە هاوبەشین لە حکوومەت یان نا؟ چوونکە هەست ناکەم وا بین).
هەندێک لە چاودێران و سیاسەتمەدارانی کورد لە دەرەوەی بازنەی دەستەڵات هەکاری ئەم تەنگژە و قەیرانە دەگەڕێننەوە بۆ کەمتەرخەمیی سەرکردایەتی کورد کە کاتی خۆی ئەم مەسەلانەی چارەسەر نەکردووە. محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان، وەک ئەوەی ڕایدەگەیەنێت (هیچ عەرەبێک بە عەمەلی دەستی کورد نییە). ڕەخنە لە مامەڵەی کورد دەگرێت کاتی خۆی کۆشکەیان نەبەخشیوەتەوە، دەڵێت (دەرهێنانی نەوت مافی خۆمانە، بەڵام نەوتێک دەردەکەین 17% بە ئەمەیە، ئەو نەوتەی لە کوردستان و بەسرە دەڵوات کورد هەر لە 17%ی هەیە، دەبوو کاتی خۆی ئەمەمان جێبەجێ بکردایە، دەبوو ئەوە بکرایە ئەو ناوچانەی نەوتەکەی لە دەردەکرێت دەبێت 5% بە ئەو ناوچەیە سەرف بکرێت وەکو لە هەموو جیهاندا وایە).

زۆر بە کورتی عەرەبەکان ئەم کارتیان وەک فشارکی تر لە دژی کورد ڕاکێشاوە و بە پێی هەندێک هەواڵیش کاریگەریی زۆریان داناوە لەسەر ئاستی دەرەوە. بە نموونە لەڕۆژی 1012008 (عاسم جیهاد)ی وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە ئاژانسی (دەنگەکانی عێراق)ی ڕاگەیاند: وەزارەتەکەیان مامەڵەی لەگەڵ هیچ کام لەو کەمپانیایانە ناکات گرێبەستیان بە دەرهێنانی نەوت لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە. لەلایەکی ترەوە وا باس دەکرێت کۆڕیای باشوور بەهەی

هۆی دیپلۆماسیی و ترسی بچۆانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا گرێبەندی تری نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ ناکات. یان بەپێی هەواڵی هەندێک سەرچاوەی ئاگادار (عومەر فەتاح) جێگری سەرۆک وەزیرانی کوردستان و (ئاشتی هەورامی) وەزیری نەوت لەو سەردانەی بۆ ئەمریکا کردبوویان بۆ ئوموددبوون لە هەوەستی ئەمریکاییەکان چوونکە بۆچوونێکی وەک بۆچوونی (شەهرستانی)یان هەبووە لە بارەی دەرکردن و سوود وەرگرتنی کورد لە نەوتی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی هەرێم.

بەجگە لەمانە بە پێی هەواڵی رۆژنامەی (میریار) جێن نیگرەپەنتی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەرپرسانی کوردی راگەیاندووە بۆ واژۆکردنی هەر گرێبەستێکی نەوتی وا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ڕەزامەندیی و ڕای وەزارەتی نەوتی عێراقی. ئەم ڕایە جارێکی تر لایەن خودی (جۆرج بوش)ی سەرۆکی ئەمریکاوە داکۆکی لێکراوە و تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، چوونکە بە گوترەی هەواڵی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست): جۆرج بوش بۆ سەرجەم کەمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتی ئەمریکیی ڕاگەیاندووە هیچ بەندێکی نەوتیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ نەکەن، بەبێ ئاوەی ڕەزامەندییان لە وەزارەتی نەوتی عێراقەوە وەرگرتبێت. بە شێوەیەکی گشتیی بۆ بڕینی ئەم ماوەیە گووشار لەسەر لایەنی کوردیی بوو بۆ ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە نەوتییەکان، هەرچەند لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو وەفدی کوردیی بۆ سەرکایەتی (نێچیرڤان بارزانی) بۆ چارەسەری ئەم کێشانە چوونە بەغداد، بەڵام کێشەکان بۆ هەواسراویی و وەکو خۆیان ماونەتەوە، بەڵام هێشتا دەرفەت ماوە بۆ گفتوگۆی زۆرتر لەو بارەوە کە لە ڕۆژانی داهاتوودا پێدەچێت لێک نزیکبوونەوەی باشتر بەتە ئاراوە.

دایلۆگ و نزیکبوونەوە

حسێن شەهرستانی لە ڕۆژی 812008 بۆ کەناڵەکانی میدیای ڕاگەیاند: لە ماوەیەکی نزیکدا بۆ خۆی دێتە کوردستان و سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکات تا بۆ دایلۆگ چارەسەری ئەو کێشەیە بکات کە لەسەر پرسی دەرهێنانی نەوت لەنێوان هەردوو لایەنی عێراقی و کوردیدا سەریهەڵداوە، لە هەمان وەختدا ڕەخنەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرت کە لەدوانەکانی ئەویان وەک خۆی نەگەیاندووە و مەسەلەکەیان زیاد لەپێویست فوو تێکردووە و گەورە کردووە، لایەکی تریشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی نەوتی عێراق کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)ی ڕاگەیاندووە: دانوستان بەردەوام بێ نهێنی هەیە لە نێوان حکوومەتی بەغداد و حکوومەتی هەرێمدا لەسەر ئاستی سەرۆک وەزیران بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی

گرێبەستە نەوتییەکان.

لە واقیعدا هەست بەوە دەکرێت هەندێک لەک نزیکبوونەوە هەیە لەسەر مستەوای باڵای هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆزە، بەڵام ئەوی بۆ نهێنی و شاراوەیی مابەتەوە ئەوەیە نازاندرێت ئاسەی چارەسەر رووەیان نا؟ یان ئایا کام لا مل دەدات بۆ خواستی لاکەی تر؟ ئەوەی لە سەرەتاوە ئاشکرایە لایەنی کوردیی نەرمی نانوێنێ چوونکە پشت ئەستوورە بۆ بڕگەیەکی دەستووریی کە بۆپەیی ئەو بڕگەیە دەستەاتەکەی ڕێگە پێدراوە بۆ دەرهێنانی نەوتی ناوچەکانی خۆی. وا بۆیارێشە بۆ نزیک خستنەوەی بۆچوونەکان و دایاڵۆگ و گرتنبەری ڕەوشوێنی پێویست بۆ چارەسەری قەیرانەکە بۆ گەورەی لێدوانی وتەبێژی فەرمی حکوومەتی هەرێم شاندێکی باڵای کوردستان بۆ سەرکایەتی نێچیرڤان بارزانی لێم مانگەدا دیسان سەردانی بۆغداد بکەن و لە نزیکەوە چاویان بکەوێت بۆ سەرۆک وەزیران و وەزیری نەوتی عێراق و هەندە کاربەدەستی تری باڵای کابینەکەی (نوری مالیکی).

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجووومەنی نوێنەرانی عێراق ڕوونکردنەوەی زیاتر دەداتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەڵێت (هەردوولا بۆیاریانداوە وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم لیژنەیەک دروست بکەن و بریتی بێت لە خبیر و لێزانەکان و ئەوانەی پێیوەندییان بۆ مەسەلەی نەوتەوە هەیە و سەیری هەموو ئەو گرێبەستانە بکەن و دیاریییان بکەن و کەموکوڕیی و بۆچوونەکانیانی لەسەر بنووسن، بۆ ئەوەی بۆ ئەو لیژنەیە ڕاپۆرتێک بنووسێت و پێشکەش بەسەرۆک وەزیرانی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و کەماری عێراقی بکات). بۆ شەوێکی گشتیی هەردوولا ئامادەییان دەربڕیوە بۆ گفتوگۆ و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەو قەیران و تەنگژەیە بۆ ڕێگەی دایاڵۆگ و لێکتگەیشتن، هەروەک وتمان هەشتا دیارنییە ناوەڕۆکی دانیشتنەکان چی لێخ دەگرن، هەروەک ئاشکرا نییە ئایا دەتوانن بۆ گفتوگۆ بگەنە ئەنجامێکی وەها هەردوولا پێی ڕازی بن یان نا؟.

ئەنجامگیریی

لێدوانەکانی سەرەتای حسێن شەهرستانی و هەوەدان بۆ گووشار خستنە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی ڕاگرتنی گرێبەندە نەوتییەکان، بارەمەترکە نیشانیدا حکوومەتی عێراقی بەردەوامە لە قووتکردنەوەی لەمپەر لە بەردەم کوردەکانی باشووردا، ئەگەر دوێنە هەموو ئاستەنگەکان لەبەردەم ماددەی 140 بووبن، ئەمڕۆ دوای تەواوبوونی وادەی یاسایی و دەستووریی ماددەی 140، لە ڕێگەی کێشە

دروستکردن بۆ ژمارەی هەزی پێشمەرگەی کوردستان و دواخستنی بودجەی دیاریکراوی هەرێمی کوردستان و بۆ نایاسایی لە قەرەبووکردنەوەی نەوتییەکان دەستکەوت و پێشکەوتنەکانی کورد لەعێراقدا بچووک دەکەنەوە و ناچاری دەکەن بۆ کەمتر سازش بکات. ئومێدەکی کەم ماوە بەم زنجیرە گفتوگۆیەی وا بۆیارە لەم مانگەدا ئەنجام بدرێن، ئەگەرنا کورد هیچ رێگەیەکی تری نییە بجگە لە پەنابردن بۆ شکاتکردن لە دادگای فیدراڵیی، خۆ ئەگەر ئەو شکاتکردنەش ئاکامەکی ئەوتۆی نەبوو لە بەرژەوەندیی کورد، ڕەنگبۆ هیچ کارتەکی تر نەبێت کورد رایبکێشێت، مەگەر بەیاری کشانەوە لە حکوومەتەکەی دکتەر مالیکی بدات کە وا پێویست بوو لە دەمکەوە ئەم بەیارەی بدایە.

چاپتەری دووەم
کورد لەنێوان درێژەدان بە بەشداریی و کشانەوە لە حکوومەتی نوری مالیکی

لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ (2008) مانگی هەنگوینی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و لایەنەکانی عەرەبیی نەو گەڕانی رامیاریی ئەو وڵاتە بەرەو کۆتایی هاتن پڕلی هاویشت، بەواتایەکی تر لەنیوەی دووەمی ساڵی رابردوو بەو لاوە، ناکۆکی قووڵ و قەیرانی گەورە لە نێوان کورد وەک بەشکی بەهێز لە حکوومەت لایەک و حکوومەتی نوری مالیکی لاکەی تر سەریهەڵدا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەری چارەسەربوون گەورەتر دەبن!!. هەنووکە جگە لەوەی نوری مالیکی هاوڕێی پەڕاوێزخستنی ویستەکانی کورد دەدات، دەنگی ئەوەش بەاوە سەرەک وەزیرانی عێراق ئەو یادداشتنامەیەی پەڕاوێز خستووە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ چاکسازییکردن لە کابینەی دکتەر نوری مالیکی ڕادەستی دەوڵەتی کردووە. جیا لەمەش نوری مالیکی لەماوەی رابردوو لە شاری لەندەن بۆ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ڕاگەیاند (عێراق وڵاتەکی عەرەبییە و نابێت لە دەوروبەری عەرەبییەکەی دابڕێت). ئەم لێدوانە ڕاستەوخۆ دژی کورد و ئەجیندای سەرکردایەتییەکەیەتی لەم بەشەی کوردستان و لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکە لەسەر سیستمی فیدراڵیزم لە عێراقدا، چوونکە لە وڵاتەکی ناسنامە عەرەبیدا هەموو بانگەشەیەک بۆ یەکسانی و مافی ئەوانیتری ناعەرەب جگە لە درۆ چیتر نییە.
بە بۆای (ئەندرۆ هوریە) فیدراڵیزم لە هاوبەشتی چەند دەوڵەتێک پێکدێت و پێوەندییەکی یاسایی نەوخۆیی پێکیانەوە دەبەستێتەوە. بۆیە لە کاتێکدا بەیار بێت لە وڵاتێکدا بژیت ناو و ناسنامەی عەرەبی و سیاسەتی نەوخۆیی و دەرەکیی بۆ دەستی عەرەبەوە بێت هەر

بانگەوازێک بۆ هاوبەشێتی لە وەهم بەولاوە هیچی تر نییە، تەنانەت بۆ سەرنجدان لەم ماوەیەی تەدەپڕەت دەبینین وەک جاران لایەن سەرکردایەتی کوردەوە باسی فیدراڵیزم و یەکێتی ئارزووماندانە ناکرێت لە عێراقدا، چوونکە کورد دیسان لەسەر هەمان پۆزیشن برا بچووکی ژێر فەرمانی برا گەورەی عەرەب لە عێراقدا هاوبەش و بەشدار کراوە لە حکوومەت و ئۆرگانەکانی تردا. (ئەو مسۆدەیەی "د.مەفەق ئەلروبەیعی" لە ژێر ناوی پڕۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق لە دووتوێی 57 لاپەڕەدا بەیانکردووەتەوە زۆرتر لە پڕۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبیی دەچێت، بەو پێیەی بەهیچ کلۆجێک ئاماژە بە چەمکی فیدراڵیزمی نەکراوە و کورد و کوردستانی تەدا پڕاوێز خراوە، بەگەڵ و پاڵپشتێکی تری بۆ راستیی ئەم روانگەیەی ئەمە). بەدەر لە پڕچانەوە و داخستنی فایلی فیدراڵیزم، لایەنی کوردیی هێندە لاواز بووە عەرەبە عێراقییەکان گەمە بە ویستەکانی دەکەن، هەر لەبەر ئەمشە حکوومەتی عێراقی لە چەندین ئاستی جیاوازدا دەتوانێت بە ئاسانیی کێشە بە کورد و هەرەمی کوردستان دروست بکات. بەشێوەیەکی گشتیی گرنگترین ئەو لایەنانەی مایەی ناکۆکی سەرەکی لایەنی کوردیی و حکوومەتی عێراقە خێی لەم چوار کێشە زۆر گرنگەدا دەبینەتەوە کە بریتین لە:

یەکەم: کێسپ دروستکردن لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراق. وێڕای جێبەجێ نەبوونی ئەم ماددەیە لە وادەی دەستنیشانکراویدا، لە سەرەکی تریش چوونی ئەو دەزگە بە نێو مەنگەنە و سیاسەت و بەرنامەی پڕ رێتین و بیرۆکراتییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنە بە شێش مانگی دیکە، دەربڕی دڵەڕاندنی ئەو دەزگەیە، چوونکە هەموو ئاماژە و ڕەگەزنامە سیاسیی و نەودەوڵەتی و هەرەمییەکان لە غیابی کارایی سیاسەتی کوردیدا زەنگی دروستکردنی ویلایەتێکی سەربەخۆ لە عێراق لەدەدەن (بڕەکسلی عێراق) لەسەر خاکی کەرکوک.

سەرەڕای ئەمانەش حکوومەتی نوری مالیکی و ستافە شۆڤێنییەکەی کێسپ دروست دەکەن بە تایبەت لە ڕەی سستی خستنە نەو کاری لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140. تا ئەوەی (د.رائید فەهمی) سەرۆکی لیژنەکانی جێبەجێکردنی ماددەکە هاواری لە بەرزبووەوە و لە نەوەڕاستی مانگی رابردوو رایگەیاند: تا ئێستا نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ وەڵامی راسپاردەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی نەداوەتەوە کە بریتین لە ریفراندەم و ئاماری پارێزگای کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری. دیارە وەک پێشوو نوری مالیکی و کاستەکەی لە پێستە باڵاکانی حکوومەتی عێراقیدا دەخوازن لەو ڕگەیەوە دەخێک بهێننە پێشەوە نێک لە ماوەی شێش

مانگی تردا بگرێ لە ماوەی شەش ساڵی تریشدا ماددەکە هیچی لە نەچێتە پشتەوە بە گورزی ناوەندکی دەستووری هەمیشەیی عێراق.
دووەم: کشە دروستکردن بە دژمارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. دروستکردنی ئەم کشەیە بە دژمارەی پێشمەرگە جگە لە نیشاندانی کینەی خەڵسک و قینەی پێنگخواردووی هەندێک لە کاربەدەستانی حکوومەتی نووری مالیکی بژانبەر بەو گاردە رزگاریخوازە کوردستانییە، جگرکیشە لە قارسکردنی بودجەی هەرێم و داشکاندنی رێژەی پارەی کورد لە عێراق و دروستکردنی کێموکوڵییەک لە بودجەی کوردستاندا تا شەڵەڵکی گەورەتر و درزکی بژینتر لە ئابووری داتەپیوی کوردستاندا دروست ببێت، ئەمە گەمەیکی بژدواوام عەرەبە دەستەڵاتدارکانی عێراق بە مەبەستی تەنازولپێکردنی زیاتری کورد لە ماف و ئازادییەکانی پێدەوی دەکەن.
سێیەم: دژایەتیکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی حکوومەتی کوردستان لەگەڵ کەمپانیا بیانییەکان. ئەم کشەیە دەچێتە نەو پەیوەندکردنی کورد لە رووی ئابووریەوە. رەنگبە تورکیا رێگری کاریگەری لەم پرسدا هەبێت، چوونکە بە ساڵان تورکیا نەخشی لەسەر سیاسەتی نەوخی عێراق هەبووە، لەم بوارەدا تورکیا مەبەستییەتی فشار بخاتە سەر لایەنەکانی عەرەبی تا دژهەنانی نەوت لەکوردستان رابگرن، چوونکە تورکیا وا بیر دەکاتەوە دژهەنانی نەوت لەلایەن کوردەکانەوە هاوواتای دامەزراندنی دەوڵەتکی کوردییە وەک دراوسێی وڵاتەکەی. ئەمە بە لە بیرکردنی تەقینی ئێران لە بەهەزبوونی کورد لە عێراقدا.

چوارەم: هەوەدان بە داشکاندنی رێژەی دیاریکراوی بودجەی کوردستان لە بڕی 17% بە 13% کەمتریش. هەرچی لەبەینە لە بودجەی پێشووی کوردستان تاکتیککی هەمەلایەنەی عەرەبە عێراقییەکانە بە سەرقاڵکردنی کورد بە هەندە مەسەلەی لاوکی و لا بەلاوە تا یەکەکی لەوە گرنگتری لە زەوت بکەن. بە بڕوای (د.محەمەد ئەحمەد) سەرکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (بژرپرسانی بەغداد دیانەوێت لە رێگەی شێوەی ئابووریەوە کورد سەرقاڵ بکەن و ئەولەویەتی کارەکان تێکبدەن، وەک چۆن لەو رێگەیەوە کاتی جێبەجێکردنی ماددەی "140"یان تێپەراند و لە وادەی خۆیدا جێبەجێ نەکرا). ئەم هەوڵە ئەگەرچی سەری نەگرت و دواجار بودجەی ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی پێشوو (17%) بوو، بەڵام ئەم سەختێتی و بەنە و بژدۆیە لەسەر کورد هەر بژدەوام دەبێت و دەشە لە ساڵەکانی داهاتوودا سەختتر و گرانتر خۆ بنوێنن و وەک ئێستا ئاسان و هەرزان لێی دژنەچین، چون بەبژاورد بە ساڵانی پێشووتر

عەرەبەکان زیاتر کورد گەمارۆ دەدەن و لە ماڤەکانی قارس دەکەن.
وەنەی رووتی بارودۆخی سیاسییەکە ئاوایە: دەست و هاوبەشەکانی کورد لە حکوومەت و چوارچێوەی هاوپەیمانەتییە چەند قەیرانێکاندا، نەیارە سەرسەختەکانی جەبهەجە و هاتنەدی ویستەکانی کوردن لەم وەاتەدا، ئاو ئیمەیجی بە درۆزایی ئەم چەند مانگە لەدەستە نزیکەکانی کورد دەیبینین، ئاو وتەیەی (سالح موتلەگ)ی سەرکی بەرەی دایالۆگی نیشتمانی عەراقیمان بیر دەخاتەوە، لە وەلامی ئاو پرسیارەی بەچی هەمیشە دژایەتیی داخوازییەکانی کوردەکان دەکات؟ بە کنایی (العربیە)ی راگەیاند (من دژی خواستەکانی ئاوان نیم "واتا کورد" ئاگەر ماقووە بن و هەوڵستەکانیشم ئاشکران، هەقوایە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ئاو کەسانە بکرێت لە سەرۆک لەگەیانن و لە ژێرەوەش تانە دژایەتییان دەکەن). دروست ئەم لەدوانەی موتلەگ هاووەتای ئاو دەخڵیە ئەمڕۆ کوردی لە چوارچێوەی عەراقدا پەدا تەدەپڕێت.
جەگەی واق وەمانە هەروا بە خەرایی و جادوویی و چاوەواننەکراوانە دەستەکانی دوێنەمان لە (عەراقی هیوا و ئاشتیدا) خوێنەکانی ئەمڕۆمان دەکوژن!! هاوپەیمانەکانی دوێنەمان نەیارە سەرسەختەکانی ئەمڕۆن، بەڕێنەکانی دوێنە پەمانەدرابوو ئەمڕۆ پێچەوانەکەی بەسەرماندا فەرز دەکرێت!! کەوابوو راستە بژێن کورد لەم ساتەوەختەدا لە بارەکی خنکێنەر و لە بەردەم قەیرانەکی سەختدایە، کورد تەزقاڵیک ماف و دەستکەوتی ماوە برای عەرەبی چاوەشمان دەخوازێت لەی بقرتێنێت و بە زیاد و زەری دەزانێت، کەچی کورد وەک ئاوەی بە ماددەی هەشبەر سەکرابێت هەر خەریکی چینی سرووە و مارشی (موگنی موگنی)یە!!.

هەوڵستی فەرمیی کورد لەمڕۆ حکوومەتی مالیکی

بەجگە لەوەی کاربەدەستانی باڵای رامیاریی کورد حکوومەتی نوری مالیکی بە فاشیل و کەمتوانا و گەندەڵ تەماتبار دەکەن، (لەم دوا دواییەدا گەڤاری گوڵان فایلی گەندەڵییەکانی کابینەکەی نوری مالیکی هەڵدەداتەوە!) هاوکات رایدەگەیەنن ئەدای ئاو حکوومەتە لە هەموو رووەکەوە پێچەوانەوەی ناوەڕۆکی دەستووری هەمیشەیی پەسندکراو و دەنگ بەدراوی عەراقی فیدراڵ و پەکهاتنە سیاسییەکانی کوردە لەگەڵ لایەنەکانی عەرەبی عەراقی. کاردانەوەی کورد سەرەتا لە ناڕەزایەتی دەربڕین و رادەستکردنی یادداشتنامەوە دەستی پەکردووە تا ئاوەی باس لە گەیینی کابینەی نوری مالیکی دەکرێت و ناو بەناویش دەنگی هاوەی کشانەوە لە حکوومەت دەبیسترێت.
(دەقیەد ئیگناتەس) لە ڕۆژی 9-1-2008 لە ستوونەکی ڕۆژنامەی (واشنتەن پەست)دا نووسیویەتی: لە بەغداد گروپەکی نوێ کار بە

لابردنی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی دەکات، ئۆگەرچی واشنتۆن ئامۆژگاریی داوە بەوەی حکوومەت نۆگۆشێت. لەمبارەوە بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەمریکی لە بەغداد پێیوایە ئەمە دوا ساتەکانی (شکاندن و دامان)ی حکوومەتی مالیکییە. فشار و پاڵپەستە نوێیەکانیش دژ بە نوری مالیکی لە سەرکردە کوردەکانەوەیە. هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی تێبینی دەکەن شەوازی فشار خستنە سەر مالیکی لەلایەن کوردەکانەوە لە ڕەگی گرێدانی چەند هاوپەیمانییەکی تازەوە خێی دەنوێنێت، بە تایبەت ئەو ڕکەوتنەی دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان لەگەڵ حزبی ئیسلامی عێراقی سوونەن مەزهەب لە ماوەی ڕابردووا هاتە گرێدان و ڕاگەیاندن، جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد، بە بەوای تۆژەرانی سیاسیی ئەم ڕکەوتنە سێ قۆناغیە فەرمکیشە بە لاواز و تەنگەتاوکردنی حکوومەتی نوری مالیکی، یان بە واتایەکی تر پیشاندانی قورسایەکی نوێی کورد لە عێراقدا.

لای خەیەوە (د.مەحمود عوسمان) ئێندامی ئێنجووومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە دووری دەزانێت ئەم هاوپەیمانێتییە بە لاوازکردنی پێگەی حکوومەتی نوری مالیکی بێت و بە ڕاشکاوانە دەڵێت (ئەمە بە لاوازکردن نییە، چوونکە حزبی ئیسلامی یەکێکە لە حزبە سەرەکییەکانی سوونەن و ڕکەوتنی لەگەڵ دوو حزبە سەرەکییەی کوردستان نزیکی دەخاتەوە لە حکوومەتەکەی مالیکی و نزیک دەبێتەوە لە لیستی شیعەکان و نزیکیش دەبێتەوە لە ڕکەوتنە چوار قۆناغیەکە و وا دەکات وەزیرەکان زیاتر نزیک بنەوە و بنەوە ناو حکوومەت، بەڵێ ئەم مەسەلانە لاوازکردنی حکوومەتی نوری مالیکی نییە).

واقیع و پێشهاتە بە دەستوبردەکانی گۆڕانی سیاسیی و ئاوگۆڕە خێراکانی نێوخێی عێراق پێچەوانەی ئەو دەربڕینەی (د.مەحمود عوسمان) دەسەلمێنن، چوونکە ئاشکرایە لایەنی کورد دوای ناهومێدبوون لە بەشکێی زۆر لە شیعە کاربەدەست و حاکمەکان ڕووی لە هاوپەیمانێتی سوونەکان و حزبی ئیسلامی کردووە. ئەم ڕکەوتنە سێ قۆناغیە دەربڕی خراپیی ڕەوشی کوردە و هیچ نەبێت لەگەڵ بەشێک لە شیعەکان هاوسەزیی و هاوپەیمانێتییەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە دواجار ڕەنگبێ ئەو ڕکەوتنە چوار قۆناغیەی کورد تێیدا یەکێکە وەک خێی نەمێنێتەوە و بەڕەو لەبەریەک هەڵوەشان بەوات، هەرچەندە ئەم پێشبینییە تەنە دیتنێکە نێک واقیع، بەڵام بە پشت بەستن بەو ڕووداو و گۆڕانکاریانەی ڕوو دەدەن نابێت بە ئۆگەرێکی دوور سەیری بکەین.

کورد چی دەکات و دەبێت چی بکات؟

د.بەرهەم ساڵح لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) نیەتەکانی کورد دەردەخات و ڕایدەگەیەنێت (لایەنی کوردیی نایەوێ حکوومەتی نوری مالیکی بگۆڕێت یان لێی بکشێتەوە، کورد دەیەوێ گۆڕانکاریی و چاکسازیی لە کابینەکەیدا بکات). زۆرێک لە سەرچاوە ئاگادارەکان هەما بۆ ئەو ڕاستییە دەکەن کورد لە خودی مالیکی و حکوومەتەکەی ناهومێد بووە و لە بەردەم دووبیانکدایە: بۆ پاشکشەیان درۆژدان بۆ بڕشداریی. چۆن لە ماوەیەکی کورتدا بڕی دەرکەوتووە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕووینەداوە، حکوومەتی مالیکی لە حکوومەتەکانی پێشووی عەلاوی و جەعفەری جیا بکاتەوە. (تەنێ دەموچاوەکان گۆڕاون)، هەر بەم هەیەوە و بۆ سەیرکردنی مۆژووچەی کابینەی نوری مالیکی دەرکەوتووە عەرەبی عێراقی دەیەوێ سووک و باریک بڕۆکە لە ژێر پای کورد ڕابکێشێت و ڕەنج بۆ "با"ی بکات.
بڕشک لە ڕامیارانی کورد لەو باوەڕەدان کشانەوە لە حکوومەتی نوری مالیکی نەک چارەسەری کێشەکان ناکات بەڵکو دەبێتە فاکتەری سەرهەڵدانی فەوزا و کێشەی چارەسەرنەکراو و گەورەتر و قووڵتر کە بەتەواوی شیرازەی عێراق تێکدەدات و زیانەکانی زۆرتر دەبن لە سوودەکانی. (د.فوئاد مەعسوم) سەرکی لیستی کوردیی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە (هەوڵشاندنەوەی حکوومەتی ئێستا و کارکردن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێ لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکدا نییە و دوور نییە وەک تووشی قەیرانێکی سیاسیی گەورەتر بکات..
کورد لەگەڵ هەوڵشاندنەوەی حکوومەتێکی مالیکیدا نییە لە بەرئەوەی لەم قۆناغەدا لە بەردەم جێبەجێکردنی چەندین ئیستحقاقی دەستووریداین لەوانە وەک جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چل). لایەکی تریان (قادر عەزیز)ی سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆچوونێکی هاوشێوەی بیروڕاکەی (د.فوئاد مەعسوم)ی هەیە و دەربارەی بەکارهێنانی کارتی بایکۆت و کشانەوە لە حکوومەتی عێراق لەلایەن کوردەوە ڕایدەگەیەنێت (هەتا بکرێت پەنا بۆ کارتی لەو جۆرە نەبین باش، چوونکە نە بارودۆخی عێراق، نە هاوکێشەکان، نە وەزعی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە لەبار نییە ئەو هەڵوێستە بڕامبەر بەغداد وەربگیرێت).
لایەنگرانی ئەم دیتنە جیا لەپاساو هێنانەوەی نالەباریی بارودۆخی سیاسیی و ڕەگریکردن لە نانەوەی قەیرانی سەخت و قووڵتر ڕایدەگەیەنن پێشتر ئەم ڕەگەڕ و ئاگەڕە لەلایەن چەندین گروپ و پارتی دیکەوە تاقیکراوەتەوە و هیچ لە بارودۆخ نەگۆڕاوە جگە لە چوونە پێشەوەزی ویستی ئەو لایەنانەی بەهەر هەیەک بووە بایکۆتی

حکوومەتیان کردووە، بۆیەکا پاش ماوەیەک ناچاربوون هەوڵی گفتوگۆ بۆ نێو حکوومەت و ڕێگای بەشداریی لە عەملییەی سیاسیی عێراق بگرنەوە بەر، بەڵام ئەوەی خاوەنانی ئەم ڕوانگەیە پێیان پێنەبردووە: سەیرکردنی سەنگ و قەبارەی ڕاستەقینەی ئەو لایەن و پێکهاتانەیە لە حکوومەت پاشکۆشیان کردووە یان دەیکەن، لەبەرئەوە غەدرێکی گەورەیە کردەی بایکۆتی کورد بۆ بایکۆتی حزبی فەزیلەت یان ڕەوتی سەدر بڕاوورد بکرێت، چوونکە یەکەمیان نوێنەرایەتی نزیکەی دەکات و دووەمیان دەمەاستی بەشێکی کەمی پێدەوکارانی ئاینزایەکە، کورد نزیکەی و پشت ئەستوورە بەهێزی لەبن نەهاتووی گەلێک نێک وەک ئەوەی لینین وەسپی دەکات (شمشێری مقەبا)ی بەدەستەوە بێت. لە بڕامبەر دیتنی لایەنگرانی مانەوەی کورد لە چوارچێوەی حکوومەتی مالیکی دژە بۆچوونێک هەیە پێیوایە، کورد دەرگیری کێشەی گەورە بووتەوە لەلایەن حکوومەتی ناوبراوەوە کە خەریکە دەسمایەی دەستی دەدەنەت و زەر بەربەستی گەورە لەبەردەم کوردن، پێویستی ئەوە دەهێنێ پشتەوە لایەنی کوردیی لەم دوا دواییەدا هەوەست وەربگرێت و ڕاستەوخۆ بیاری کشانەوە لەو حکوومەتە بدات.

(د.مەحمود عوسمان) بە ڕەژنامەی (الزمان)ی وتووە (ئاگەر ئەو وتەژانەی نوری مالیکی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی دا لەو بارەیەوە ئەنجامی دەدات شکست بهێنن، دوور نییە هاوپەیمانی کوردستان بکشێتەوە لە حکوومەتەکەی مالیکی و بڕۆش ئەو حکوومەتە ڕەژەی دەستووریی خەی لە دەست دەدات). لە بڕدەوامیی ئەم کێشانە و دەنگدانەوەی لە میدیا جیهانییەکاندا، ڕەژنامەی (لەس ئەنجلەس تایمز) لە سەرەتای ئەم مانگەدا دەربارەی هەوەستی لایەنی کورد بەاوی کردووەتەوە: (لەم چەند هەفتەیەی ڕابردووداا لەلایەن هاوپەیمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی و هەندێک هێزی تریەوە هەوڵێش لە مالیکی کراوە کە متمانەی لەبەسەنرێتەوە و لە بڕامبەریشدا باسی"عادل عەبدولمەهدی"یان کردووە حکوومەتێکی نوێ پێکبهێنێ). بیاری دروست وایە ئاگەر پرسی گرەبەستە نەوتییەکانی حکوومەتی هەرێم چارەسەری بە نەدەزرایەوە و ماددەی سەدوچل لەم گەڕاوەدا ڕاگیرا و گەمە بە دەزی دەرماڵەی هێزی پێشمەرگە کرا (لە ڕەژەی 17% بودجەی کوردستان پێسەند کراوە) کورد لە حکوومەتی نوری مالیکی بکشێتەوە و بە یەکجار عسیانێکی مەدەنی ئەنجام بدات و بە دیوێکی تریشدا قورسایی و کارایی خەی وەک هێزێکی خاوەن توانا بسەلمێنێت. ئەمە کورد ئەو یاخیبوونە نیشان نەدا، سبەینێ بە تەبزیی دەیخەنە دەرەوەی گەمەی سیاسیی لە عێراقی داهاتوودا.

چاپتەری سێهەم
ئایا دەزی کورد هاتتەوە سەرتای رێگا؟
دەربارەی گرژییەکانی ئێم دواییەی نێوان کورد و عەرەبی عێراقی

لە ماوەی ئێم چەند مانگەی دواییدا ڕووشی سیاسیی عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی ناوە، لەنێو هەگبەی ئێم قۆناغە نوێیەدا کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسیی نوێش هەن، یەکێک لەوانە گوشاری لایەنگانی عەرەبی عێراق و کابینەکەی (نوری مالیکی)یە بە سەر کورد و ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کوردستان، ئێم گوشارە هەمەلایەن و فرە ئاستییە بە ئەندازەیەکە دەخوازێت هەموو دەستکەوتگانی کورد وردوخاش بکات و بارودۆخی سیاسیی بە فۆرمێک دابڕێژتەوە کورد ببا تەوە سەرتای ڕێگا، واتە دیسان پاشکشە بە هەموو پێشکەوتنانە بکات لە بارودۆخی کورددا ڕوویانداوە!.
هەندێک لەلایەنە عەرەبییەکانی عێراق جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوەی کوردی گەیاندە تڕپکی دەسەڵات لە عێراقی دوای سەدام حسێندا پێوەندیی هەیە بە ناجێگیریی ئاسایش و ڕووشی نالەباری ئابووری عێراقەوە نێک هەکارێکی تر، بەیە ئێستا وەختێک دەوڵەتی عێراق بەهێز دەبێتەوە و لە هەمووی گرنگتریش خڕیکە بەسەر گروپە چەکدار و تیرۆرستییەکاندا زاڵ دەبێت، دەبێت هاوکێشەکە بە جۆرێکی دیکە هاوسەنگ بکرێتەوە، بە ئێم کارەش لایەنە شۆڤێنییەکانی ناو عێراق بە هاوکاریی دەوڵەتانی هەرێمیی و چاوپێشیی ئەمریکییەکان دیانەوە کورد بخەنە ئابڵوقەی گەمارۆ و هاوکێشەیەکی نوێ بهێننە ئاراوە کورد لاوازترین ئێدا و ڕێی هەبێت لەنێویدا. ئێم چەند مانگە نوری مالیکی، باڵاترین ئەرگان و دەسەڵاتی سیاسیی عێراقی بە ئابووری تەرخان کردووە، تا لایەنی کوردیی لاواز و پەراوێز بخات، ئەمەش لە ڕێگەی ئابووری کەسپ و تێگرانی بڕدەوام دیانخاتە بڕدەم ویستەکانی کورد تاکوو دێگات بە ئەنجامدانی چەندین ڕێککەوتنی ژێر بە ژێر لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەیی لە دژی دەزی هەڵکشاوی کورد.

ماددەی 24 سەرتای دەرکەوتنی کودەتایەکی سیاسیی دژی کورد
لەڕژی بیست و دووی تەمووزی ڕابردوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرکایەتی (مەحمود مەشهەدانی) سەرکی ئەنجوومەنەکە، دوای بایکۆتکردنی فراکسیۆنی کوردیی، بەیاری 24ی پەسەند کرد، ئێم بەیارە وەڵای ئاوەڵکەی دژی خواستە سیاسییەکانی کوردە لە عێراقدا، لە هەمان کاتدا بە جۆرێک لە جۆرکان وەک جگرەوە و ئەنتەرناتیفی ماددەی140 دەستووری عێراقی خەی دەرخست، سەیرتر لە هەموو ئەوانە لەماوەیەکی ئەجگار کەمدا و بە شێوەیەکی جادوویی

هاوپەیمانە ستراتیژیک و سیاسییەکانی لایەنی کوردیی، چوونە ریزی نەیارانی سیاسیی مافەکانی کورد و بوونە دایندەمی دەرچووانی و سەرپەکەوتنی ئەو بەیارە کە سەد دەر سەد بە دژایەتیکردنی کورد و دابەینی شاری کەرکوک لە کوردستان فەرمانە و پشنیار کراوە. بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە هاتنی ئەردۆگان بە عێراق و کۆبوونەوەی لوگەل نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا بووە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی کەمی دوای سەردانەکەی ئەردۆگان، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو بڕیارە هەڵوەستە وەربگرێت، هەروەک پرۆفیسەر (یوست هیلتەرمان) دەڵێت "گەلانەوەی کەرکوک بە سەر هەرەمی کوردستان هۆی سووڕە بە تورکیا. لەبەرئەوە تورکیا بەرهەستیی دەکات ئەگەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەبێت ئەوا لە ڕێی دەستکانییەوە لە عێراقدا ئەو هەوڵەستەی پیادە دەکات".

بەیە زۆربەی لێکدانەوەکان بە ئەوە دەچن ڕێی تورکیا لە گەڵاڵەکردنی ماددەی 24دا گرنگترین و کاریگەرترین ڕۆڵە، بەبێ ئەوەی هاشا لەوە بکرێت هەستی شۆڤێنێتی بەشێکی زۆر لە سەرکردە و کاربەدەستەکانی عەرەبی عێراقی هەمان ڕەیان گەڵاوە. بەڵام هەر لەپابەند بەم کەشەوە، هێندێک لەچاودێران لە شرۆڤەکردنی ئەو واقیعەی هاتۆتە پێشەوە، وایدەبینن سەرقاڵیی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە هێندێک کێشە وبابەتی تریەوە لە چێشنی قانوونی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکان و کێشەی ئاڵا بوونە فاکتەری لە بیرکردنی دەزگەی هەرێ گرنگی وەک جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەستووری عێراقی پێیوەست بە ناوچەکانی کێشە لەسەربوو، بەڵام رای پێچەوانە و بەرامبەر پێیوایە هەر لە سەرەتاوە نیاز و نیەتی لایەنەکانی عەرەبی عێراقی دیاربووە دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە، بەیە پێویست بوو لایەنی کوردیی چاوەڕوانی دەستی عەرەبی نەکردبا و دەبوو لە ڕێگەی هەنگاوی عەمەلی و بە پاڵپشتیی جەماوەری گەل بەیارەکی یەکلایەنەی دەربارەی چارەنووسی کەرکوک بدابایە، چون عەرەبەکانی عێراق لە ڕێگەی یاریکردن بە کات و خەدزینەوە لە پراکتیزەی ماددەی 140 هەوەستیان هەمیشە روون و ئاشکرا بووە.
جگە لەوانەش بەدەنگیی و تەماشاکردنی خودی ئەمریکا و خەدزینەویان لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و بەجێهێشتنی بە ڕای خودی عێراقییەکان بە شێوەیەک لە شۆکان جێگەی گومان و تەامانە و ڕەنگە ئەوە بسەلمێنێت پلان و کودەتایەکی هەمەلایەنەی سیاسیی هەیە لە دژی کورد کە زیاد لە لایەنێک و دەوڵەتێک ڕەی تێدا دەگەن هەر لە تورکیا و دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکانەوە تا دەگات بە ئەمریکا و ئێران. ئەوەتا ڕۆژنامەی (ئەلزەمان)ی عێراقی پوختەی ڕاپۆرتێکی

بەاوکردەتەوە لە رەگەی زانیاریی هەندێک سەرچاوەی ئەمنیی ناو عێراقەوە: کەماری ئیسلامی ئێران لە رەگەی لایەنە شیعەکانی ناو عێراقەوە لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ قۆناغی دوای دەسەڵاتداریەتی تاڵەبانی و کارکردن بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لە عێراقدا تا ئەوانیش بۆ دەردی پێشووی سوونەکان بچن. بۆیە لە کورتترین دەربەندا ماددەی بیست و چوار و کودەتاکەی تەمووزی رابردوو جیا لەوەی هەوەستی شۆڤێنیانەی عەرەبی عێراقی دووپاتکردەوە، لە هەمان کاتدا پێی نیشاندا ین پیلانێکی نهێنیی ناوچەیی هەیە لە دژی کورد و ئەو پێشکەوتنانەی لە مافەکانی کورددا لەم چەند ساڵەی دواییدا رووياندا وە.

تەنگژەی خانەقین و سەرقاڵکردنی کورد بۆ کێشەی لاوەکییەوە

هەر چەند رژێمی کەم دوای کودەتاکەی بیست و دووی تەمووزی رابردوو، سوپای نوێی عێراق بەشێوەیەکی بەعس ئاسا هەیانکوتایە سەر ناوچەکانی قەرەتەپە و خانەقین، ئەم لەشکرکێشییەی سوپای عێراق دیسان تەنگژەیەکی نوێی دروستکردووە لە نێوان کورد و حکوومەتی بەغداددا، بە تایبەت لە شارچکەی خانەقین ئەم تەنگژەیە چەتە سەر لەواری تەقینەوە و رەنگبە ئەم کێشە و بارگرژییە زۆر لەوە زیاتر بخایەنێت و درێژە بکێشێت وەک ئەوەی لە سەرەتاوە بیری لێدەکرایەوە، چوونکە بە بۆای زۆربەی سیاسەتمەدار و چاودێران ئەم تەنگژەیەش دەستکی دەرەکیی دەیجووڵێنێت. د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆای وایە "ئێران دەستکی باڵای هەیە لە کێشەی ئەم دواییەی خانەقیندا". بە ئەو مەبەستە شیعەی باڵادەستی عێراق بە بیانووی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی کورد تێنیا چوارچێوەی هەڵەی شین "هەڵەی دژە فەینی پێشوو" دەگرێتەوە، دەیەوێت دەست بەسەر هەموو ئەو ناوچانە کوردیانەدا بگرێت کە سەبارەت بە ژیانی ئابووری و سیاسیی داهاتووی کوردستان بایەخدارن و دەکرێت پشتیبان پێببەستریت.

هەرچی لایەنی کوردییە هەوەستکی وا رووونی نییە ئەوە بسەلمێنێت ملنادات بەو داخوازییانەی نوری مالیکی و سوپای نوێی عێراق، چوونکە ئەوەی دەبیستریت و لە زاری چەند سەرچاوەیەکی عێراقییەوە ئاشکرا کراوە ئەویە: لایەنی کوردیی رەزامەندیی خۆی نیشانداوە بۆ پاشکشەپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە خانەقین، هەرچەندە بەشکی بەرچاو لە سەرکردە سەربازیی و ئیداریی و سیاسییەکانی کوردستان ئەوە رەتدەکەنەوە بەیاری پاشکشەی هێزی پێشمەرگەیان دابێت و سەرکی هەرەمیش ئەوەی راگەیاند: ئەگەر کورد بە هەڵەی شین رازی

بووایە ئەو سەدام حسێن زۆر مەمنوونی کورد دەبوو، ئیدی چۆن تازە کورد بوو قایل دەبێت؟. بەڵام لە باری واقعییەوە هەشتا تەنگژەکە درێژەی هەیە و لایەنی کوردیش بەردەوام گومان بەسەر گووتار و هەڵوێستیدا دێت و نەگەیشتۆتە رایەکی کۆنکرێت و جێگیر. بەڵام لە بەرامبەردا شیعەکان وەک بزوتنەری حکوومەتی نوێی عێراقی سوورن لەسەر ئەوەی دەبێت هێزی پێشمەرگە خانەقین چەک بکات!.
ئەم بۆچوونە لە لێدوانی زۆربەی بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی عەرەبیی عێراقیدا جێختی لێکراوەتەوە، بە نموونە (جەلالەدین ئەلسەغیر) ئەندامی لیستی ئیئتلافی یەکگرتووی شیعە لە پەرلەمانی عێراق، بە ئاژانسی هەواڵی نیوزماتیک رایدەگەیەنێت "هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە بنەڕەتدا نەچوونەتە ناو خانەقینەوە تاکوو لێی پاشەکشە بکەن، ئێستەش هێزە حکومییەکانی عێراق مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بکەن، چوونکە لە بنەڕەتدا بوونی ئەو هێزانە سروشتیی نییە و خانەقین بەشێک نییە لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق". بەڵام من وەک خۆم لەو باوەڕەدام دروستکردنی تەنگژەی خانەقین و گەورەکردنی ئەم دۆزە جیا لەوەی بچووککردنەوە و بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنی کوردییە، لە هەمان کاتدا سەرقاڵکردنی کوردە بە کێشەکانیەوە بە لە بیربردنەوەی کێشەیەکی گەورەتر و گرنگتر کێشەی پرسی ماددەی 140 و ماددە جێگرەوەکەیەتی "24". بەهەر شێوەیەکیش بێت تەنگژەی خانەقین چیتر نییە جگە لە هەوەکی تر بە بردنەوەی دۆزی کورد بە سەرتای ڕەگا.

حکوومەتی عێراق بەرەو کام ئاقار دەڕوات؟

هەموو چاوەڕێی ئەوە بووین لە دوای کۆتنی بتەکەی سەدام حسێن لە ساحەی فیردەوسی بەغداد و ڕووخانی بەعسەوە ئیدی دیموکراسیی ڕووبکاتە عێراق، هەموو عێراقییەکان خوازیاربوون کۆتایی بە عەهدی دیکتاتۆریی و دەوڵەتی ناوندیی و تاکڕەویی بێت، کەچی هەر لەگەڵ جێگیربوونی باری ئاسایش لە عێراقی دوای سەدام و سەرپەکەوتنی حکوومەتی بەغدا خەریکە دەسەڵاتدارانی نوێی ئەم وڵاتە ڕێی هەمان خەرەندی بەعس دێگرنەوە بەر و بە هەمان جۆر سەرقاڵی وێنەکێشانی عێراقێکی نوێی مەرکەزیی و تاک سەرکردە و تاک بڕیارن، ئەم هەنگاوەش لە زەوتکردنی مافەکانی کوردەوە ڕەچەڵەی بەستووە. هەر ئەم هەکارشە کوردەکان لە سیاسەتی چەک کەینی حکوومەتی عێراقی دەترسێنێ و وا دەکات کورد داوا بکات ئەو چەک کەین و بەهێزکردنەی سوپا لە ئاستێکی دیاریکراو و سنووردارادا بێت. ئەوەتا لە دانیشتنی ڕۆژی 8-9-2008دا (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

رایگەیاند "داوا لە ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکانی دنیا دەکەین بە تایبەت ئەمریکا کە ئێستا خەریکی مەرکردنی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ عێراق، بەمەبەستی فرۆشتنی چەکی جەنگیی بە عێراق، بە مەرج بیفرۆشن پێی بە ئاوەی نەبێتە هەڕەشە و عێراق نەتوانێت هەڕەشە لە کورد بکات بەهەی ئاو فەڕکە جەنگییانەوە".
ئەم لێدوانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردیی دەرخەری ڕاستییەکەی تاڕادەیەکی سەبارەت بە عێراق و ئاوە دەستەمۆنێت تا دێت ئاو وڵاتە دەرگاکانی دیموکراسیی لەسەر خەی دادخات و لە دەسەڵاتکی تۆتالیتاریی مەزهەبی نزیک دەکەوێتەوە. هەروەک (دانیاڵ پایپس)ی ڕۆژنامەنووس تێبینی کردبوو بەوەی دەڵێ "من گەشبین نیم بەوەی عێراق بەرەو دیموکراسییەت هەنگاوی هەڵگرتبێت، بە تەواویی پێشبینی ئاوە دەکەم عێراق بەرەو تاکڕەویی بگەڕێتەوە". بەڵام ئایا لەعێراقکی تاکڕەو و دیکتاتۆریی کە بە ڕۆژی ڕووناک کودەتا دژی مافی کورد بەرپا دەکات دژی کورد ڕووی لەکوێیە و دەگاتە کوێ؟ بە داخەوە دەبێت ئاو ڕاستییە تاڕادەیەک بدرکێنین بەو هەنگاوانەی ئێستا حکوومەتی بەغدا دەینێت، دژی کورد پاشکۆشە دەکاتەوە بە سەرۆتای ڕێگا.

چاپتەری چوارەم
مالیکی دەیەوێت مێژوو دووبارە بکاتەوە
دەربارەی هەوڵەکانی مالیکی بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراقکی ناوەندیی

لە ماوەی ئەم یەک دوو ساڵەی دواییدا لە نزیکەوە ئاشنابووین بە چەند هەوڵەکی "نوری مالیکی" سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە بەنی ئاوەیان لەدەهات، دەیەوێت جارکی تر عێراق بەرێتەوە بە دەخی دەسەڵاتکی ناوەندیی تاکلایەن و تاک بەیار. کورد زەرترین زیانی ئەم سیاسەتانەی "مالیکی" بەرکەوتووە و هەموو هەنگاوکی حکوومەتی عێراقی ڕووناوەندێتی، هەنگاوکیش پاشکۆشی کردووە بە دەستکەوتکانی کورد لە باشووری وڵاتکەیدا. لە ماوەی سەرکایەتی "مالیکی"دا ئەم یارییە سیاسییە چەندین جار دووبارە بێتەوە، هەر لە کەسپ و تەگەرە دروستکردن بە ماددەی سەدوچل تا دەگاتە هەوڵی لەبەین لە بەشە داهاتی کوردستان لە بووجەی عێراق. هەر لە لەمپەردانان بە گرێبەستە پێترۆلییەکانی هەرێم تاکوو دەگات بە ئابڵوقەدان و هەوڵی داگیرکردنەوەی چەند ناوچەیەکی تازە ئازادکراوی کوردستان "شاری خانەقین و قەرەتەپە بە نموونە". هەر لە دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادەوە کە تازەترینیانە تاکوو دەگات بە هەوڵدان بە دەستکاریکردن و هەموارکردنەوەی دەستووری

هەمیشەیی عێراق بە تایبەت بە لەقرتاندن لە دەستکەوت و پشتوپێکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا.

بەگومان لە سەرەتای پرۆسەی رووخاندنی رژێمی بەعسەوە، لەبەر فاکتەری بەهێزیی کورد و پێرش و بڵاویی هێزە عەرەبییەکان و گیردەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و حکوومەتی عێراق بە رووبەرووبوونەوەی تیرۆر و ماڵوێرانی خەتەقاندنەوە، کورد توانی بشکێکی گرنگ و بەرچاو لە خواستە سیاسییەکانی لە رێگەی دەستوورەوە شەرعییەت پێبدات، توانی هێندە دەستکەوت و پشتوپێکی سیاسیی بکات کە لە مێژووی کوردی ئەم پارچە داگیرکراوەدا رووداوێکی ناوازە و کەمونە بووە و یەکەمین جاریش بووە کورد بتوانێت ئەو هەموو بڕیندە دەستوورییە بە زامنکردنی قەوارەکەی دەستەبەر بکات. بە داخەوە هێزە کوردییەکان لە قەناغێکدا وەستان و نەیانتوانی زیاتر دەزی کورد بڕنە پێشەوە، بەهەی ئەوەی قورسایی خەیان خستەسەر پێکهێنانەوەی پێکهاتە ناکۆکەکانی عەرەبیی عێراقی و بنیاتنانەوەی عێراق، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە هەموو بەهێزکردنەوەیێکی ناوەند لەسەر حیسابی لاوازکردنی هەرێم دەبێت.
کورد دەیتوانی لە ساتەوەختی خۆیدا و لەکاتی لاوازیی دەوڵەتی عێراق و لەرزەکیی هێزە عەرەبییەکانی گۆڕپانی سیاسەت لە عێراق "بە تایبەت شیعەکان"، مەرج و گرەنتیی زیاتر دابنێت بە پاراستنی ئەزموونی باشوور، چوونکە لە مێژووی عێراقدا بە ئەزموون ئەوە سەلماوە حکوومەتکانی عێراق لە ژێر باری ناچاریی و فشاردا دانیان بە هەندێک نیمچە مافی کورددا ناوە و هیچی ترا، بەڵێ دەبوو سیاسەتمەدارانی کورد پێش هەر شتێک ئەو راستییە رەها و مێژووییەیان لەبەرچاو بگرتبایە. بەهەرحاڵ ئەوەی ئەمڕۆ لە شانەی رامیاریی عێراقدا بەرجەستە دەکرێت، هەوڵی جیددی هەندێک لایەنی عەرەبیی و خودی سەرۆک وەزیرانە بە گۆڕانەوەی سیستمی سیاسیی عێراق رووەو سیستمێکی تەتالیتار و تاکڕەهەند، هەروەها بە بچووککردنەوەی دەستکەوتکانی کورد لە رێگەی پەداچوونەوە و چاوپەداخشاندنەوە بە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا. لەم نەوەندەدا نوری مالیکی بە وزە و قورسایێکی سیاسیی و تەنانەت سەربازیی زۆرە دەیەوێت ئەو خەونانە بکاتە واقیع، ئەو رێگەی لەیەک جودای گرتووەتە بەر بە هەنانەدی ئەو مەبەستە شۆڤێنیی و مەزهەبگرایە.

عێراق رووەو سیستمێکی ناوەندیی و داخراو
نوری مالیکی ڤۆکەسی کردەتە سەر بنیاتنانەوەی عێراقێکی ناوەندیی. مێژوو سەلماندی ئاکام و سەرئەنجامی زەربەی دەوڵەتە ناوەندییەکان

لە کۆمەڵگە فرە نەتەوە و کولتوورەکاندا جگە لە ستەمکاریی هیچی تر نەبووە، لە واقیعی عێراقیشدا گەلانی ئەم وڵاتە بە خوێن و ئازموون تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەم سیستەمە هەیە، کە نەک هەر ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی ڕەفاە و سەقامگیر بەرهەم بهێنێت، بەڵکو مۆزوویەکی خوێناویی و پڕ کارەساتی مرۆیی خولقاندووە. "مالیکی" بەچاو نووقاندن و خەلادان لە ئازموون و چارەنووسی تراژیدیی ڕۆژهەند و ناوەندیی لە عێراقدا، دیسان هەمان خولیای سەدام لە کەللەی داوە و دیموکراتیی ئەو دەوڵەتە ناوەندییە زیندوو بکاتەوە. هەبەتە مالیکی نوێنەرایەتیی زۆرینەیەکی شیعە مەزهەب دەکات، بەدەر لە ئیتارزووە کەسییەکانی خۆی، ئەکتەرێکە ئامادەی جیهانبینییەکی مەزهەبگەرایی دەکات و خواستی بە ئیرانکردنی عێراقی کردەتە ڕۆژەڤی سیاسیی، یان بە واتایەکی تر نوێنەرایەتی ئەو میلە دەکات دیموکراسی عێراق لە دەستی ئەمریکا بسێنێتەوە و ڕادەستی کەماری ئیسلامی ئێرانی بکات.
بە بەوای "دکتۆر فلیپیس"ی توێژەری رامیاریی لە زانستگای کۆلۆمبیا "کۆشکی عێراق هەمیشە زۆریی ئەو دەسەڵاتانە بووە بەغداد هەیبووە، تەنیا ڕەگەش بە مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی لە ڕەگەی کۆمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی بەغدادەوەیە، جا هەر بەیە نابێت مالیکی هەمان ئەو هەڵەیەی پشوو دووبارە بکاتەوە". لە باری واقیعیشەوە کۆشکی عێراق تاکو ئێستا بەش بەشکردنی دەسەڵاتکان نەبووە بەسەر ناوەند و هەرێمەکاندا، هەندێ زادەی ئەو دەسەڵاتە زۆر و زەبەندانە بووە حکوومەتی ناوەندیی هەیبووە، کەوابوو ئەوەی لە عێراقدا کۆشکی قووە و بڕینی ساتڕنکراوی بە دوای خۆیدا هەناوە، تەسککردنەوەی پانتایی دەسەڵاتکان بووە، نەک ئەوەی ئەمەش بشێک لە هەزە عێراقییەکان لە نەبوونی دەسەڵاتکی بەهێزی ناوەندییدا دەیبینن‌ەوە. لایەنی کوردیی هەمیشە ترسی هەبووە و هەیە لە بەهێزبوونەوەی ناوەند چوونکە دنیایە ئەم بەهێزکردنەوەی ناوەند لە یەکێک لە ڕەهەندکانیدا بڕیتییە لە لاوازکردنی هەرێمەکان، یان با بڵێین لەسەر حیسابی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان.
هەروەک "ئەدوارد گیبسن" ڕوونیدەکاتەوە "نیگەرانییەکە لە بوونی حکوومەتکی مەرکەزیی بەهێزدا نییە، لەبەرئەوەی زۆرجار لە فیدرالیزمیشدا حکوومەتکی مەرکەزیی بەهێز هەیە، بەڵام نیگەرانییەکە لەوەدایە کە حکوومەتی مەرکەزیی هەوڵی پشێلکردنی بنەماکانی فیدرالیزم و سەرکوتکردنی ئەتنەمی هەرێمەکان بدات".
دروست نیگەرانیی کورد لەو سەنگەیەوە دەستپێدەکات "گیبسن" بەی چوون، چوونکە زۆربەی کاربەدەستانی عێراقی و لایەنگرانی عێراقکی

ناوەندیی لەم بارودۆخە دیفاکتۆیەی کورد رازی نین و هەندێکیان پێیانوایە کورد بووتە هۆکاری لاوازکردنی دەسەڵاتی بەغداد، هەر ئەم تێگەیشتنەشە وایان لە سەرکردەکانی کورد کات بە تووندی بڕپەرچی عێراقێکی ناوەندیی بدەنەوە و بە مەترسیی لەسەر کورد لەقەڵەمی بدەن.

"د.بەرهەم ساڵح"ی سیاسەتمەداری پڕەعێراقی کورد، نیگەرانییەکانی کورد بەم شێوەیە دەردەبڕێت "یەکێتی عێراق بە تۆندوتیژیی و خەسپاندن و کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە دەستی یەک ناوەند و یەک دەستە یاخە یەک هەنز نابێت، سەدام حسێن بەرجەستەی هەرە گەورەی ئەو دەخەیە". ئەم رایەی "ساڵح" تا رادەیەک پوختەکراوی بیروڕای گشتیی و فەرمیی کوردیشە لەمڕۆ هەوڵەکانی مالیکی لە پێناو بەهێزکردنەوەی ناوەند. "د.سەعدی بەرزنجی" ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایەکی نزیکی لە بۆچوونەکەی "ساڵح"ی هەیە و پێیوایە "دەسەڵاتی رژێمی بەعس و سەدام لە ناوەند بەهێز بوو، بەڵام ئایا حکوومەتەکەی بەهێز بوو؟ بێگومان نەخێر. چوونکە هێزی دەوڵەت لە خزمەتکردنی خەڵک و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیانداییە".
پرسیاری سەرەکی و جۆهەریی هەرە گرنگ لێرەدا خەی لەوەدا دەبینێتەوە: ئایا کورد بە چ ڕێگە و میکانیزمێک ڕووبەڕووی ئەو سیاسەتە نوێیەی نوری مالیکی و کاربەدەستانی عێراقی دەبێتەوە؟. هەتا ئێستا دیار نییە کورد چۆن هەڵوێست وەردەگرێت، تەنیا ئەوە دیارە سەرکردەکان ناڕازایەتی خۆیانیان لەمڕۆ ئەو سیاسەتەی مالیکی نیشانداوە، بە پووچەڵکردنەوە و شکست پێهێنانی هێشتا هیچ ڕووناکییەک لە ئاسەدا نابینین. بە تایبەت لەو دەخەدا کە هەندێک لە کارناسان و شارەزایان لەو بڕوایەدان سیاسەتی نوێی "باراک ئۆباما" دەبێتە یارمەتیدەری بیرۆکەی بەهێزکردنەوەی عێراقێکی ناوەندیی. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەی "ستارس ئاند ستراپ" لە ڕاپۆرتێکدا بە وردیی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی "جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکەی ئۆباما لە عێراق ڕێگا بە دروستبوونەوەی دیکتاتۆرییەتێک خەشدەکات هاو وێنەی دیکتاتۆرییەتی سەدام حسێن دەبێت کە بە ماوەی سی ساڵێک پیادەی کرد". بە کورتی هەڵمەتێکی بەهێز بە پشتیوانیی هێزەکانی دەرەوە و بارودۆخی نوێی جیهان و ناوچەکە و عێراق، بە بەهێزکردنەوەی عێراقێکی ناوەندیی لە ئارادایە، پریشکی یەکەمی ئاگری ئەم عێراقە ناوەندییە، کورد دەسووتێنێت! کورد چۆن خەی ئامادە کردووە و ئامادە دەکات؟ جارە هیچ دیار نییە!.

پەداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەییدا

مالیکی و کاستەکەی ئەو رادگەیاندن کاتی ئەو هاتنە پشەوە، گەڵانکاریی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئەنجام بدرێت، گەڵانکاریەک بتوانێت زەرر ناوەڵەک و بەند و ماددەی لە یەک جیا بگەڵێت و بۆپەی هاوسەنگیی و دۆخی نوێی سیاسیی وەاتەکە بنووسرێنەوە. "نوری مالیکی" سەرۆک وەزیرانی عێراق لە لێدوانیکدا رایگەیاند "دەستوور لە کێشوهەوایەکی ئازار و ترسدا نووسراوەتەوە و روانینی تەدایە بە ئایندە، ئەمەش زەر ئاسایە. لەبەرئەوە پێویستیمان بە پەداچوونەوەی دەستوور هەیە". ئەم لێدوانەی سەرکۆزیران لێکدانەوەی جیا جیا هەڵدەگرێت، یەکێک لەو شرۆڤانە ئەوە ئاشکرا دەکات، ئەوان "هەڕەعێراقییەکان" لە ژێر بارێکی ناهەمواری ئەمنیی و لەسایەی نائارامیی ئەوکاتی عێراقەوە رازیبوون دەستوور بەو فۆرمە بنووسرێتەوە و گەڵاڵە بکرێت، ئێگینا هیچ کات ئامادەنەبوون دەستوورێکی لەو ڕەنگە، بە عێراق و سیستمی بەڕێوەبردنی ئەو وەاتە قبوڵ بکەن. نووسەر و توێژەری سیاسیی کورد "فەرید ئەسەسەرد" لە لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەو لێدوانەی "مالیکی"دا دەگاتە بەوای ئەوەی "مالیکی" مەبەستی راستەقینەی لە پەداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کەمکرنەوەی دەسەاتی هەرەمەکان و پتەوکردنی ناوەندە لە ڕەگەی ماددەیەک یان چەند ماددەیەکی دەستووریەوە.

"ئەسەسەرد" لەو ڕووەوە دەنووسێت "قسەکانی مالیکی شتێکی وایان لەهەدەکەنرێت ئەوەی لە عێراقدا هەیە فیدرالیزم نییە، گوایە لە سەنگەی ئەمەوە ڕەوشەکە پێویست بەوە دەکات بە دەستووردا بچینەوە و دەسەاتی هەرەمەکان کەم بکەینەوە و دەسەاتی ناوەند زیاد بکەین!". ئەم هەوەڵە نوێیەی سەرۆک وەزیران ئەقڵەیەکی تر لەو زنجیرە هەوەڵەی دێدات بە مەبەستی کەمکردنەوەی سەلاحیات و سنووری دەستووریی دەسەاتی هەرەمی کوردستان، بە سەرخستنی ئاجیندەکەی بیری لە دەستبردن بە هەموارکردن یان چاوپەداخشاندنەوەی دەستوور کردەتەوە، چوونکە ئەوکات دەتوانێت بە فۆرمەکی قانوونی و دەستووریی دەسەاتی هەرەمکان کەم بکاتەوە، بەو پێیەی جیا لە هەرەمی کوردستان پێشبینی ئەوە دەکرێت هەرەمی تر لە عێراقدا دروستبن، ئێستا هەوەڵکی کارا و جێددی لە ئارادایە بە پێکهێنان و بە فۆرمی ناسینی هەرەمی بەسرە، کە ئەم هەوەڵەی بەسراییەکان لەلایەن کوردەوە پشتیوانی دەکرێت.

مالیکی ترسی ئەوەی لێنیشتووە پەیدابوون و هاتنەئارای چەند هەرەمکی فیدرالی لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێتە سەرەتای دابەشبوونی وەاتەکە، بۆیە دەیەوێت لغاوکی دەستووریی بخاتە دەست

و قاچی هەر هەرەمێک لە چوارچێوەی عێراقدا هەبێت یان دژی لە ئایندەدا ببێت. لایەنی کوردیی دیسان بە تووندیی رەخنەی لێم هەڵوەست و هەنگاو و دەستپێشخەرییەی سەرۆک وەزیران گرتووە، لە زاری سەرۆکی بەرزترین ناوەندی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستانەوە رەخنە و ناڕەزایەتی هەیە لەمەڕ ئەو کردەیە. لەو بارەوە "مەسعود بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان راشکاوانە بە کەناڵی "الحرە"ی راگەیاند "بڕیار مالیکی نابێت پێوابێت ئەوەی بە دەستمان هێناوە سڕبێندراوەن، چوونکە ئەوەی ئێمە مومارەسەی دەکەین لە رەگەی شەرعیەوەن. بۆیە دژایەتم هەر پاشگەزبوونەوەیەک لە دەستوور بە واتای گەاندنەوەی دیکتاتۆریەت".

لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی هەرێم رووبەڕووی نەکردەوە ئەگەر لایەنی عەرەبیی سوور بوو لەسەر خواستی پەداچوونەوە بە دەستووردا، هەڵوەستی کورد چۆن و چی دەبێت، ئەو تەنیا رەخنەی لەو هەڵوەستە گرت و بیروڕای کوردی درکاند. بەڵام "فریاد ڕەواندزی" ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕچەکرداری کورد رووبەڕووی دەکاتەوە و دەڵێت "کورد ئەو قیتۆیە بەکاردەهێنێت لە دەستووردا چەسپاوە، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر دوو لەسەر سێی، سێ پارێزگا ئەو هەموارکردنەیان ڕەتکردەوە، ئەوە بەیارەکە پووچەڵ دەبێتەوە". ئەوەی گرنگە لێرەدا پەنجەی بە ڕاکێشین ئەوەیە، دیسان عەرەبە عێراقییەکان هەمان ئەزموونی پێشان دووبارە دەکەنەوە و تەنانەت لەو دەستوورەش پێشیمان دەبنەوە خەیان لایەنێکی سەرکیی و کارا بوون لە نووسینەوەیدا و عێراقییەکان بە زڕینەی دەنگ پەسەندیان کردووە، ئەوەتا مالیکی سەرۆتای هەوڵێک دەخاتە گەڕ بە زەوتکردنی هەندێک لە مافەکانی کورد، ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەستهێنابێت، هیچ لەو ڕاستییە ناگەڕێت عەرەبەکان لە هەر هەڵکدا و لەگەڵ گەانی تای تەرازوی هەزدا، چاو دەخشێننەوە بە هەموو ئەو بەیارانەی پێشوویاندا، هەر لە دەستوورەوە تاکوو دەگات بە پێدانی ناسنامەیەکی فەرمیی بە قەوارەی دیفاکتۆی ئەمڕۆی باشووری کوردستان.

ئەنجوومەنەکانی ئیسناد

چەند مانگێکە سەرۆکی حکوومەتی عێراق، لە پەیوەندییکردندایە بە هەندە سەرۆک خێڵ و شێخی هەزەکان و هەندە کەنە جاش و دەمسپی کوردەوە، بە مەبەستی دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد وەک هەزەکی تری یارمەتیدەری حکوومەت بە سەقامگیرکردنی زیاتری بارودۆخی ئاسایش. بەڵام لایەنی کوردیی پێوایە ئیسناد جۆرێکی تر لە جاشایەتی و لەسەر زاری سەرۆکی هەرێمەوە جێخت لەوە کرایەوە

ئەوانەی دەچنە ریزی ئیسنادەوە خیانەتکارن و وەک جاش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. زۆریش لە شارەزایان و چاودێران وایدەبینن ئیسناد بە ئەو مەبەستە دروست نەکراوە نوری مالیکی و کاستەکەی لە رێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئاشکرای دەکەن و رایدەگەیەنن، بەڵکو زیاتر راکێشانی ئەو ئەنجوومەنانەیە بۆ لای لایەنێکی سیاسییدا نێک بۆ لای حکوومەتدا. کورد بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئیسناد دەکات و حکوومەتی هەرێمیش بە تووندی مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات پەیوەستبوون و دەبن بەو ئەنجوومەنانەوە.
"د.کەمال کەرکووکی" جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ تووندیی هەرشە دەکاتە سەر ئیسناد و دەڵێت "فەوجی ئیسناد هەروەک ئەو فەوجە جاشانەیە لە کاتی خۆیدا لە کارەساتی ئەنفالدا دەستیان بە خوێنی نەتەوەکەمان سوور بوو". لای خۆشییەوە سەرۆکی هەرێم، وەک ئاماژەی رەخنەگرتن و ئاشکراکردنی دژایەتی کورد لە بەرامبەر ئیسناد، جەخت لەوە دەکاتەوە ئیسناد هیچ خزمەتێک بە بارودۆخی سیاسیی عێراق ناکات و زیاتر بە فیدانی پارە و سامانی عێراق و ئیستغلالکردنی دەسەڵاتە بۆ هەڵبژاردن، هەروەک سەرۆکی هەرێم وتی "لە کەرکووک و موسڵ بە نانەوەی پشێویی و فیتنە دروستکراون". لە ئەوەی هەندێک لە کەنە بەعسی و کۆنە مستەشارەکانی کورد پەیوەندییان بەو ئەنجوومانەوە کردووە، بەڵام بەشەوەی گشتیی هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان جەماوەری کورد ئاگادار دەکەنەوە لەوەی هەوەستی فەرمیی حکوومەتی هەرێم لەمە ئیسناد، ئەوەیە ئەو ئەنجوومانە وەک فەوجی خەفیفەی پشان چاولێدەکات و لە هیچ کەسیش نابوورێت بەو ئەنجوومانەوە پەیوەندیی بگرێت.

ئەوەی ئاشکرایە مالیکی مەبەستی لە پێکهێنانی ئەم فەوجانە جیا لە پشتگیریکرن و پاڵپشتیی خۆی و پارتەکەی، بە تێکدانی ڕەوشی شاری کەرکوک و موسڵ، هەروەها ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان. بەجگە لە کوردیش هەندێک لایەن عێراقییەکانی تر ناڕازین بە دروستکردنی ئیسناد و پەیانوایە مالیکی لەسەر حیسابی دەوڵەت خزمەت بە خۆی و تۆزمە سیاسیی و مەزهەبییەکەی دەکات. لەو ڕووەوە "ڕافز ئەلعانی" لە بەرێی تەوافق ڕایگەیاند "بەیاردان لە دروستکردنی ئیسناد کارێکی ناڕاستە و تەنیا مەبەست لێی سەرنجڕاکێشان و پڵکێشکردنی عەشائیرەکانە بۆ لای لایەنێکی دیاریکراودا و هیچ پەیوەندییەکی بە بارێی ئاسایشەوە نییە، تەنیا لایەنێکی سیاسیی بەیار لەو ئەنجوومانانە دەدات نێک حکوومەت". پوختەی قسە ئەوەیە ئیسناد پیلانگێڕییەکی تری مالیکی و کاستەکەیەتی لەناو حکوومەتی ئێستادا

هەم بە هەناردی هەندێک مەهامی سیاسیی تایبەت بە خۆیان و هەم بە کەمکردنەوە لە هێزی هەرەمی کوردستان و نانەوەی پشتوینی لە کەرکوک، کە ئەمڕۆ بە کەورد ئەو شارە گرنگە و بایەخی خۆی هەیە و دەستبەرداربوون لێی کارێکی ئاسان نییە.

ئەنجامگیریی

لە پار ساڵەوە حکوومەتی نوری مالیکی چەندان کێشەی بە حکوومەتی هەرەمی کوردستان و پێگەی کورد دروستکردووە، کە "د.مەحمود عوسمان" ئەوانەی رابردوو بە پێنج کێشە ناو دەبات و ئیستا دیش بە شەشەمین کێشەی قووە هەژمار دەکات. بەیە کورد دەبێت خۆی ئامادە بکات بە زیادبوون و زەرتربوونی کێشەکان نەک چارەسەربوونی ئەوانەی ئێستا!!. ئەی کەواتە پێویستە کورد چی بکات لەم هەلومەرجە نوێیدا؟. "د.مەحمود عوسمان" دەڵێت "ئێگەر کێشەکانمان چارەسەر نەکران ئەوسا پێویستە کورد بیاری یەکلاکەرەوەی خۆی بدات، چوونکە ناتوانین بەم شێوەیە لە حکوومەت هاوبەش و بەردەوام بین". بەڵام پرسیارێکی بەجێ قووت دەبێتەوە: ئایا دوای ئەم تێنگەزانە و تێوابوونی کارەکانی ئەو پێنج لیژنەیەی بە چارەسەری کێشەکان دانراون و لە کۆتایی ئەرکەکەیاندان، کورد ناچار دەبێت هەڵوەستە "یەکلاکەرەوە" وەربگرێت یان دیسان لەم یاری مار و پێژەیە بەردەوام دەبێت؟.

وەک خەم ئەوەندەی دەخەکەم خوێندبێتەوە و سەرنجی ئەزموونی کارکردنی سیاسیی کوردم دابێت بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا، باوەڕم بەوە نییە بیارێکی حاسم بدات کە هیچ نەبێت لایەنە عەراقییەکان بهێنێتە پیرمام یان دوکان تا ئەمجارە ئەوان بێنە کوردستان و هەوبدەن کوردەکان رازی بکەن. هەموو بە هیوای ئەو هەڵوەستەین. پێش ئەوەی کات درەنگ بێت پێویستە کورد مالی خۆی رێکبخات بە گووتارێکی یەکگرتووی رووەوە بیاری کێنکرێتی خۆی بدا، لانیکەم کورد دەتوانێت کێشی سیاسیی لە عەراق تێکبدات، لەمپەر دروست بکات لەبەردەم ویستی شیعەکانی عەراق کە دەیانەوێ کوردستان قووت بدەن و بیکەنەوە بە پارچەیەک لە عەراق وەک چۆن عەراقیان کردووە بە بەشێک لە ئێران.

چاپتەری پێنجەم

کاریگەریی رامیاریی و ئابووریی کانی هەناردەی نەوتی کوردستان

رۆژی یەکەی حوزەیرانی 2009 لە رۆژنامەیەکی فەرمیدا و بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرەمی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عەراق بە یەکەمجار لە مێژووی باشووری کوردستاندا بەشێوەیەکی فەرمی پرسەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان

لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان راگەیەندرا و هەردوو سەرکی ئامادەبووش بۆ بەرچاوی زوومی کامێرای رۆژنامەنووسانی ناوخۆیی و دەرکیەوە یەکەمین قفڵی ئۆو هەناردەیان کردەوە. بۆپی زانیاریەکانیش ئەم پرۆسەیە لە کۆگە نەوتیەکانی "تاوکی" ناوچەی زاخۆ و تەقتەق دەستیپێکردەوە و ناردنە دەرەوەکەش لە ڕێی هێڵکانی "نابوکۆ"ی تورکیی و بە سەرپەرشتیی کۆمپانیای DNO" نەرویژیی و ئێداکس پترۆلیەم و ژێنێراڵ ئینێرجی" ئەنجامدەرە و لە هەنگاوی سەرەتادا ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێ و وا بەیاریشە لە کۆتا مانگەکانی ئەمساڵدا ئۆو بڕە بە 200-250 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز ببێتەوە، هەروەک پێشبینی دەکرێت لە ماوەی سێ چوار ساڵی داهاتوودا ڕۆژێکە بە دوو میلیۆن بەرمیل زیاتر ببێت.
ئەم ڕووداوە ناوازەیە جیا لەوەی بووە جێی سەرنجی چاودێران و ناوەندە سیاسیی و میدیاییەکانی دەرەوەی هەرێم، لە هەمان کاتدا بە پاشەڕۆژی ئابووری و ڕامیاریی باشووری کوردستان بایەخێکی بەرچاوی هەیە کە لەوانەیە ئەم پرۆسەیە کوردستان لە وەستگەی دووەتێکی سەربەخۆی کوردیی دابنێت، بەڵام پرسیاری جیددی لەرێیە: ئایا ئەم داهاتەی نەوت کە لە کوردستانەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت بە پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان تەرخان دەکرێت یان تەخشان و پەخشان دەکرێت و گەندەڵیی لووشی دەدات؟ ئایا ئەم سەروەتە زەر و زێبەندەی بە هەی فرۆشی نەوتی کوردستانەوە دەست حکوومەتی کوردستان دەکەوێت دەکرێت بە پێڕەوی ستراتیژیی و دانانی بناغەیەک بە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ڕەفاه و بینای خۆشگوزەرانیی یاخۆ پێچەوانەکەی؟. چوون هەتا ئێستا کێشەی عێراق کۆمیی داهات یان پێوانەگەیشتن نەبووە هەندەی ناشارەزایی و لێنەزانین بووە کە چەن سوود لەو سامانە پێ فڕۆ و داهاتە وەربگیرێت. "مارتین قان برێنسن"ی کوردناس و نووسەری کتێبی "ئاغا و شێخ و دەوڵەت" هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "عێراق پێ لە سەرچاوەی نەوتیی و وزەی ژێر زەوی، بەڵام نەزانینی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانە لە ڕەگەی بەرهەمهێنانی زانستیی و مودێرن، سەربەخۆیی لە تاکی عێراق سەندۆتەوە، هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەو سیستەمە تووشی هەمان کێشە هاتووە".

خێر و بەرەکی زەر کە لەوانەیە چەند دەیەیەک بگرێتەوە ڕوو دەکاتە ئەم بەشەی کوردستان، بەڵام بە بەوای من گرنگ خودی خێر و بەر و پارەی نەوت نییە، گرنگ سوود وەرگرتنە لەو داهاتەی بەهەی نەوتەوە دەژێتە کوردستانەوە، چوونکە ڕاستیێک هەیە نابێت نادیدەی بگرین

کە وڵاتانی جیهان بە تایبەت ئەمریکا لە هەوڵی دزینەوەی ئەتەرناتیفی پەترۆدان، ڕەنگبێ دوو و سێ دەیەی تر نەوت بایەخی خۆی لەدەستبدات بەو هۆیەی کە یارانی نەوت لە خۆرئاوا بەدیلێکی هەرزانتر و کاریگەرتریان دزیوەتەوە، بۆیەکا هەر لە ئێستاوە هەندێک لە وڵاتانی وەک شانشینکانی کەنداوی عەرەبیی دەرک بەم ڕاستییە دەکەن و دەیانەوێت خۆیان لە ژێر کاریگەریی ڕەشنبیریی و ئابووری نەوت بهێننە دەرەوە، چوون ڕەشنبیریی نەوت ڕەشنبیریی بەرهەمهێنانی نەوێکی بکاربەری ڕووتە، ئەو دەوڵەتانە خوازیارن لەم قۆناغە داهاتی نەوت بکەنە فاکتەری پێشخستنی وڵاتکانیان وەک مۆبێندی بازرگانیی و تەنانەت پیشەسازیش. بە حکوومەتی هەرێم و هەر دەسەڵاتێکی تر کە جێوی حکومی لە بندەست بێت، دەبێت دووربینیی هەبێت، ئەو فاکتە هەمان کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر کوردستان و دەبێت قۆناغی فرەشتنی نەوت زیرەکانە بقۆزرێتەوە، بە ئەو چاخی چیدی پەترۆ سوود و بایەخکی نەماوە کە وەک ماددەیکی گرنگ لە بازاڕەکانی جیهاندا داوایکی زۆری لەسەر بێت.

نەوت لە مێژووی کوردستاندا

مێژووی پەیدابوونی نەوت لە کوردستاندا لە هەزاران ساڵ تێپەڕیوە، نازانرێت ئاخۆ بە یەکەمجار کەنگێ بووە ئەم وزە پڕ بایەخە لە زەوی کوردستان هەڵقوواوە؟ بەڵام لە دوو سەدەی ڕابردووەوە ئەوە زانراوە نەوت لە خاکی باشووری کوردستاندا هەبووە، هەندێک لە سەرچاوە مێژوویەکان تیشک دەخەنە سەر ئەوەی عوسمانییەکان لە سەدەی حەقدە بەولاوە سوودیان لە سامانی نەوت وەرگرتووە بەشێوەیکی سنووردار کە تەنیا بۆ بەکارهێنانی یەکەکانی ئەرتەش بەکارهێناوە و بەس. کەرکوک گرنگترین جێگە یان جوگرافیای کوردستانە خاوەنی زەرترین ژمارەی چاڵە نەوت و زەرترین یەدەگی نەوتیی بێت لە تەکەای کوردستان و عەراقیشدا. عوسمانییەکان ئاگەرچی چەندین سەدە کەرکوک وەک بەشێک لە ویلایەتی موسڵ لە بندەستیاندا بووە، کەچی نەیانتوانیوە سوود لە سامانی سروشتی شارەکە ببینن بۆ تایبەت سەروەتی نەوت، تەنانەت هەر پێیان بە بوونی نەوت لەو سەرزەمینە نەبردووە.

لە ساڵی "1883ز" لەسەر داوای سوڵتان عەبدولحەمید نەردەیکی سەربازیی ئەڵمانیی بە سەرکایەتی "ڤۆن گۆڵتەر" بۆ ڕێکخستنی کاروبارە سەربازییەکان هاتە سنووری دەوڵەتی عوسمانی، لەگەڵ ئەوەدا ئەم نەردەیە ڕاپەرتی دەربارەی دەوڵەتی عوسمانیی نارد‌وە وڵاتەکەی، بەڵام لەو بارودۆخدا ئیمپراتۆرییەتی تورکیی "عوسمانی" نەیدەزانی پەترۆکی زۆر لە خاکەکەیدا بوونی هەیە و لەهەمان

کاتیشدا هیچ تەماناکی نەبوو بۆی. درەنگتر عوسمانییەکان لە رێگای شارەزایانەوە بەبوونی نەوتی کەرکوکیان زانی، "گوبانگیان" لەو کاتەدا راوێژکاری دارایی سوڵتانی عوسمانی بوو، یەکەم کەسیش بوو خەبەری بە سوڵتان دا، کە ئەو مەبەندە "کەرکوک" نەوتەکی زۆری تێدایە، هەر ئەم گوبانکیانە دواتر 5% نەوتی کەرکوک و ویلایەتی موسڵی بەرکەوت، هەر لەبەرئەوەش بوو پێیاندوت جانابی سەدی پێنج" (1). عوسمانییەکان بە درێژایی چەند سەدە داگیرکاریی نەیانتوانی یان شانسی ئەوەیان نەبوو سوود لە نەوت و سامانی سرووشتیی ویلایەتی موسڵ یان با بڵێین کوردستان وەربگرن، بەڵام دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە سەروەختی داگیرکاریی ئینگلیزییدا لە ژێر چاودێریی حکوومەتی بەریتانیی لە عێراق، گرنگیی زۆرتر درا بەو سامانە و هەر لەو ساتەوەختانەدا چەندین پاڵاوگەی نەوت هێنرانە عێراقەوە کە کاریان پاڵاوتنی نەوت بوو بە مەبەستی ڕەوانەکردنی بە دەرەوەی وڵات.

کەرکوک و نەوتی ئەو شارە لەم نەوەندەدا ڕۆڵکی سەرەکییان دەبینی و تەنانەت زۆرینەی بەرهەمی هەناردەی نەوتی عێراق هەر لەسەرەتاوە تا هەنووکەش هەر نەوتی کەرکوک بووە. کردنەوەی بڕیەر نەوتییەکانی کەرکوک لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست گرشەی زیاتری بە پیشەسازیی نەوت دا، لە کۆتایی ساڵی 1934ەوە نەوت نەردرایە دەرەوە، لە ساڵی 1935 بڕی نەوتی کەرکوک– حەیفا کرایەوە. ساڵی 1935 نزیکەی چوار ملیۆن بەرمیل نەوت نەردرایە دەرەوە، لەو ساڵەدا عێراق هەشتەم وڵات بوو لە بەرهەمهێنانی نەوتدا. ساڵ بەساڵ هێزی ناردەی نەوت لە کەرکوک دەچووە سەر، بەمەش ژمارەی بڕیەرەکان زیادیکرد، لە ساڵی 1934 هەڵکی 12 ئینجی بە تەرابلس و حەیفا دروستکرا، لە1949 هەڵکی دیکەی 16 ئینجی بە تەرابلس و لە1952 هەڵکی 30 ئینجی بە بانیاس دروستکرا، ئەوەی حەیفا لە1948ەوە ڕاوەستاوە، کەرکوک ماوەی زیاتر لەنیو سەدە، گیرفانی سەرجەم خەڵکی عێراق بوو، داهاتی عێراق لە ڕێگای بڕیەرە نەوتییەکانی کەرکوکەوە دابین دەکرا. چاڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لە نێوان ساڵەکانی 1927-1974 پتر لە 70،2% نەوتی هەموو عێراقی بەرهەمهێناوە. (2).

وەنەبێ نەوت تەنیا لە کەرکوک بوونی هەبێت، بەڵکو لەچەندین ناوچەی جیاجیای باشووری کوردستان هەر لە زاخەوە تا خانەقین دەیان کەڵگەی نەوتیی بوونیان هەیە، کە تەکەا هەموو ئەو سەرچاوە نەوتییانە زۆر لەوە زیاتر داهاتە دەچنێوە کەمەڵگەیکی پێنج شەش ملیۆنی وەک کوردستان پێویستی پێیەتی، بەڵێ ئەگەر کورد دەوڵەتی هەبێ یان مافی

پەیدرەت سوود لە سەرچاوە سرووستییەکانی خۆی وەربگرێت ئەوە نەک خۆشگوزەرانی بە هاووڵاتیان دەتەدی و لەسەرکی دیکەوە دەبێتە بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەوڵەمەند و گەشەسەندوو لە هەموو لایەنێکەوە. ئێستا لە زاخۆ و لە تەقتەق نەوت دەردەهێنرێت و ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت، قەرەتەپە و جەلەولا، هەندێک ناوچەی پارێزگای دهۆک و سلێمانی ناوچەی نەوتاویین، لە هەولێر ناوچەی کەندەناوە یەکێکە لەو جوگرافیا بە پیتانەی چەندین چاڵە نەوتی گەورە و بە داهاتی تەدایە. لە سەرەتای پێکهێنانی عێراقدا لە دوای شۆڕشی جیهانیی یەکەم، ناوچەی کەندەناوە وەک زۆر ناوچەی دیکەی عێراق نەوتی لەدەزرایەوە، بە یەکەمجار لە ساڵی 1920 تاکو 1960، چوار بیری لەهەکەنرا و سەرکانیان قەپاتکرا.. لە کۆگەی نەوتییەکەی خورمەڵە کە سەر بە ناوچەی کەندەناوەیە، لە ساڵی 1963 هەتا 2003 ژمارەی بیرە هەکەنراوەکان گەیشتە 54 بیر و بە ئاگاداریی و سەرپەرشتیی کەمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکوک، لە ساڵی 2007 بە دواوە دوو تاوەری بیر هەکەندن هەنراوەتە کۆگەی نەوتی خورمەڵە و هەتا ئێستا چوار بیری دیکەیان هەکەندووە، (3).

بەم دواییانەش کۆگەیەکی تری نەوت لە گوندی "شاکەل"ی نزیکی شارۆچکەی کەلار دەزراوەوە کە پسپۆران و کەمپانیا بیانییەکان وەهای مەزندە زۆرتر لە250 ملیۆن بەرمیل نەوتی تەدابێت، هەر لەگەڵ دەزینەوەی ئەم بیرە نەوتەشدا حکوومەتی هەرێم لەگەڵ کەمپانیایەکی ئوسترالی بەندێکی مەر کرد بەمەبەستی دەرهێنان و هێناردنی بە دەرەوەی هەرێم و بە ئەو مەبەستەش تەنیا بڕی 20% لە پشک و داهاتی ئەو کۆگە نەوتییە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. نەوتی کوردستان ئەگەرچی شادەماری ئابووری عێراق بووە و بەبێ سەرچاوەی سرووشتی کوردستان بگومان هیچکات عێراق نەدەبووە ئەو هەزە گەورەیەی لەسەر ئاستی جیهان حسابی بۆ بکرێت یان بتوانێت ئاوها گەشە بکات بە تایبەت لە ڕووی ئابووری و پیشەسازیی چکۆچۆڵەوە بە تایبەت لە ماوەی فەرمانڕەوایی بەعس 1968-2003، بەتەمام ئەو سەروەتەی لە خاکی کوردستانەوە دەهات هیچی بۆ کورد خۆی نەبوو، بەڵکو لە زەرینەی ماوە مەژوویەکاندا لە دژی خەباتی ڕەوای کورد بەکارهێنراوە.
لە ساڵی 1931 تا 1949 بایی 136 ملیۆن دۆلار نەوت فڕۆشراوە، باسی ملیۆن دۆلاری پێش پەنجاکان دەکەم کە چ قودرەی ئیسرائیل هەبووە 136 ملیۆنی پێش پەنجاکان نەبووە!، لە 1931 تا 1949 ئەو 136 ملیۆنە هەر هەمووی لە کوردستان دەرهاتووە تا ئەو کاتە لە دەرەوەی کوردستان عێراق شوێنکی دیکەی نەبووە نەوتی لێ بێت تا ساڵی 1950،

لە1950 تا 1957 هەموو عێراق داهاتێ نەوتییەکێ لەو ماوەیدا 995 ملیۆن دۆلار بووە 800 ملیۆنی داهاتی کوردستان بووە کە زیاتر لە 80% دەکات. لە 1958 تاوەکو 1962، (1266) ملیۆن دۆلار داهاتی نەوتی عیراق بووە لەو 964 ملیۆن زیاتری داهاتی نەوتی کوردستان بووە، لە1963 تا 1976 هەموو داهاتی عێراق 1788 بووە،70% بڕەو ژوورتری داهاتی نەوتی کوردستان بووە، لە 1978 تا 1990، (153) ملیار دۆلار داهاتی نەوتی عێراق بووە و زیاتر 119 ملیاری داهاتی نەوتی کوردستان بووە ئەمە هەمووی داهاتی ئەمە بووە لە کوردستان دەرچووە.(4). ئەمە ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە، دەیتوانی لەرووی ئابووریەوە شان بدات لە دەوڵەتە شانشینەکانی کەنداوی عەرەب لە چێشنی ئیمارات و قەتەر.

بەگومان لە ساڵانی دواتریشدا لانیکەم زەرینەی ئەو بە نەوتەی لە بڕەهەمی نەوتی عێراقیی فڕۆشراوە لە کوردستان بە تایبەت لە چاڵە نەوتییەکانی کەرکوک دەرهاتووە، بەشێوەیەکی گشتیی زۆرتر 70% بڕەهەمی هەتا ئێستا فڕۆشراوی نەوتی عێراق لەناوچە کوردییەکانەوە دەرهێنراوە و ڕەوانەی دەرەوە کراوە. لە دوای پڕسەی ڕووخانی سەدام و بەعسیش کە جارێکی تر نەوت ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرایەوە دیسان پشکی زەرینە هەر لە حسابی نەوتی کورد دەرچووە. بەپێی ئامارێکی فەرمیی ڕێژەی فڕۆشتنی نەوت لە دوای 2003 بەمشێوەیە بووە (ساڵی 2003 یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار بەرمیل، ساڵی 2004 یەک ملیۆن و نۆسەد و نەوەد و پێنج هەزار بەرمیل، ساڵی 2005 یەک ملیۆن و هەشت سەد و پێنجا هەزار بەرمیل، ساڵی 2006 یەک میلیۆن و نۆسەد و پێنجا و پێنج هەزار بەرمیل، ساڵی 2007 دوو ملیۆن و سێ و شەش هەزار بەرمیل، ساڵی 2008 دوو ملیۆن و سێسەد و هەشتا و شەش هەزار بەرمیل).
هەرچەندە لەم قۆناغە نوێیشدا دیسان نەوتی هەرەمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا هەناردەی دەکرێت و داهاتەکەی دەچێتەوە سەر داهاتی گشتیی عێراق، هەروەک لەسەر زاری سەرکەی حکوومەتی هەرێم "نێچیرڤان بارزانی"یەوە گوزارشتی لێکرا "شانازیی بەوەوە دەکەین بەشداریی بکەین لە زیادکردنی بڕەهەمی نەوت و داهاتی عێراق"، بەڵام لانیکەم لە هەنووکەدا داهاتی نەوت لە دژی کورد بەکارناهێنرێت چوونکە قۆناغی سووتماککردن و کاولکاریی کوردستان کۆتایی پێهاتووە "هەرچەند لە داهاتووشدا ئەگەرێکی دوور نییە"، بگرە هەر زیادبوونێک لە بودجەی عێراقدا زیادبوونە لە بودجەی کوردستانیشدا چوونکە بەپێی دەستوور هەرەم دانپیانراوە و مافی خۆیەتی بە قەد ژمارەی دانیشتوانی "کۆئەستا 17%یە" لە داهاتی

عێراق بەرێت بە خۆی، لە مەودای دووریشدا هەر کاتێک کورد هەڵی ئاوەی بە ڕکەوت ببێتە دەوڵەت ئاوە نەوت شادەماری ژیان و ئابووری ئاو دەوڵەتە نوێیە دەبێت.

ناکۆکیی حکوومەتی بەغداد و هەرێم لەسەر دەرهێنانی نەوت

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ چوار ساڵی ڕابردوو بە هاوبەشیی لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای بیانیی بە تایبەت کۆمپانیا نەرویژیی و کەنەدییەکان دەستیکردووە بە دەرهێنان و هێناردەی سامانی نەوت لەو ناوچانەی دەکەونە ژێر قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەوە و لە ڕۆژی 9-9-2006 حکوومەتی هەرێم پڕۆژەی یاسای نەوت و گازی ڕاگەیاند و لە مانگی ئۆگەستی 2007 پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاساکەی پەسەند کرد.
بەپێی دەستووری حکوومەتی عێراقیش ماف دراوە بە حکوومەتی هەرێم بە دەرهێنان و هێناردەی نەوت لە سەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، بە تایبەت بەگوێی یەکەمی ماددەی سەد و دە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق جێخت لەوە دەکاتەوە "حکوومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کۆگەکانی ئێستا بەڵام دەبات بە مەرجێک داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرییە و بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشک بە ماوەیەک بە ئاو هەرێمە زیانلێکەوتوانەی ڕژێمی پێشوو بەبەشی کردبوون و ئاوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بە جۆرێک گۆشەسەندنەکی هاوتەریب بە ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت".
لە هەندێک بەندی تری هەمان دەستووریشدا هەمان ماف بە هەرێمەکان بە ڕەوا بینراوە، بەڵام ئاو سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جیاواز لەوەی بووە جێگەی ناڕەزایی وڵاتانی ناوچەیی وەک تورکیا، لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە ڕێگەی وەزارەتی نەوت وخودی "حسەن شەهرستانی" وەزیرەوە بە تووندی دژایەتی ئاو هەنگاوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرا، ئەمەش ببووە میحوەر و تاوەرێکی دیکەی ناکۆکیی نێوان کوردستان و عێراق کە ساردییەکی زۆری خستبووە ناو پەیوەندیی سیاسیی هەردوو لاوە. ئەم دژایەتییەش لە ژێر ناوی پشتگیرکردنی دەستوور و هەنگاوی جیابوونەوەی کوردەکان پاساوی بە دەهێنرایەوە، کە کوردەکان دەیانەوێ لە ڕێگەی بەرهەمهێنان و هێناردەی نەوتەوە بەردی بناغەی دەوڵەتەکی کوردیی دابنێن.
هەتا ئێستاش کە نەوت بەشێوەیەکی فەرمیی لە کوردستانەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت هەمان مەترسیی هەیە و سەرکردە کوردەکانیش خوازیارن هەموو لایەنێک دنیا بکەنەوە لەوەی نایانەوێت بە هێناردەی نەوت

حکوومەتی کوردیی لەسەر جوگرافیای باشوور دروستبکەن، ئەوتا "جەلال تاڵەبانی" سەرۆک کۆمارە کوردەکەی عێراق لە کۆنفڕانسی کردنەوەی قفڵی هێناردەی نەوتدا، رایگەیاند ئێم هەنگاوە بە دژایەتی هیچ کەس و حکوومەتێک نییە و گوتی "ئەو هەنگاوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆ ناوێتی، هەموو ئەو بیر و بۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن هەرێمی کوردستان دەیەوێت نەوتی هەرێم بە بڕژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت و دواتریش خۆی لە عێراق جیا بکاتەوە". لە باری واقیعییەوە بڕم هەنگاوە فەرمییەی حکوومەتی هەرێم کوردستان کەتایش دێت بەو گرژیی و ئاڵۆزییەی لەسەر پرسی دەرهێنان و هێناردەی نەوت لەنێوان هەردوولا دروستبوو. بەهەمانحاڵ ئۆگەر پشووتر پرسی ناردنە دەرەوەی نەوت بووبێتە کێشە لەنێوان ناوەند و هەرێمدا، ئێستا بارەکە بەو ئاقارە گەیشتووە هەردوولا بەهەماهەنگیی کاربکەن لەناردنەوەی دەرەوەی نەوتدا.ئەمەش هەنگاوێکی دەستوورییە، بەڵام بە ئەوەی کورد خۆنی هەمیشەیی مانەوە بێت لە عێراقدا وەک ئەوەی سەرکردەکانی کورد باسی لێوە دەکەن.

هێناردەی نەوت.. کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی کورد و تورک

دەوڵەتی تورکیا دوای ئێران پتر لە هەموو دەوڵەتانی تر چاودێریی ڕەوشی سیاسیی باشووری کوردستان دەکات، تەنانەت تورکیا یەکێک بووە لە لەمپەرە هەرە گەورەکانی بەردەم بەدیهاتنی دەوڵەتێکی کوردیی لە باشوور، بە بەوای هەندێک کارناسی ڕامیاریی و زۆرێک لە سیاسەتمەداران تورکیا لە زۆرترین دەرفەتکاندا ڕێگری بەردەم خۆنی کوردەکان بووە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. "ئان ویلیامس"ی ڕۆژنامەنووسی بەریتانیی دەربارەی ناحەزیی تورکیا و ڕەتی لە کەسپ خستنە بەردەم دەوڵەتی کوردیی، پێیوایە "ئۆگەر تورکیا نەبووایە، ئەمەریکا زۆر حەزی دەکرد دەوڵەتێکی هاوڕە و هاوپەیمانی وەکو کوردەکانی هەبووایە لە باکووری عێراق".

لەگەڵ ناردنە دەرەوەی نەوتیش لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە، دەوڵەتی تورکیا هەراشانتر لە جاران هاتە سەرخەت و ئەو هەنگاوەی وەک سەرەتای شەقاونان بە دەوڵەتی کوردیی لێکدەدایەوە، ئەو دەوڵەتە کوردییەی تورکیا هەشتا ساڵە هەموو ژیانی خۆی لەسەری داناوە تاوەکوو نێتە سەر ئەتڵەسی جیهان، ئەمجارەیان بە پێچەوانەی هەموو کاتێکانی تردە تورکیا لە هەنگاوی ناردنە دەرەوەی فەرمیی نەوت لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دەنگی ناڕازایی لە بەرز نەبووەوە، ئۆگەرچی ڕۆژنامە و ناوەندە میدیاییەکانی تورکیا گرنگییەکی بەرچاویان دا بە هەواڵەکە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی و ڕاگەیاندنیش بە دەرفەتێک بۆ لێک نزیکبوونەوەی زیاتری هەردوولا

لەکدرایەوە، ئەمەش یەکێکە لەو سیاسەتە حەکیمانەیەی تورکیا کە بەگومان کاریگەریی ئیجابی بە ژیانی سیاسیی و ئابووری هەردوو گەل و وڵات دەبێت چ لەماوەیەکی نزیکدا و چ لە دوور ماوەدا.

ڕۆژی 2-6-2009 واتە یەک ڕۆژ دوای مەراسیمی کردنەوەی قفڵی هەناردەی نەوتی کوردستان ڕۆژنامە تورکییەکان ئەم دەزیان وەک پرسێکی هەستیار و پە بایەخ و بە مانشێتی گەورە باوکردەوە، بە نموونە ڕۆژنامەی "سەباح" لە ژمارەی ئەو ڕۆژەیدا بە وردیی تیشکی خستەتە سەر دەسیەکە و ڕوونیشی کردەتەوە ئەم ڕووداوە سەلمێنەری ئەوەیە تورکیا بە کوردستان دەتوانێت پەناگەیەک بێت. ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیاش "چەنگیز چاندار" لە یەکێک لە وتارە نوێیەکانیدا نووسیویەتی "بە ناردنی نەوت و گازی سروشتی بە بازاڕەکانی جیهان، باشترین شوێن تورکیایە،. ئەم پێشکەوتنانە هەتا بە شیکاری سیاسیی ستراتیژیی و دیاریکردنی باسی ڕۆژانە سوودی هەیە و دەبێت لە بەرچاوی بگرین". هەرو لەو نووسەندا "بی بی سی تورک" نووسیبووی "لە مەڕووی عێراقدا یەکەمجارە خێڵکی کوردستان لە هەرەمەکە سەرچاوەی نەوتیی بەیار دەدات، ئیتر نەوت دەگاتە ئەو ڕادەیەی جێگیریی و خۆشگوزەرانیی بە دوای خۆیدا بهێنێت و ئەمەش ئەو ڕووداوە بە عێراق سەرکەوتنێکی زەر گەورەیە" (5).
تەواوی میدیاکانی تریش بە بایەخەوە سەیری ئەم پرسیان کردووە و شیکاریی ئەوە دەکەن ئەم ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان لەڕگەی بەرییەکانی تورکیاوە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ لە پێوەندیی دەستانەی نێوان هەردوولا، لەلای خۆیانەوە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم و باڵای کوردستان هەموو لایەکیان دڵنیا کردەتەوە هەناردەی نەوت لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووریدا دەبێت و ئاکامی زیانباری بە هیچ حکوومەت و گەل و دەوڵەتێک لەناکۆتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە کوردەکان خوازیارن بەم بەنەوە پەیەیەکی سپی و نوێ هەبدەنەوە لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ خودی حکوومەتی عێراقیی و دەوڵەتانی تری ناوچەیی و جیهانیی. لەگەڵ ئەوەی کورد نیەت پاکیی خۆی نیشانداوە و تورکیاش خۆشحاڵە بەوەی نەوتی کوردستان لە بەرییە نەوتییەکانی وڵاتەکەیەوە هەناردە بکرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا چاوپۆشیی لە هەبوونی گەریلاکانی پەکەکە لە باشوور و دەستکەوتەکانی هەرەمی کوردستان دەنوقێنێت بە خاتری سوودی ئابووری؟ ئایا پەکەکە نابێتە کۆسپ لەسەر ڕێگای ئەو پێوەندییە تازەیەی نێوان هەردوولا؟. هەشتا وەڵامی ئەم پرسیارە زەر هەستوەر و بایەخدارە دیار نییە، ئەوەی دیارە پێشوازیی و خۆشحاڵیی تورکیایە لە هەناردەی نەوتی ناوچەکانی

ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە ڕێی وەاتەکیەوە، پێشهات و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوو بەرسڤی ئەو پرسیارە دەدەنە و ئاخۆ نەوت چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ڕەوشی سیاسیی و پێوەندیی سیاسیی باشووری کوردستان و دەوڵەتی تورکیا؟.

کاریگەریی هەناردەی نەوت لەسەر ئاستی کوردستان

سەرکەی پارلەمانی کوردستان "عەدنان موفتی" لە ڕوورسمی کردنەوەی یەکەمین قفڵی هەناردەی نەوتی کوردستان ڕایگەیاند "ئەمەش کە بەرهەمی نەوتیی کوردستان بشێوەیەکی ڕەسمیی دەخرێتە بازییەکانی نەودەوڵەتی نەوتی عێراق بە ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی، هەنگاوێکی گرنگە و داهاتی عێراق زیاد دەکات و بگومان لە بەرژەوەندیی گەلانی عێراقدایە". لە باری واقیعییەوە نەوتی کوردستان لەمەوپاش سااڵنە زیاتر لە بڕی 20 ملیار دۆلار دەخاتە سەر بودجەی عێراق کە ئەمەش نیوەی ئەو بودجەیە عێراق لە ساڵێکدا لە ڕێی بازرگانیی نەوتەوە پاشکەوتی دەکات. ئەگەر ئەم بڕە زیادەیە هەر هیچ پشکی کورد تێدا نەبێت، ئەوە لانیکەم لەو بڕە نزیکەی سێ "3" ملیار دۆلار بەر کوردستان دەکەوێت ئەویش لە ڕگەی پرنسیپی 17% بۆ کوردستان لە بودجە و داهاتی گشتیی عێراق.

کەوابوو گومان هەڵناگرێت زیادکردنی ئەو چەند ملیاردە بە سەر بودجەی باشووری کوردستان لە دوا شیکردنەوەدا دەبێتە فاکتەری سەرکیی بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری وەاتەکە. ئەگەرچی لە هەرەم هیچ کەس هاشا لەبوونی گەندەڵیی و بەفیڕدان ناکات، ئەگەرچی هەموو پڕۆژەکانی لە بوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریی ئەنجام دەدرێن بە پێی سیستەمێکی ڕوون و ڕێکوپێک و پاکژانە کەتاییان پێناهێنرێت، ئەگەرچی لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر کارەندی بن دیوار و بێکار و بە ئەزموون بوونیان هەیە و بەشێکی بەرچاوی داهاتی کوردستان لەبڕی لە بواری بەرهەمهێنانداوگەڵبخرێت دەدرێت بەمووچەی ژمارەیەک خەڵکی بێکاربەر و بە بەرهەم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نکۆیی ناکرێت ڕەوشی ئابووری و داهاتی تاکەکەس لە شارەکانی کوردستان زۆر باشترە بە بەراوورد بە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، لەهەمان کاتدا ڕژێی هەژاریی لەناوچە کوردنشینەکاندا لە چاو ڕژێی هەژاریی لە ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق هەرگیز قابیلی بەراوورد نییە.

ڕاپۆرتێکی ئابووری وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات تێکڕای ناوەندی داهاتی تاک لەهەرێمی کوردستان بەرزترە بە بەراوورد بە بەغداد و شارەکانی عێراق، لەهەرەم داتای ناوەندی تاک 190،900 دینارە لە مانگێکدا، بەڵام ئەم ڕژێیە لە

بەغداد 125،900 و لە سەرجەمی عێراق 125،100 دینارە. (6). سەرباری ئەو جیاوازییە لە رێژەی داهاتی تاکەکەسدا، هێشتا بەو مانایە نییە لە کوردستان خەڵک نییە لە ژێر هەژارییەوە ژیان بگوزەرێنن، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە ئەم پرسەی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان و ئەو جووڵانەیەوە لە ئابووری تەکەای عێراقدا کەم تا زۆر کارتێکردنی هەیە بە سەر گەشەکردنی ژیانی ئابووری و تەنانەت بازرگانیی و سیاسیش لە هەرێمی کوردستاندا، لە دەستی گەندەڵیی و بەفیڕدان زۆر لەوە درێژتر بتوانرێت ئەم بڕە داهاتەی لە بپارێزرێت، بەڵام دواجار بە ڕێژە و ئەندازەی جیاواز سوودی لەدەبینرێت لە زیاتر پێشخستنی ڕەوشی ئابووری و خستنەگەڕی لە بواری خزمەتگوزارییدا، کە ئەمە خوازیارین لە بواری بازرگانیی و وەبەرهێنانەدا سوودی پتری لە ببینرێت، چوونکە نابێت بەیەکجار ئەو داهاتە بەباوبکرێتەوە و کەس نەزانێت بە کوێ دەڕوات، بەڵکو پێویستە کارێک بکرێت ئەو داهاتە زۆرتر بێت و سەرمایەگوزاریی پێوە بکرێت لە ڕەگەی هاندان و خستنەگەڕی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و ڕاکێشانی کەمپانیا و ناوەندە بازرگانی و وەبەرهێنە دەرەکییەکانەوە تا لە کوردستان سەرمایەگوزاریی بکەن و دەرخەکی نوێتر و ئابووریەکی بەهێزی گەشەکردوو لە بەستێنی کەمەی کوردستان بخوڵقێنن.
پێشکەوتنی زۆرتری ئابووری کوردستان بە خەی پێشکەوتنی سیاسیش دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر کوردستان هەر ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت و ئابووریەکی فاشیل و لەرزۆکی هەبێت بە هیچ جۆرێک نە خواستی خەڵکە و نە حکوومەتێکی لەو چێشن و بابەتە دەتوانێت بەرگەی کێبڕکێ و ململانێی سیاسیی و ڕووبەووبوونەوەی نێودەوڵەتی بگرێت، ڕاستتر وایە بڵێین دەوڵەتێکی ئابووری تێپیو و هەژار هەر نابێت باشترە، لەم ڕووەوە هێناردەی نەوت لە یەکێک لە ڕەهەندەکانیدا دەخی سیاسیی بەرەو پێشەوە دەبات و دەسکەوتی زۆرتری بە بەدیهێنێت. ئەم فاکتەش وەنەبێت تەنیا تێبینی من بێت وەک تاکەکەس، بەڵکو زۆرێک لە پسپۆران و شارەزایان و کوردناسان کەکن لەسەر ئەم بۆچوونە، بە وێنە "فاروق باکج" سەرۆکی دەستەی ڕۆژنامەنووسی دیاربەکر لە تورکیا هەمان ڕوانگەی هەیە و دەڵێت "نەوت هەزێکی سیاسیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و یەکەم جار بە ناوی کوردەکانەوە دەردەچێت و من ئەوە وەک خاڵێکی سەرەتا دەبینم، سەرکەوتنی سیاسیی ئەگەر سەرکەوتنی ئابووری لەگەڵیدا تاجی لەسەر نانرێت ئەوا گەڵانکارییەکی ڕاست و جێ متمانە نابێت و ئازاری زۆری لەدەکەوێتەوە".

کاریگەریی هێناردەی نەوت لەسەر ئاستی عێراق

لە ساڵی 1958 بەملاوە، عێراق بەهەموو شێوەیەک سەقامگیریی لە دەستداوە و بەردەوام حکوومەتەکانی عێراق، سەرقاڵی جەنگ و شەڕی ناوخۆیی و دژەکیی بوون، لەگەڵ هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە تەموزی 1968، زۆر لە جاران کاریگەرتر و هەراشانەتر جەنگ بوو بە چارەنووسی عێراقییەکان، بەو هەیوە پشکی زۆری بودجەی عێراق بە جەنگ و بەردەوامبردنی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان بۆفیە دەبرا، جەنگ نەک تەنیا بودجە و داهاتی زۆر و زەبەندی عێراقی هەڵووشی، بەڵکو وەاتەکەی کردە یەکێک لە قەرزارترین دەوڵەتەکانی جیهان، ئەمەش لە دوا ئاکامدا بووە فاکتەری داتەپینی ژێرخانی ئابووری و هەڵاوسان و هەژاربوونی عێراق، دواتریش گەمارۆی ئابووری سەر عێراق کە سیانزە ساڵی خایاند "1990-2003" یەکێک تر بوو لەو هەکارانەی هێندەی تر عێراقی رووەو هەژاریی و نەدارییەکی خنکێنەر برد .
بەهەمەحاڵ کەمەک فاکتەر بە گشتیی و بەیەکەوە کاریان لە دۆخی ئابووری و داهاتی تاکەکەسی عێراقیی کرد تا ئەو مەرزەی ئێستا هەژاریی دیاردەیەکی ترسناکە لە عێراقدا و بە گوێرەی راپۆرتی ڕێکخراوە جیهانییەکان عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بە ئەندازەیەکی ترسناک هەژاریی تێدا هەیە. تەنانەت بە گوێرەی تازەترین داتای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەی هەژاریی لە عێراق لە هەریەک لە وەاتەکانی وەک یەمەن و نیجیریا و سودان زیاترە، بەوەی ڕێژەی هەژاریی هەنووکە لە عێراقدا لانیکەم 39% کەچی ئەم ڕێژەیە لەو سێ وەاتە نەگەیشتۆتە 35%، لە کاتێکدا هیچکام لەو وەاتانە نەوت و سەروەتی سروشتیی و هاوکاریی دەوڵەتانی جیهانیان نییە کە عێراق هەموو ئەمانەی هەبووە و هەیە، هەروا بەپێی راپۆرتی "ئۆروپیان زیوس" دەربارەی ڕادەی هەژاریی لە عێراق لە ساڵی 2009دا، ڕێژەی هەژاریی لە عێراقدا رووی لەبەرزبوونەوە بووە و وا پێشبینی دەکرێت ئەم ڕێژەیە رووەو بەرزبوونەوەی زیاتر بڕوات، بەیەکەوە پێویستە پەڕەی دابەشکردنی خواردەمەنی لە وەاتی عێراقدا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.
هەندێک ڕێکخراو و دامودەزگای عێراقی و بیانیی و نێودەوڵەتیی فاکتەری هەژاریی لە عێراقی دوای سەدامدا دەگەڕێننەوە بۆ نابوونی سیاسەتێکی حەکیمانەی ئابووری و جەنگی تیرۆریستان و هەبوونی گەندەڵییەکی بێ ئەندازە و سەرسوڕهێنەر لە وەزارەت و دامودەزگاکانی میریدا، بۆ گوێرەی لێکدانەوەی ڕێکخراوگەلێکی پابەند بە پرسی هەژاریی، بودجەی چەند ساڵی دوای پرسەی رووخانی بەعس و هەڵکشانی داهاتی عێراق بەهۆی فرۆشتنی نەوتەوە هێندە بەرز بۆتەوە بەدەر لە پەڕە خزمەتگوزارییەکان، ئەو داهاتە بەشی ئەوەی دەکرد هەر تاکێکی عێراقی چەند سەد دۆلارێک وەربگرێت لە مانگێکدا،

ئیدی ئەمە کە نەکراوە هەیکی ئاشکرایە چییە!. یەکێکی تریش لە فاکتەرەکان جەڕکە لە تاڵانکردنی نەوت لە ڕێی هەرزانفرۆشییەوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئاو بڕیینە نایاسایانەی لە باشووریەوە بارەو ئێران نەوتی عێراقی پێدا دەبڕێت.
بە وتنە "ستیڤان کلیمونز" سەرەکی دامەزراوەی ئەمریکیی نیو پێیوایە "خراپترین هەواڵەست ئاوایە کە کەمپانیا ئەمریکیی و بیانییەکان نەوتی عێراق بە هەرزانترین نرخ ببڕن و هاوواڵتیانیش لە هەژارییەکی کوشندەدا بژین". لەگەڵ بوونی ئەم فاکتانەدا ناتوانین بیشارینەوە ئەدای ناشی و نالەپرسراوانەی حکوومەتی عێراقی بەشکی زۆری کێشەکەی پێکهێناوە، چوون ئەگەر هەر باسی داهاتی نەوت بکەین لە حەوت مانگی یەکەمی ساڵی 2008 لە 43 ملیار تێپەڕیوە، ئایا حکوومەتێک کە ژمارەی هاوواڵتیانی نەگەیشتبێتە 30 ملیۆن و ئاو بودجە هائیل و خەیاڵییەی هەبێت، دەبێت لە غەیری گەندەڵیی چ پاساوێکی تر هەبێت بە ئاو گوزرانە خراپەی تاکی عێراقیی تەدایە؟. "ئەگەر ئاو 43 ملیار دۆلار، ڕێژەی 75% بدرێتە حکوومەت، ئاوا بڕی شەش ملیار دۆلار دەبێتە بەشی هاوواڵتیان!، بە پێی دابەشکردنی ئالاسکا بە گریمانەی ئاوەی دانیشتوانی عێراق ئێستا بە30 ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت و ئاو سی ملیۆنە 6 ملیاری بەسەردا دابەشبکەیت، ئاوا هەر تاکێکی عێراقی مانگانە بڕی 200 دۆلاری ئەمریکیی بەردەکەوێت" (7).
ئاوەی تا چەند ئاو بیست ملیار دۆلارەی لە داهاتی فرۆشی نەوتی کوردستانەوە دەچێتە سەر بودجەی عێراق دەبێتە فاکتەری بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و چاکبوونەوەی ئاستی بژێویی هاوواڵتیانی عێراق، پێوەستە بە سیاسەتی حکوومەتی داهاتووی عێراقەوە، چوونکە بینیمان سیاسەتی کابینەی مالیکی لەهەموو ڕوویەکەوە شکستخواردوو بووە بە تایبەت لە بەرزکردنەوەی دۆخی هاوواڵتیان، بەیە باوەڕ ناکرێت بەم چەند مانگە کەمەی ماوەتی لە دەسەاتدا بتوانێت کارێک لە دۆخی ئابووری عێراقدا بکات موعجیزە بخوڵقێنێت، لەبەرئەم حکوومەتی داهاتووی عێراق کە لە سەرەتای ساڵی نوێوە دەستبەکار دەبێت ئەرکی چاککردنی باری دارایی و بژێویی خەڵکی دەکەوێتە سەرشان، ئەگەر گریمانەی ئاوە دابنێین دیسان مالیکی دەبێتەوە سەرۆک وەزیرانی وەات چاوەاونیی هیچ ئاوگەڵکی شایانی باس ناکەین، چوون ئاویش هەموو قورسایی کاری سیاسیی خۆی بەستێتەوە بە لاوازکردنی کورد و بەهێزکردنەوەی سوپا و دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی سەنتراڵ و تۆتالیتاریی، ئەم کارەش نەک باشێکی بە هاوواڵتیان نییە بەڵکو بە شاوێک لە شاوکان لەسەر حیساب و پاروو نانی هەژاران و چینەکانی خوارەوەی کەمەڵ دەخرێتە

بواری پراکتیزەوە. زۆر بە کورتیی نەوتی کوردستان لانیکەم نیوەی بودجەی ئێستای عێراق و بە ساڵانی داهاتوو داهاتی عێراق بەرزتر دەکاتەوە، بەڵام بەئەوەی ئەم بەرزبوونەوەیە لە داهاتدا ببێتە بەرزبوونەوە لە ڕووشی ئابووری و داهاتی تاکەکەسدا پێویستمان بەسیاسەتکی ئابووری ڕشن و پتەو هەیە، وەک چۆن ڕووبووبوونەوەی گەندەڵیی و بە فیڕدان دەبێت لە ئەولەویەتی کاری دەوڵەتی ناوەندا بن.

کۆتایی نەوت و سەرەتای ناهەمواریەکی ئابووری

وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەوانەی بەشێوەیکی بەرچاو پێویستیان بە وزە و سووتەمەنی هەیە بە گشتیی و نەوت بە تایبەتی، بە دوای ئەلتەرناتیڤی نەوتدا دەگەڕێن تاوەکو ئەو هەموو بڕە زەرەی داهاتی خۆیان لە کۆینی نەوتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و عەرەبیی بفیڕە نەدەن. دوای ئەو قەیرانە گەورەیەی بەم دواییانە ڕووی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و سەرمایەداریی کردووە ڕەنگە هەنگاوەکانی دەزینەوەی جەگرەوە بە نەوت خێراتر بن، بەو هیوایەی ئەم هەنگاوە کەمکی جیددی بکات بە ئابووری و ژێرخانی هەرکام لەو دەوڵەتانە. هەندێک لە وڵاتانی کەنداو، ئەوانەی بەشی زەری بودجەیان پابەندی فرەشتنی نەوتە، کەوتوونەتە خۆیان تاوەکوو ئەو داهاتەی زەرەی لە ڕەی فرەشی نەوتەوە وەچنگیان دەکەوێت بە پرسەی بەرهەمهێنان و گۆشەپەدانی پیشەسازیی و کەرتی تایبەت بکاریبهێنن تا لەو ساتەوەختەی نەوت بەهای خۆی لە دەستدەدات ئابووری نیشتمانییان ڕووی لە شکست و قەیران نەبێت. لە عێراق هەتاکو ئێستاش هیچ هەنگاوێک بەو ئاقارەدا نەنراوە بەڵکو نەوت بووەتە هۆکاری تەمبەڵکردنی تاکی عێراقی و گەیینی ئەو تاکە لە بەرهەمهێنەوە بە بکاربەر و مشەخۆر کە هیچ کەمکێک ناکات بە پێشخستنی ڕووشی ئابووری و گۆشەپەدانی زیاتری کەمگە.

"د.ئامینە عادل عەبدولمەهدی" پسپۆڕێکی ناسراوی عێراقییە و خاوەنی بەوانامەی دکتۆرایە لە ئابووریدا لە زانکۆی سەربۆن، بە ڕشبینییەوە دەوانێتە ڕووشی ئابووری و پاشەڕۆژی بەرهەمهێنان و گۆشەسەندنی ئابووری عێراق و دەڵێت "ئەگەر نرخی نەوت بەردەوام بێت لە دابەزین و جەگیر نەبوون، ئەوە پێویستە ئابووری عێراق پشت بە نەوت نەبەستێت و دەبێت بیر لە گەڕان بکرێتەوە لە کەرتی گشتییدا کە تا ئێستا هیچ شتێکی وا نەکراوە". ئەمە بێت یان سبەی نەوت کۆتایی دێت، کۆتایی بەو مانایە نا ئیدی سەرچاوە نەوتییەکان وشک دەکەن بەڵکو بەو مانایەی چیدی نەوت پێویستییەکی پلە یەکی پیشەسازیی نییە، بەڵکو زۆرێک لە بکاربەرانی نەوت یان

ئەتەرناتیڤەکەی دەدزنەوە و کەمتر پەویستیان پێی دەبێت، یان هەر دەگەڵ قەناغی میتا یان پەست پیشەسازیی و تەکنەلۆژیا، تەنانەت ئەمریکا دەیەوێت چی کارگە و فابریکە و دامەزراوەی پیشەسازیی و تەکنەلۆژیی خۆی هەیە بنبڕبکات دەرەوەی وڵاتەکەی و بیگوازێتەوە بۆ وڵاتانی نامی، چون ئەم ڕەگەزە یەکەکە لە ڕەگاکانی بەرهەمهێنانەوەی ئەو قەیرانە یەک لە دوای یەکانەی بەردەوام ڕووی لە سیستەمی سەرمایەداریی هاوچەرخ، ئەمریکا ئەمڕۆ گەیشتۆتە قەناغی بازرگانیی و فرۆشتنی عەقڵی زانستیی، بەو مانایەی زانایان و توێژەرانی ئەمریکیی بیرەکە و ڕوانگەی نوێ بەرهەم دەهێنن و دەیفرۆشنەوە بە کەمپانیا و دەوڵەتانی تر تا لە بواری پراکتیکدا تاقیبکەنەوە.

خولاسەی وتە لەوەدا چڕ دەکەینەوە: بڕگومان و بڕگومان نووت کۆتایی دێت و قەناغی نووت دەرهەنگ بێت یان زوو ئاوا دەبێت، بەڵام ئەگەر وڵاتانی فرۆشیاری پەترۆڵ خۆیان بە ئەو قەناغە نوێیە ئامادە نەکەن و دەخی ئابووری خۆیان نەگەڵن و گرنگیی ندەن بە کەرتی تایبەتی و گەشەپێدانی پیشەسازیی و کەرتی گەشتیاریی ئەوە بڕگومان نەهامەتییەکی گەورە و خنکەنەر چاوەڕوانیان دەکات، نەهامەتی و قەیرانێک ڕەنگبێ سەرلەبەری ئەو کەمپانیانە لەبەریەک هەڵبوەشێنێتەوە. عەراق تا ئێستا هیچ ئامادەکاریی و شڤاوەکی بە قەناغی پەست نووت نەکردووە و نەناوە، بەیە ئەگەر وەزعەکە هەروا بەواتە پشەوە ئەو هەژاریەی ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا هەیە چەند قات دەبێتەوە و چارەنووسی کەمپانیاکەش دەخاتە گژاوەکی نادیار و تاریکەوە.

وتەی کۆتایی

شارەزای ناسراو "تیمەسی ویلیامز" پەیوایە: سەرەڕای ئەوەی هەشتا چارەنووسی کەرکوک نادیارە و کێشەکە نەکەوتووە بەلایەکدا، بەڵام هەر لە ئێستاوە کەمپانیاکانی نووت لە پشبڕکێدان بۆ مەرکردنی گرێبەستی نەوتیی. یوست هیلتەرمان، شارەزا لە گروپی قەیرانی نوددەوەتی، دەڵێت "بە ئەنجامدانی ئەم گرێبەستە نەوتییانە، نوری مالیکی سەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عەراق، بڕشۆیەکی توند و بەهێز ئەو ڕاستییە بە کوردەکان دووپات دەکاتەوە تەنیا حکوومەتی عەراق سەروەریی هەیە بەسەر ئەو ناوچە نەوتییانەدا کە کێشیان لەسەرە و لە دەستوورەدا یەکلا نەکراونەتەوە". ئەگەرچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمیی و لە ژێر سەرپەرشتیی حکوومەتی مەرکەزیی ڕێی پێدراوە نەوتی هەر سێ شاری "دهۆک – هەولێر – سلێمانی" ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکات، بەڵام هەشتا چارەنووسی

گەورەترین شاری نەوتیی کوردستان و عێراق و تەنانەت ناوچەکە نادیارە و پێناچێت بەم زووانەش بگۆڕێتەوە بە سەر جوگرافیای رەسەنی خۆی، ئەگەر لایەکەوە کورد نەوت دەربهێنێت و بینەرێتە دەرەوە، ئەوا لایەکی تریەوە بەپێیترین کێگەی نەوتییەکانی لە شاری کەرکوکی لە زەوت بکرێت، بێگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات هەر کاتێک حکوومەتی عەرەبیی عێراق پەنجەرەیەک بە رووی کورددا بکاتەوە، گومانی تێدا نییە لە هەمان کاتدا دەیان دەرگای گەورەی گەورەی لەسەر داخستووە، ئەم راستییەش بەسە بۆ ئەوەی حوکم بدەین لەسەر حکوومەتی عێراق کە نایەوێت بەهیچ شێوەیەک کورد بەشێوەی راستەوخۆ ببێتە خاوەنی نەوت و لە ژێر سایەی خێدا مامەڵەی پەوە بکات و بەند لەگەڵ کەمپانیا جیهانییەکانی پێترۆڵ ببەستێت. (8).

-_____

پەراوێزەکانی چاپتەری پێنجەم:

1-گۆران ئیبراهیم ساڵح "کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا" بەهاری 2007، مەکتەبی بیر و هۆشیاریی ی.ن.ک، لاپەڕە 176. "کالێست سریکس گوبانگیان" ئەندازیارێکی زنجی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی بوو، بە "تالەرانی نەوت" ناوزەد کرابوو.

2-عەلی مەحموود محەمەد "کەرکوک شاری قەڵا و ئاگر و خوێن"، چاپی یەکەم، 2006، کەرکوک، لا 152.

3- ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"، ژمارە "432"، ڕۆژی 18-6-2008.

4- کەی بڵەز "د.ئازاد نەقشبەندی"، لە ژێر ناوی "دەستوور و سەرچاوە سروشتییەکان"، 28-9-2005.

5-ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە "4889"، ڕۆژی 5-6-2009.

6- ڕۆژنامەی "ئاسۆ"، ژمارە "970"، ڕۆژی سێشەممە، 12-5-2009.

7- ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"، ژمارە "459"، ڕۆژی 21-9-2008.

8- چەند سەرچاوەیەکی ئینتەرنێت بەهەر دوو زمانی کوردیی و عەرەبی.

پەراوێزکان:

1-چاپتەری یەکەم وتارەکی شیکارییە و پێش دوانزە ساڵ، لە ژمارە (369)ی ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپەرت) لە ڕۆژی 15-1-2008 بڵاوبووتەوە.

2-چاپتەری دووەم وتارەکی شیکارییە و پێش دوانزە ساڵ، لە ژمارە (48)ی گەڵاری (نەوەند) لە مانگی شوباتی ساڵی 2008 بڵاوبووتەوە.

3-چاپتەری سێهەم وتارەکی شیکارییە و پێش دوانزە ساڵ، لە ژمارە (506)ی ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپەرت) لە ڕۆژی 15 -9 -2008 بڵاوبووتەوە.

4-چاپتەری چوارەم وتارەکی شیکارییە و پێش دوانزە ساڵ بە دوو بەش لە ژمارەکانی (544-545)ی ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپەرت) لە ڕۆژانی 25-27-11-2008 بڵاوبووەتەوە.
5-چاپتەری پێنجەم وتارەکی شیکارییە، پێش یانزە ساڵ ساڵ بە پێنج بەش لە ژمارەکانی "651-655"ی ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپەرت) لە مانگی یولی 2009 بڵاوبەتەوە.

تێبینی: کەی ئەم پێنج شیکارییە وەک بەشی یەکەم لە کتێبی "گەمەی شەیتان" لەلاپەڕە 9-69 بە چاپی کاغەز بڵاوبووەتەوە لە ساڵی 2018.

ئەنالیز و نووسینی: ستیڤان شەمزینی
ستۆکهۆڵم – سوێدا



هەر بە ڕگاوە، ڕەمانی (بەرگا..) دەنوسرێتەوە...شوان عوسمان

نوسین جگە لە گەیشتن بە ئارامبوونەوەیەکی ڕەحی، دەربازبوونکیشە لە دوو دەیەکانی نائارامی لە نێوان قسە و وشەدا، تە دەبەت خەت لە دووەیەکانی خەت ڕزگار بکەیت، ئەوش بە نوسینی دەقێک یان تێکستێک

دوایی دێت.
ئەوکاتە ڕۆ بە خێرایی دەبێت تا بنوسیت، بەڵکوو بۆ حاڵەتی نوسینە هیچ کەسێک لە خوێندنەوانت بگەن بە ئارامبوونەوەیکی دڕوونیی تە خێرا بۆوە دڵگیرەت، کەوابوو نوسین لەزەت وەرگرتن و چێژ بەخشینە بە ئەوانی دیکە، پێ تایبەتی پەیامی ئەدەبی خۆی لەو چەژی دووسەرە دەبینەتەوە.
کاکی نوسەر لەبەرئەوەی لە کاوانیانی سەر بە شاری شەقڵاوەوە دەژیت ئەو بە دیالێکتێک قسە دەکات کە تایبەتە بەو دەوربەرەی لەی ژیاوە دەبێت بە زمانێکیش بنوسێت کە دڵی هەردوو خوێنەرەکانی رازی بکات..
ئاسان نیە دەبێت تە بڵی زمانی قسەکانت بگۆڕیە سەر زمانی ڕێنوس تا نوسینێکی ڕەسمی دەربچێت، ئەوە دووەڵی و دژوارەیێکی نوسینە سەرەتایەکە ڕووبەڕووە زەربەمان دەبێتەوە، بەڵام نوسەر لەو ڕەمانەدا هەوڵی داوە بە هەردوو حاڵەتی نوسین بنوسێت دیالێکتی ئاخاوتنەکەی خۆی پشتگوێ نەخستووە جارجار هەست بە هەبوونی دەکەیت، بەڵای منیش شتێکی باشە لەبەرئەوەی چێژ و تامێکی تایبەتی بە هاوزێدەکانی خێت هەیە، هەروەها زور زاراوەو فەرهەنگی دەرینیش هەیە لە فەوتانیان دەپارێزی.

ناو لە ناو ڕەمان شوێنکی بە بایەخ و دیاری هەیە، لەڕ نوسەر هەمیشە لە ناوەک دگۆڕێت ناوەکی نوێ بێت و دگەمەن و دووبارە نەبێت، یان نوسەر هاتووە ناوەکی نوێی داتاشیوە بۆئەوەی مەرکەکی تایبەت بە خۆی پێوە بێت، ئەوەش دیسان بەهای ڕەمانەکە گەورەتر دەکات، وەکو شەمراز، ملا خدری بەختورتی،عەدەگرینەک،جیقە فشە، بەزەی سیاناوخەر، عەفلەق و ئەدیب، ئانو بانی نی، ئەلیکترا.
ناویش وەکو پێکهێنەرێکی سەرەکی چیرۆک و ڕەمان ڕۆلێکی تایبەتی هەیە، ڕەمان هەیە بە ناوەک دناسرێتەوە، لە کەمەگار ڕژهەڵاتیش ناو ناوەو جۆگەی بایەخێکی زیاترە لە شوێنە دیکەش.
ڕەمانەکە پڕ لە ناوی نادیار و دگمان، ئەوش کە دەبێتە هەی ناودار بوونی زیاتری پاڵوانەکە، هاوکات نوسەر کەمەک ناو هەیە کە لەناو هزری ئەمەدا هەبوون بەڵام دووبارە نابنەوە و بەکار نابدرێن، ئەو هاتووە سەرلەنوێ نوێی کردوونەتەوە و لە قالبێک لە پاڵوانێک تەوزیفی کروون، بە تایبەتی ئەمە لە دۆڕێک دژین کە کریستیانی و موسەمانی پێکەوە دژین و گەلێک ناو و زاراوەی هاوبەش و ناهاوبەشییان پێکەوە هەیە، هەروەها ناوی شوێنەکانیش بە هەمان حاڵەت لەناو ڕەمانەکە دەردەکەون ..
لەوانە حەنچە و قریاقەس، قەیتاس، ماخە، کریکەرو سیمەن، زیا، میخە، گۆڕی نەرگزان، قەپاغ، قەیتە، شاپاغ، ئەو هەموو ناوانە کە

مرکەکی ناوخەیان هەگرتوو بەهام چژەکی تایبەتیش دەبەخشن، هەروەها ئاماژەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە، هەمووەمان پێین لە ناو بەهام کەی و لە کوێ ئەو ناوانە بەکار دەبەین ئەوە گرنگە، نوسەر ناوەکانی بە باشی بەکاربردووە.

بنەچە و بنەڕەکی ڕەمانەکە ڕەوتە بەدەم ڕێگاوە دەگۆڕێت سەرەتا بە سادەییەکی زەر سادە و دواییش هەور هەور لەناو ئالۆزیەکی جواندا دەکەوێتە ڕە، هەمیشە وابووە دەقی باش و نوسینی باش پێیوەندی بە پاشخان و پێشینەی ڕەشنبیری و هزری نوسەرەکەیە، ئەویش بەیار دەدات کە بەرهەمەکە شتێکی باشە یان دووبارەیە.
زانین پێیوەندی بە تەمەن نیە بەڵکو دەگەڕێتەوە بەکاری شەونخونی و خوێندنەوە بەدەنگ هاتن و دواچوونی پێیامەکانی خەت، ئەوەش دەبێتە خاڵی جیاواز لە نێوان نوسەرێک و نوسەرێکی دیکە، بۆیە هەمیشە نوسینی ڕەنگدانەوەی ڕەنگ و بیرکردنەوەکانی ئەو کەسەیە کە دەینوسێت.

نوسەر ئاگایەکی باشی لە فەلسەفەکانی نێتۆکانە بۆیە نوسەر لەسەر زمانی پاڵەوانێک شەمراز کەمەک پرسیاری فەلسەفی دەکات، چینێک دژ و دژەکاری هزری دەخاتە ڕوو، زەمەن رایەکی گرنگە لە ڕاگرتنی کاتەکانی درێژدان بە ڕەمان، بەڵام لەو ڕەمانەی بە ڕێگادا، ئەو ڕاڵەی نیە هەر چیرەکەکە زەمەنەکەو زەمەن لەناو زەمەن قسە دەکات، کات لە خزمەتی شۆن و سەربوردەی پاڵەوانەکانە،لە پێناو ئەوانیش کات دەستەمە دەکات.
ڕەمان خەی لە خەی چیرەکەکی درێژە ،تا ڕەمانیش چیرەکی زەر بێت گەمەکە قووڵتر دەبێت بە مەڵەوانی تا ڕەمان بە بەسەرهات و سەربوردە و ڕووداو دەوڵەمەند بێت، خوێندنەوەی خەشتر و بەتامتر دەبێت، کاک دەشاد توانایەکی بەرادەی باشی هەیە لە دانانی چیرەک، چیرەکیش دیارە ئەرکی زەرە کە بەسەرهات و سەربوردەش زەر بوون ئەرکەکان و خواستەکانی زیاتر دەبن، ئەو هەمیشە چیرەکی لەناو چیرەکی دروست کردووە.

شەیتان وەکو واقیعێک لە ناو هزری نوسەر و پاڵەوانەکان زەر دووبارە دەبێتەوە، هەستم کرد دووبارە دەبێتەوە ئەوەش پێیوەندی بە پاشخانی فەرهەنگی نەک هزری نوسەر هەیە ، وەکو ئەوەی شەیتانێک هەبێت لە سەرووی ئەوان ژیانیان بەهەوە ببات، بەهام من پێموایە شەیتان وەکو ئەجندە و خەو و شەوە دوایی هاتووە، ئەوەی هەبوو و هەیە ئەو شەیتانەیە کە هەریەکەمان لە ناوەوەی خەی خەشاری داوە لەبەی ئەویش بەیار دەدات.

پەموایە ئەرکی رەشنبیرو نوسەری نوخوازو هاوچەرخە ئەو شایتانە ئاشکرا بکات و وەکو نهێنیەک یان شتێکی شاراوەو پیرۆز بەجێی نەهێڵێت تا ریسوایان بکەین و نەهێڵین رۆلیان هەبێت.
ئەو سەرنج و تێبینیانەم لە کاتێک ئەنوسم کە هێشتا لە خوێندنەوەی کتێبەکە تەواو نەبووم هەول دەدەم ئاگەر شتێکی دیکەم هەست پێکرد بینوسمەوە.
بەڵام بگشتی رەمانێک بەتام و نوێ و فەرهەنگێکی نوێ و بە زمانێکی نوێش نوسراوە کە پێ لە دیاردەی کۆن و نوێ، لە دوورەوە دەستت ئاگوشم هاوڕێی هاوشاریم، شتێکی جوانت نوسیوە خۆشبەختت کردم و هەر بژیت.

٣١\١٠\٢٠٢٠
هەڵەندە

ژێستی تاسان … دانا حمید محەمەد

هاوسێیەکم هەیە ماڵێکی ووبڵووی ماڵەکەی منە، هاوسەکەم پیرەمێردێکی نەوەد ساڵەیە و هەر ئەژە لەگەڵ هەڵهاتنی خەردا، پانتۆڵێکی نیلی و تیشێرتێکی سپی ئەپۆشێ و ئاڵەزیی چەندین سەعاتی ئەو ئەژەی لە باڵکۆنەکەدا بەدەم کۆشانی جگەرە و خواردنەوەی چاوە، ئەژەکە بەڵێدەکات. ئەژانە وەک پیشەیی هەمیشەیی ئەوستە تا ئەتەمبێلەکان خیابان ووبڵووو تەماشا بکات! هەموو هاوڕێیەکانم کە دەن بە ماڵی من، ئەو پیرەمێردیان لە من زیاتر خۆشئەوێ، دەستی ئەون و وە منیش لە خەم زیاتر ئاگاداری ئەبم و خۆشمئەوێت.

ئەویش بەخاتری میهرەبانی و ژیانە تەنهاکەی کە تاسانی ژیان بەرێنداوە، چەندین جار بانگی ئەکەم بەڵام دەنگم نابیستە، ئەمەوە هەموو بیانییەک بەئومێدی بینینی ئەو، لە خۆ هەڵئەستم، ئەڵێم: نەوەک شتێکی پێویست بێ. بەڵام من فیکر بکەمەوە ئەتەمبێلەکانی خیابان بە هەردوکمان گرنگە، چونکە بۆشکە لە پێینەوەی ژیانمان بە ناو ئاڵەزییەکانی مەدەرنیتە! بەهەرحاڵ تەمەنی مرۆڤ تا بڕۆ

گۆرەیی بەوات، لە مەرگ نزیکتر ئەبێتەوە، وە تاسەی ژیان بۆی سەرنجڕاکێشە، چونکە زەرشتی جیهان بەزار و دڵخۆشی کردوە. ئەو ئێستا شتی بچوک کە ئینسان هەر بیری لێناکاتەوە بۆی گرنگ و جێی تامانە وەک ژێستی چرکەی سەعات لێکاتی خەوتندا. بڕوام من وتم چۆندین جار ئەمەوە تە ببینم، بڕوام دواتر پێشیمان ئەبمەوە نازانم بۆ؟! ئاستی کە ئەمە: هەردولامان بەواری ئەوەمان هەیە کە یەکتر ببینین، بەهۆی جەنجاڵی و ئاڵۆزیی ژیانی ڕۆژانەوە. من ئەمەوە لە کاتێکدا بەم بڕیارە کە تە هیچت ئامادە نەکردبێ بە من وەک میوان، چونکە بەزارم لە جدیاتی ئەو دابونەریتە، ئەمەوە هەرکات هاتم پێکەوە چایەک بخەین و دەردەدڵی یەکتر بدینەوە، پیرەمێرد ئەم قسانەی منی پێخۆشبوو و وتی منیش لەناکاو بەمکرا سەردانت ئەکەم لە باڵەخانەکە.

چاوەڕوانی بە من، نازانم بە پیرەمێردی دراوسێ و هاوڕێم چۆن؟ بە خەم ڕەقم لێیەتی بەتایبەت لەو کاتانەدا، کە هەموو ئومێدت لە چاوەڕوانی دەستکدایە، بڕوام ئاڵۆزیی و دەردی هەردوولا نایەڵێ ئەو چاوەڕوانییە بتەدی، بۆیە من ڕەقم لە چاوەڕوانییە. دواتر لەگەڵ پیرەمێردی هاوسێم لەبارەیەوە گفتوگۆم کرد و وتم پێی ڕێمانێک هەیە بەناوی "چاوەڕوانی" ناوی نووسەرەکەیم لەیاد نییە، بەتی بەنم ئەیخوێنیتەوە، پیرەمێرد کەمێ حەپەسا و هیچ قسەی نەکرد، دواتر لەبەر من کەوتە قسە وتی نەوەڵا دراوسێی گەنجی شیرینم، چی لەو ڕەمانی چاوەڕوانییە کەم کە هەموو ژیانی خەم بریتییە لە تاسانی چاوەڕوانی بە ژیان.
ژیان تاڵادێی بەئەقڕەیی تاسان توشی ئینسان ئەبێ لە چرکەیەکی ژیاندا، بەشێوەیەک دوچاری شۆکت ئەکات، کە پێی نازانی خۆت.

وە ئەو کات سەیرێ هەموو ئەو خیابانە قەرەباغەی ماڵی خەم و پیرەمێردەکە، بە سەردەمەوە کە ئەمە چەندمان بەهیلاکی ژیان بڕوانکردوە. بەچەشنە خیابان و کتێبخانەکەی نزیک باڵەخانەی من و پیرەمێردی تیادا ئەژین لە هەموو خزمێک بەمان دەسەزترە، چونکە زەربەی ئەو کاتانەی شوێنێک نیە بڕوا بەی خەمان دەخەینە نەو دڵەی کتێبەکانەوە. تازە لە باکونی پەنجەرەکەمانەوە کە گوڵاکان ئاو ئەدەم هەست ئەکەم زیاتر تینووی ژیانن، کە گوڵاکانم دەمە بوو ئاونەدابوو، سیس و ژاکاو بوون، منیش ڕاشتمە چێشتخانە و سوراحیەک ئاوم کرد بەدیاری بە گوڵدانی گوڵاکان، بۆیە لەو کاتەدا بیرم بە لای پیرەمێردی دراوسێم ڕاشت و هەستم کرد گوڵاکانیش وەک من و پیردەمێردەکە ژاکاون بەدەست تاسانی ژیانەوە.

پیرەمێرد منی بەچاوەوانی و بەمەرج خۆشئەوێ، هەتا هیچ بەی گرنگ نییە، کە هیچ پیشێک نازانم، ئەو یارمەتیم ئەدات لە ڕەکخشتن و بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەمدا، تازە پێکەوە لە پشتی پەنجەرەکەوە سریالێک یان فیلمێک کە بەیارە هەفتەی ئایێندە نیگایی بکەین و دواتر گفتوگۆی بکەین. بۆیە بە ئەم هەفتەیە من پێشنیاری بینینی فیلمی"مهری حەوتەم" بەرگمانم پێشنیار کرد کە لەگەڵ پیرەمێردا بیبینین، ئەویش ڕازی بوو، بەڵام وتی ناوەڕۆکی فیلمەکە باسی چی ئەکا، منیش وتم باس لە مەرگ و چیەتی مەرگ ئەکات، بۆیە پیرەمێرد بەی گرنگ بوو، پێش مردن قوڵی و ئامۆزیی مەرگی بە ڕوون ببینێوە لەڕێگەی تەئویلاتی بەرگمانەوە.

پیرەمێرد بەوپەڕی بەڕاوە ژیانیشی خۆشئەویست، وەک من نەبوو لە سەرەتایی لاویمدا تاسانی ژیان بمپەرکێنێت، کەتاجار کە یەکترمان بینی، هەفتەیەکی دوایی بینینی فیلمەکە بوو، وتی: من چاوەڕانییم لە کەس نییە، مەگەر بەیار نییە لەم خیابان و باڵەخانەیە، ژیان بکەین تا چاو لێکئەنین. گوتم با بەو شێوەیە کە یەکتر لە ئامێز بگرین و کەسی یەکتر بین، بەڵام چاوەڕانی یەکتر ناکەین بە مەرگ، بەیار بوو تەماشای فیلمەکی تر بکەین کە باس لە عەشق دەکات، من و پیرەمێرد هەردووکمان بەجێڕ لە ژیانماندا تەشکاویی دەستی بووین، پیرەمێرد لە عیشقەکەدا کە زەر تامەزرۆیانە کچەکی خۆشئەویست پێیندرابوو بۆیە بەیاری دابوو ژیانی تەنهایی هەبژێرە تا ئەو کاتەی مەرگ هاپێچی گیانی ئەکات و منیش بشێوێکی تری ماجرایی ئەو عەشقەیی پیرەمێرد لە سەرەتایی کاروانی هەگبەمدابوو، نازانم منیش وەک پیرەمێردم لێدێ یان کونجکی تەلیسماویی تری ژیان ئەزمون ئەکەین.

بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای ژیانی پیرەمێردی نەدا کە پێکەوە فیلمی عاشقی ببینین، بەڵام مەرگ مەودای نەدا فیلمەکە ببینین، منیش دوایی مەرگی پیرەمێردەکە ئەو خیابان و باڵەخانەیم بەجێهێشت و بارگە و پەناهەندیم بە ناشونێکی تر گواستەوە. کە جارە نازانم کوێیە؟ ئەوەی لەگەڵ پیرەمێردەکەدا پێکەوەی ئەبەستینەوە زبری تاسانی ژیان بوو. لەنێوان دوو ژێستدا، کە پێ بەدە و ڕەحماوەیەتی یەکترمان خۆشئەویست. منیش بەیاری ڕاشتنمدا بەرەو منفایەکی تر… کە تاسەی نیگای تاسانی ڕۆژانی ئەو پیرەمێردە ئەکەم، تە بەڵی ئەو منفایەی من بەی ئەژیم هاوڕێیەکی تر لە چێشنی ئەو پیرەمێردە ئەزمون بکەم.

کێشەکانی کوردستان بەرەو کوێ؟ ... ئەحمەد رەجەب

کێشەکانی کوردستان زۆرن و چەندین ساڵە بە هۆی سیاسەتی چەوتی سەرکایەتی هەرێم و سەرکایەتی حکومەتی کوردستان و بەرپرسانی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) کە خاوەندارێتی هێزی پێشمەرگەی 70 و 80 ئەکەن کێشەو گرژییەکان کەمکەیان کردووەو رۆژ لە دوای رۆژ تەشەنە ئەکەن و بەرپرسان بە درێو دەلەسەو پینەو پەرۆقسەی هیچ و پووچ و بریقەدار خۆ ئەکەنە چاوی خەڵکەوەو فریویان ئەدەن و برینەکانیان قووڵتر ئەکەنەوەو بۆ نمونە ئەم خاڵە ساکارو سەرەتاییانەو کە لەم رۆژانەدا کێشەو گرژییەکان گەیشتوونەتە لوتکەو پێویستی بە چارەسەرکردنی کتوپرە ئەگینا ئەتەقنەوەو ئەو کات تەرو وشك پێکەوە ئەسوتێت و زەرەرمەندی یەکەم هاوڵاتیانی کوردستانە.
بەرپرسانی دەسەڵات باس لە ئازادی ئەکەن بەڵام کام ئازادی؟ گرتنی هەرەمەکی رۆژنامەنووسان و چالاکەوان وخەڵکی سڤیل، ئەوانەی داکۆکی لە راستی ئەکەن و داوای موچەو مافی رەوای خۆیان ئەکەن و داکوکی لە خاکی کوردستان ئەکەن و نایانەوێت نیشتمانیەکەیان بکەوێتە ژێر دەستی دوژمنان کە لە زێر قۆڵەوە چاویان بڕیوەتە خاك و سامانی وڵات.
لە ساڵانی پێشوودا ژمارەیەك خەڵك لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ناوبراون وەك شەهیدان : بەکر عەلی ، سۆرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، وداد حوسەین و خەڵکی تریش و، ئەوەی سەیرە هیچ بکوژێك نەگیراوەو، ئەوەش زێر مەترسیدارەو رێگا خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چەپەڵترو، ئەوەتا بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکەوە لە دهۆك و هەولێر رەشبگیرییەو، لە هەموو شتێکیش سەیرتر ئەوەیە ئەڵێن بە پێی فەرمانی دادگا گیراون و، هەر زوو خۆیان وەك پیشەی هەمیشەییان بەدرێ ئەخەنەوەچونکە دادوەر فەرمانی ئازادکردنی هەندی کەسی داوە بەڵام تا هنوکە ئازاد نەکراون

نەوت کێشەی سەرەکییەو، پێش هەموو شتێك نەوتی کوردستان هەرزان فرۆش ئەکرێت بۆ ئەوەی گیرفانی بەرپرسان و خاوەن کومپانییەکان گەرم بکاتەوەو تا ئێستا خەڵك داوا ئەکەن پەردە لە سەر نهێنییەکانی

ڕۆکەوتنە پر شەرمەزاریيکە، پێشکەشکردنی (نەوتی کوردستان بە تورکیا بۆ ماوەی 50 ساڵ) هەماڕەت بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بەرپرسانی دەسەڵات لە ئاستی ئەو پرسە گرنگە خۆیان مەڵاس داوەو کار بۆ گەوجاندنی هاوڵاتیان ئەکەن.
مۆچە هات ، مۆچە نەهات، موچە دوو هەفتە دوا ئەکەوێت، بەغدا پارەی نەناردووە، عێراق بریاریداوە مۆچەی فەرمانبەرانی کوردستان وپێشمەرگە ڕەوانە بکات، ئەم قەوانە ڕۆژانە ئەبڕستڕن و بەرپرسان یاری بە وشەو دەروونی خەڵکەوە ئەکەن و رایان ئەهێنن بۆ ئەوەی بزانن مانگ لە کوردستان زیاتر لە 60 ڕۆژەو چونکە حکومەت ئیفلیجەو ناتوانێت مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی خۆی بدات.
لە ڕووی پەروەردەوە ڕۆژك خوێندنە لە قوتابخانەکان و ، ڕۆژکی تر خوێندن بە ئۆنلاینە و، بە ناوی کۆرۆناوە دەسەڵات سەری لێشواوەو نازانن پرسەی خویندن بەڕوە بەرن و،خوێندنی ئۆنلاین پێویستی بە داتا (کۆمپیوتەر) و ئینتەرنێت هەیە و ئەوەش بۆ خەڵکی هەژارو کەم درامەت زۆر ئاستەمەو زۆر جار کارەبا نییەو ، لە وڵاتانی پێشکەوتوو قوتابخانەکان کۆمپیوتەر بۆ قوتابیان ئامادە ئەکەن و لە کوردستان مەحاڵەو حکومەتناتوانێت ئەو کارە بکات و تەنانەت بیریش لەوە بکاتەوەو، هەر لە میانی پەروەردەدا مامۆستان داوای موچەی مانگانە ئەکەن لە گەڵ ئەو پارەو مافانەیان کە چەند ساڵە ڕاگیراوە.
لە ڕووی ئاسایشەوە گرژی زۆرەو پەنگی خواردوەتەوەو داوا ئەکرێت ڕۆ لە تەقینەوەی گرژییەکان بگیرێت و، هەموو ئەزانن لە کوردستان ئەنجومەنێك بەناوی نەتەوەیی هەیەو، ئەم ئەنجومەنە وەك خۆیان باسیان کردووەو لە 5 کەس پێکهاتووە دووانیان پارتییە و سیانیان یەکێتییەو، لە هەفتی ڕابردوودا ئەنجومەنەکە ڕاگەیاندراوێکی بڵاو کردووەو گوایە کاری تیرۆریستی دەرهەق بەم وبەو کراوەو، لە پاش ڕۆژیك 3 کەسەکەی یەکێتی بە درۆیان خستەوەو وتیان ئەمە ئاگامان لەو جۆرە کارانە نییەو، ڕاگەیاندنەکەش ڕاست نییە.
کارەساتە ئەنجومەنی نەتەوەیی درۆ بکات و ئارەزوومەندانە تاوان دابەش بکات و، هەموو لایەك سوور ئەزانێت ماوەیەکی دوورو درێژە پارتی دژایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ئەکات و، زۆر کەرەت بەرپرسە باڵاکانی پارتی پ.ك.ك یان بە میوان داناوەو، لەم ڕۆژانەدا بە تایبەتی لە پاش ڕۆکەوتنی عێراق و هەریم لە سەر شەنگال کە بە فیتی ئەمریکا ڕۆکخرابوو ئاڕاستەیەکان زیادیانکردووەو خەڵکی شەنگال بەو ڕۆکەوتنە نارازین و ئەڕاستن : ئەمە هەر ڕۆککەوتنێك بەبێ خەڵکی شەنگال بکرێت پێ قایل نابین ئەمە لە لایەك و لەلایەکی تریشەوە پارتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی جولەی بە

هێزەکانی کردووەو بمانەوێت و نەمانەوێت تورکیا دەستی باڵای هەیە لە تێکدانی بارودۆخی کوردستان بۆیە پێویستە ڕێگا لە بەردەم شەڕی کورد لە گەڵ کورد بگیرێت و چیتر تورکیا خاکی تری کوردستان داگیر نەکات.

2/11/2020

بۆچی ترامپ لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکا شکست دەخوات و دۆرناچێت؟ … محمد بابیر

دەسپێک:

10سال بیش ئیستا بابەتیکم نوسی لە هەفتەنامەی زاری کرمانجی بە ناوی (لە پەراوێزی کۆرەکەی خاتو ماریان خاروداکی) ئەو کات ئەو خاتونە کۆنگی بەست لەسەر بەیوەندیەکانی ئەمریکاو کورد لەوێدا ئەو کچە باسی ئەوەی کرد ،گوایە ئەمریکا بە دریژای میژوو زۆر باش بوو بۆ کورد و هەمیشە پاڵپشتی بە هەڵو بوە هەڵو سیمینارێدا منیش بەژداریم کرد و جەند ڕەخنەیەکم گرت و باسم کرد ئەمریکا هەمیشە بەرزەوەندی خۆی ڕەچاو کردوە و زور جار خەنجەری ژەهراوی لە کورد داوە نمونەشمان زورن ئینجا لەو بابەتەش کورتەوەلامیکم دایوە سەیرە پشتی چەندین سال لە ووتارەکەی من ئیستا بە کردار ئەمریکا سەلماندی کە بشگیری کیشەی ڕەوای کورد نیە، فەرموو باشترین بەڵگە (عەفرین و مەنبیج) و داگیرکردنەوی کەرکوك و پشگیری نەکردنی لە (ڕۆژئاوا) بزانە چۆن ئەمریکا پشتی لە میللەتی کوردی کرد و هاوپەیمانی لەگەڵ داگیرکەرانی کورد خشی دەت ،بەتایبەتی لەگەڵ تورکیادا….
ئەوی لێرە مەبەستمە ئەوە بەم ،ترەمپ خرابترین سەروکی ئەمریکا بووە لەمێژودا، جونکە پێیوندیکان لەسەردەمی ترەمپ زۆرخرابونە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە وە دیبلۆماسی ئەمریکا لەسەردەمی ترامپ کەلێنی گەورەی دروست کردیە لەهەموش سەیرتر پێیوندی ترەمپ لەگەڵ کەسە دکتاتۆرکان زورباش بووە ئیدی سەرکردەیکی زۆر عونسربوو

مەسەلەی هێش و سپی لە ئەمریکادا جارێکی تر بەتوندی سەری هەڵداوە وە ترەمپ درێژترین و بە ئەخلاقترین سەرۆک بووە لەمێژووی ئەمریکادا،ئەو کەسێکی بازرگانەو بس ، لەسیاسەت زۆر فەقیرحال بووە بەجۆرێک ئێستا زیانی زۆری گەیاندووە بە ئەمریکاو ،متمانەی ئەمریکای لەسەر ئاستی جیهان لاواز کردووەو ئەمەو چەندین خاڵ هەیە وادەکات ترەمپ سەد دەرسەت لەو هەڵبژاردنە شکست بخوات وجو بایدن لەهەڵبژاردنەکان دەردەچێت.ئەوەتەنها هەندە خاڵی لاوازی ترامپ و بەکورتی باسم کردن خۆ لەبەرامبەریشدا بایدن خاڵی زۆربەهێزی هەیە بودەرچون.

31/10/2020

محمد بابیر

چاودێری سیاسی



کەنەقاڵی ماسک … ناڕەحەسەن

١ م / مرۆڤەکان وەک ئاوەی لەسەر تەختەی شانە بن
بە سیمای ڕەنگاوڕەنگەوە دەردەکەون
ر / ئازە ڕەنگینەکانمان وا خەریکە دەبنە تەز و غوبار
بەمەبەست لەگەڵ با دا دەڕۆن
د / دوای دووسێ ڕۆژ (دیداری من و مردن کۆتایی هات)
ن / نیشتیمان بۆتە سەبەتە سۆکی ئزیو

شیلەی تفتوتاوی لەدەچوو

٢
لە دووری دووروە
لاوکێکی هەمنی مردووەکانم دێتە گوێ
زایەڵەی زەمانێکی زەندەقچووش
لەنیو کەنەفاڵی ماسکەوە دەبیسترێ
ماسکی (سوور و ڕەش و شین و سپی و پەمەیی و
ماسکی هەنگاوەنگ)
چ هەژگارێکی نەفرەتیی
مرۆڤەکان وەک گیاکان هەدەورن
وەکو بەفر دەتوێنەوە
وەک ئەستێرەکانیش ئاوا دەبن
بەهام / ئاوابوونێکی ئەبەدی
چ هەژگارێکی ئافاتی و فەبیایی
نێک هەر خەمان
خاخاکەی نەو خوون و خیاەکانیشمان ماسک دەپۆشن
جەماد و قوربانی / فریشتەو شەیتان / هەموویان ماسک دەبەستن
چەند هەزەکە لەسەر مافووری مردن ڕاکشاوم
کشومات ، بەدەنگ بەدەنگ هەر دەوانم
دەوانم و دەوانم و دەوانم
جگە لە تارماییەکانی مردن هیچیتر نابینم
بووەتە پەیکەرێک لە خەیاڵ
بیرم / لە مرۆڤەکان و یادگارییە جوانەکان دەکردەوە
یان ئەو مەودا و دووریی‌ەی نێوان من و ژیان
بیرم لەو هەژانە دەکردەوە لەنەو شیعرەکانمدا دەمنووسی
(ماسکەکەت فەدە ئەوی شەخ
من دەمەوێت جوانییەکانی ڕوخسارت ببینم ،،، !)
بەهام ئێستا
دەمم نا / ماسکەکەت فەمەدە ئەی شەخ
من نامەوێت
هەنگە هەشەکانی مردن
لەسەر برژانگ و لەوکان و نینۆکانت ببینم
نا / ماسکەکەت فەمەدە ئەی شەخ
دەرگای کەشک و قەڵای خوونکانت بکەرەوە
با هەر کراوبن دەرگاکان و ڕێگاکان
منیش بەهەن دەدەم

دوای چەند ڕۆژێکیتر
لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە ئاشکرای دەکات و دەگەڕێنەوە بۆ ...!

کۆتایی

ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

فیداکاری کورد و بێ وەفایی تورك بەرامبەر بەسکێنی

لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانیدا زۆربەی خاکی کوردستان لەژێر حوکمڕانی عوسمانیدا بوو، لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەرەی ئەماناکان و شکستیان هێنا، دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن هاوپەیمانانەوە خاکەکەی داگیر کرا و سوپای هاوپەیمانان ڕۆانە ئەستەمبوڵی پایتەختەوە و داگیریان کرد، ئینجا ئەوە هەواڵی ئەستەمبوڵ و دانیشتووەکانی بێننەبەرچاوی خەتان، سەرلەشکر و ئەفسەرەگەورەکانی تورك کەلە ئەستەمبوڵ دابوون، مەبعوسە خوێنگەرمەکان و لاوانی نیشتمانپەروەری تورك، شاعیر و ئەدیبە بەرزەکان دەستی قەڵەمیان شکابوو، تورکەکان بە زەلیلی کەوتبوونە دەستی لەشکری سوێندخۆرەکانەوە، لە پایتەخت و وڵاتی خۆیاندا ببوونە دیل و ژێردەستە، ئەو تورکانەی دەوڵەتەکەیان وا بەتەمابوو، پێکەوە لەگەڵ ئەماناکان لەشەڕکەدا سەرکەون و گرەو لە ئینگلیز ببنەوە، هەموو موسڵمانانی دنیای لێ ڕاست بکەنەوە، بەڵام ئەوا پایتەختی وڵاتە خۆشەویستەکەیان لەلایەن دوژمنەکانەوە داگیرکراوە، سەرنەوی و لوت شکاو کەتبوونە ژێر دەستی لەشکری هاوپەیمانانەوە، زۆربەی ئەفسەرە گەورەکان لەترسی ڕیسوابوون بەرگیان گۆڕی بوو، خۆیان شاردبووەوە، هاوپەیمانان بەرامبەر بە تورك بەفیزی سەرکەوتن دەجوڵانەوە و تورکەکانیان تەنگەتاوکردبوو، تورکە بێهێز و ئەفسەر و خوێندەوارە بەرزەکان و مەبعوسە نیشتمانپەروەکان چارەیان نەما و لەیەك نزیك بوونەوە و بیریان کردەوە و لایان وابوو مردنیان لەم حاڵە باشترە، لەبەرئەوە بەیاری جوڵانەوەیاندا، ئەگەرچی بە لەشکرێکی تێکشکاوی وەکو تورك لەو ڕۆژگارە زۆر سەخت بوو، خۆیان

ئامادەکرد بۆ شەڕکی تر لەگەڵ هاوپەیمانان، بەتاقی تەنیا و بێ هاوکاری دەستەکی جێی باوەڕ، ئەگەرچی ئەو هێژگارە بێ تورکی تێکشکاو ئەم جارە بزووتنەوەیە مایەی گاڵتەجاڕی و شێتانە بوو، بەڵام دواجار بەخت یاوەریان بوو، بزووتنەوەکەیان لە دنیادا بووبە داستان.

باسی کورد لە ئەستەمبوڵ
لەلایەکی تر دوای بڵاوبوونەوەی شەڕ (موتارەکە) کوردەکانی تورکیا بەتایبەت کەمێک سیاسیەکانی کورد لە ئەستەمبوڵ، کۆتبوونە تێکۆشانێکی بۆچان، ئەم کەمانە بەبێ ترس هاتنە مەیدان و بێ ئاشکرا باسی مافی نەتەوەی کوردیان خستە پێشەوە، (ویلسن)ی سەرۆکی ئەمریکا، لەم چوارچێوەدا بەیاننامەی (14) بندەکەی خێی بڵاوکردەوە، بەپێی ئەو بڕگەنامەیە هەموو نەتەوەیەك مافی داواکردنی سەربەخۆیی پێدرابوو.
هەر لەو سەردەمەشدا (کلیمانسۆ)ی سەرۆك کۆماری فەڕەنسە بەیانێکی بڵاوکردەوە، بەناوی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانی ئەورووپاوە دەیوت:"حکومەتی تورك، دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی لەباردانیە، بتوانێت نەتەوەیەك بەڕێوەبەرێت، لەبەرئەوە متمانەی پێناکرێت و نابێ قەومەك تورك نەبێ و تائەمڕۆ لەژێر جۆری تورك و ستەمی تورکدا ژیاوە، دووبارە ئەمڕۆ بخرێتەوە ژێر حوکمی تورك."
ئەمانە حکومەتی تورکیان خستە ترسێکی گەورەوە، ویستیان لە کوردەکان نزیك بکەونەوە و ماوە نەدەن بەدوای ئەم وتانە یا دەستوورەکەی (ویلسن) بکەون، بۆیە حکومەتی تورك (لیژنەیەکی وەزاری) دامەزراند، لەگەڵ کوردەکان بکەوێتە گفتوگۆ دەربارەی چارەنووسی داهاتووی کوردەوە، ئەم لیژنەیە دەبوو لەو شتانە بگەیشتبا بوونە هۆی ناڕازایی نەتەوەی کورد، بۆ مەرجێی لەناو یەکێتی عوسمانی بمێننەوە، چێشنە خەبەرۆوەبەرێتی (ئیدارە) یەك بخاتەبەرچاوی حکومەت، جگای ڕازامەندی کورد بێت، هەوە بدەن کورد و تورك لەیەك نزیك بخەنەوە، بناغەی ئەم پەیوەندیە دابمەزرێننەوە، حکومەت و ڕۆژنامە(غەزەتە)کانی تورك، ئەو ڕۆژەی ئەستەمبوڵ، کۆتبوونە باسی یەکێتی تورك لەگەڵ (برا) کوردەکانیان. خاکی عوسمانیان بەهی ئەم دووبرایە دادنا، دوژمنی ئەم وڵاتیان بەدوژمنی هەردوولا ئەژمارد، لە پاراستنی ئەم خاکە پیرۆزەشدا کورد بەشدار بوو، دینی ئیسلام و شەرەفی ناوی خۆشویستی عوسمانی، وەکو تورك دەکەوتە سەرشانی کوردیش..!!
بەگومان ئەم پەوپاگەندانە لەلایەن حکومەت و ڕۆژنامەکانەوە سوودی زۆری بە تورك هەبوو، کارەکی باشی کردە سەر زۆربەی کوردەکان،

بەرەنگاری کۆمەڵە سیاسی و نیشتمانپەروەرانی کورد، لەوانە نەبوون باوەڕ بەم پەیوەندانە بکەن و لەسەری ئازادی کورد لەهەوڵەکانی خۆیان دوا بکەون، کۆمەڵە سیاسی و نیشتمانپەروەرانی کورد هۆویان کردە کێنگرەی ئاشتی و شەریف پاشایان هەڵبژارد، بەنوێنەری تایبەتی بۆ داواکردنی مافی سەربەخۆیی کوردستان. بەم شێوەیە بەهەی هەوڵەکانی شەریف پاشا سێ بەندەکەی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان، خرایە پەیمانی سیڤەر و لەدوایدا ئەم پەیمانە لە وەزارەتی (فەرید پاشا)ی زاوا بەنوێنەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئیمزا کرا.

جوڵانەوەی مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ

وەک وتمان لەدوای موتارەکە خەڵک لەئەستەمبوڵ لەوپەڕی کوفرەوڕی و تێنگەتاویدا بوون، لەبەرئەوە لە ڕاپەڕین و بزوتنەوە بەولاوە چارێکی تریان نەبوو، خوێندەوارە نیشتمانپەروەرەکان لەسەر ئەوە هەڵکەوتن جوڵانەوەیەك دەست پێ بکەن، بە بزوتنەوەکیان ئەنادۆڵ بکەنە ناوچەی بزوتنەوەکیان و شۆش لەوەو هەڵگیرسێنن، چونکە بوونی لەشکری سەربازی زۆری دوژمن و سەفیری دەوڵەتە بێگانەکان، دژفەتی بزوتنەوەی لەناو ئەستەمبوڵ نەدا، لەم هەڵدا هیوایەك دەی نیشتمانپەروەرەکانی هۆوناك کردەوە، حکومەتی ئەستەمبوڵ، یەکەك لە ئەفسەرە خوێن گەرمەکانی هێنایە پێشەوە، کە لە ژێرەوە هاوپەیمانیان بوو، بیری لە ڕزگارکردنی وڵاتەکەی دەکردەوە، لەژێر دەسەڵاتی وڵاتە سوێندخۆرەکانی دوژمنی تورك، ئەم ئەفسەرە (مستەفاکەمال) بوو، حکومەتی ئەستەمبوڵ بەهەڵە چوو (مستەفا کەمال)ی کرد پشکنەری گشتی هێزەکانی تورك لەئەنادۆڵ. بەپێی ئەم ئەرکە کەکردنەوە و هەڵکستنی هەموو لەشکرەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەئەنادۆڵ، کەوتە ئەستۆی مستەفا کەمال، ئەویش زۆر بە دڵ و بەگیان بەرەنیدا بچێتە ئەنادۆڵ.

لەم کاتەدا تاقە لەشکری تورك کەبەچەکەوە مابووەوە لەشکرەکەی کازم (قەرە پاشا) بوو ئەویش خەریك بوو چەك دانێ، یان لەئاستیدا چەکی بکەن، هەر لەم کاتەشدا مستەفاکەمال موفەتیشی گشتی لەشکر و یاوەری خەلیفەی عوسمانی لەستەمبوڵ لەگەڵ چەند ئینگلیزێکدا گەیشتنە ئەرزەڕوم بۆ چەك کردنی لەشکرەکەی کازم قەرەپاشا.

مستەفا کەمال لە (15) مایسی (1919) ئەستەمبوڵی بەجێهێشت و چووە سەر کارەکەی. هەر کە گەیشتە ئەنادۆڵ ئەفسەر و سەرکردەکانی لەشکری بەدزییەوە کەبووەوە و مەبەستەکەی تێگەیاندن، هەموو خوێنگەرم و نیشتمانپەروەرەکان دەسەزی و ئامادەییان پیشاندا، حکومەتی ئەستەمبوڵ لەم کردەوانە کەوتە ترسەوە، لەبەر ئەوە یەکسەر مستەفا کەمال داواکرایەوە بۆ ئەستەمبوڵ، بەهۆی مستەفا کەمال بەیاریدا نەچێتەوە ئەستەمبوڵ و لە حکومەتی (خەلیفە) یاخی بوو.

لەباتی چەك كردنی لەشكرەكەی مستەفاكەمال لەگەڵ كازم قەرەپاشا و تورك پەروەر و عەشایرەكاندا ڕوكەوت و ئینگلیزەكانیان گرت، هەر لەوێش كێنگرەی ئەرزڕۆمیان گرت، لەیەكەم كۆبوونەوە كە كرا سەد هەزار لیرە كۆكرایەوە بۆ یارمەتی مستەفاكەمال، عەشایەر و كوردەكانی ئەو ناوەش لەم كاتەدا ئامادەبوون لەگەڵ شەیتانیشدا ڕێك بكەون بەومەرجەی لەدەست ئینگلیز و ئەرمەنی ڕزگاریان ببێت، بەخێیان و چەكیانەوە چوونە لەشكری مستەفا كەمال، لەشكری مستەفاكەمال هەرشی بردە سەر ئەو لەشكرە ئەرمەنیەی هاتبووە سەر سنوور و خراپ شكاندی، وازیشیان لێ هێنان بەو مەرجەی لەگەڵ ئینگلیز پەیوەندی نەگرن، لەگەڵ ڕووس ببن بەدۆست، كە مستەفاكەمال خۆشی پەیوەندی لەگەڵیاندا باش بوو. بەم جۆرە چەكێكی زۆر كەوتە دەست لەشكری تورك و جەبهەی ڕۆژهەڵات، بارەگای سوپا گوازرایەوە بۆ سیواس و لەوێشەوە بۆ ئەنقەرە.
پاش یاخی بوونی مستەفاكەمال گرووپێك لە ئەندامانی (مجلسی مبعوسان) بۆیاریاندا حكومەتی ئستەمبوڵ بشۆڕعی نەناسن، لەبەرئەوەی ئەم حكومەتە لژێر دەسەڵاتی سوڵتان دوژمن و بێگانەكان دایە، لەبەر ئەوە لە حوزەیرانی (1919) بڕیاریست زانرا لە ئەنادۆڵ سەرلەنوێ دەست بكرێتەوە بە كۆكردنەوەی (مجلیس)ێكی تازە، هەڵبژاردنی نوێنەرەكانی خەڵكی ئەنادۆڵ، بە ئەم (مجلیس)ە تازەیە.
مستەفا كەمال لەسەر ئیدارەیەكی هاوبەشی برایانە لەگەڵ كوردەكان ڕوكەوت، بەم جۆرە (بویوك میللەت مجلسی) واتا ئەنجومەنی میللی گەورە دروست بوو، زۆربەی كوردەكان تیایدا بوون بەئەندام و هەوڵی تورك و كورد یەك خرا بۆ سەركەوتنی ئەم ڕاپەڕینە هەموو پەیوەندیەكیان لەگەڵ حكومەتی ئەستەمبوڵ بڕی و پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ڕووسدا بەست.
ئیتر بەهێزی و بە دەسەڵاتی حكومەتی ئستەمبوڵ، خەڵك وردە وردە ڕوویان لە حكومەتی ئستەمبوڵ وڕگەڕا و هەموو شتێك وای دەردەخست جوڵانەوەی مستەفاكەمال ببێ بەهێی ژیانەوەی نەتەوەی تورك، پێویستە پشتگیری مستەفا كەمال بكرێ. سوڵتانخەڵكانیش كۆتنە هاندانی ئستەمبوڵ مستەفاكەمال تەمبێ بكات، یا لێناوی بڕێ.
لەوكاتەشدا (عەلی ئیحسانپاشا)ی سەدری ئەعزەم داوای لە (سوڵتان وەحیدین)ی خەلیفەی عوسمانی كرد، لە سەركایەتی حكومەت ئازادی بكات، ئەو كاتە كە سوڵتان ڕیشی خێی دابووە دەست سوڵتانخەڵكان داواكەی عەلی ئیحسانپاشای قبوڵ كرد و لە (30ی نیسانی 1920) داوای لە فەرید پاشای دامادی كرا بۆ دامەزراندنی وەزارەتێكی تازە. بەم جۆرە حكومەتێكی لاوان پێكهێنرا، لەبەردەستی سوڵتانخەڵكان نەتوانی جوڵە بكا، لە هەمان كاتدا حكومەتی ئستەمبوڵ لژێر سەرپەرشتی

مستەفا پاشای یامۆکی (مجلیسی سەربازی) بۆ مستەفا کەمال دانا و لێپاشملێ دادگایی کرد و حوکمی خنکاندنی مستەفا کەمال و گەلێك لە نیشتمانپەروەرەکانی تورکیدا. حکومەتی فەرید پاشا بۆیاریدا هەر بنەڕەتە سەر مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ.
لەولاشەوە یۆنانیەکان بە پشتیوانی ئینگلیز دەیویست خاکی عوسمانی داگیر بکات، لەشکری بەرەو ئەزمیر بە گرتنی بەرەخستبوو. لە ئەستەمبوڵیش دەوڵەتە سوێندخۆرەکان لە (10)ی ئابی (1920) (پەیمانی سیڤەر)یان بە حکومەتی فەرید پاشا ئیمزاکرد، ئەم پەیمانە بۆیاری سەربەخۆیی نەتەوە ژێر دەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی دابوو، بەندەکانی ئەم پەیمانە دەربارەی دامەزراندنی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی ئەرمەنی تێخرابوو، ئەگەر ئەم پەیمانە جێبەجێ بکرایە پشتی دەوڵەتی تورکیای دەشکاند و لەوەدا نەدەما جارێکی تر زیندوو بێتەوە. بەڵام ئیمزا کردنی پەیمانی سیڤەر لەلایەن ئەستەمبوڵەوە کەمالیەکانی نەشهواند و لەکاری خۆیان بەردەوام بوون، ئەو لەشکرەشیان تێکشکاند، لەلایەن خەلیفە لە حکومەتی ئەستەمبوڵەوە ناردرابوو سەریان، هەرکەی مستەفا کەمال وەردە وردە زیندوو بووەوە و نزیك بە شاری ئەستەمبوڵ کەوتەوە، ئینجا سوێندخۆرەکان لە خەلیفە نائومێد بوون و هاتبوونە سەر ئەوەی بیر لە هەزە یاخیەکانی تورکی ئەنادۆڵ بکەنەوە، بەناچاری ڕوویان کردە مستەفا کەمالی دوژمنیان، تاماوەیەکیش دەستی دەستایەتیان بە درێژکرد.

مستەفا کەمال و کورد

هەشتا مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ جێگیر نەببوو، بەهاندانی سوێندخۆرەکان حکومەتی ئەستەمبوڵ بە هەڕەشە و کەسپ خستنەڕێی و بەهەی تەماع و دەمشیرین کردنەوە لایەنگرانی لە مستەفا کەمال هەڵدەگەڕایەوە، لەبەرئەمە مستەفا کەمال ئەنجامێکی سامناکی لێپێش بوو، لەوە گەیشتبوو پێویستی زۆری بە یارمەتی کوردەکانە، ئەگەر بێتو نەتەوەی کوردی لەگەڵ نەبێت، لە ئاسیای بچووك جێگای نابێتەوە، یارمەتی کوردیشی لەو ڕۆژەدا بەئاسانی دەست نەدەکەوت، بیریشی لەوە دەکردەوە کوردەکان ووە بکەنە ئاسیەکی تر! بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە و چەکی کورد بە ئەو ئامانجە بخەنەکار.
پەیمانی سیڤەر و بەیانەکەی (کلیمانسۆ) و بەندەکانی (ویلسن)، نەتەوەکانی ژێردەستی عوسمانی هوشیار کردبوونەوە، لەپەناوی ئازادی گەلەکەیان تێدەکۆشان، گەلی کوردیش لە پێش هەموویان خوێنی بە ئازادی ڕژاندبوو، تامی سەربەخۆیی لەپێش تورك کردبوو، حکومەتی ئەستەمبوڵ دەرگای سەربەخۆیی بە کورد کردبووەوە، لەگەڵ کەمێک

سیاسیەکانی کورد گفتوگۆی چڕنە ئیداریەك دەکرا بە کورد، دەنەوایی کوردی تەدا بە و ڕێگای جیابوونەوەیان لە بگرێت، بەگومان ئەگەر کورد دەستی بدایەتە چەك بە سەربەخۆیی مستەفا کەمال نایدەتوانی لەکارەکەی سەرکەوتوبێ، بەسەر یەنانیەکاندا سەرکەوێت، کە لەناو جەرگەی وڵاتی کوردا دەستی دابووە ئەم کارە، لە وڵاتی نەتەوەی کورد بە ڕزگاری تورك سەری بەرز دەکردەوە، ئەگەر کورد لایەنگیری نەکردبا هەرگیز سەرکەوتوو نەدەبوو، لەبەر هەموو ئەمانە بیری لە دەستایەتی کورد کردەوە.

کوردەکان کە پەیمانی سەربەخۆیی کوردستانیان بەدەستەوە بوو، ئەگەر ویستبایان دەیانتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام کوردەکانی ئەنادۆڵ وایان نەکرد، بەقسەکانی مستەفا کەمال تەفرەیان خوارد و ئەویش بەدەستووری حکومەتی ئەستەمبوڵ، لەپەناو سەرکەوتن دەمی لەدینەوە دەدا و خۆی لە کوردە دینەدارەکان نزیك دەخستەوە، بە خەلیفەی دەستبەسەری موسەمانان دەگریا، بە پاراستنی وڵاتی هاوبەشی کورد و تورك، بە ڕزگاری خەلیفەی بەستەزمان و بەدەسەڵات لەژێر چنگی سوێندخۆرەکان دەپاڕایەوە، کوردی بەبرای تورك و ڕاستترین موسەمان دادەنا، وای دەبردە مشکیانەوە سەربەخۆیی کورد مافێکی خۆیانە، دەیوت: بەڵام پەویستە جارێ ئەم وڵاتە لە داگیرکەران بپارێزن، کورد و تورك پێکەوە ڕێی دوژمنی لە بگرن و ڕزگاری بکەن، ئینجا دوو برا پێکەوە با وڵات لەناو خۆیاندا بەش بکەن، لەوەش زیاتر دەیوت ئەگەر یەنانیەکانیان دەرکرد، وڵاتێکی سەربەخۆ بە کورد دامەزرێنێت، کە ببێتە مایەی برایەتی و یەکێتی نەمر بە هەردوو نەتەوەکە، بەم جۆرە کوردەکان هەر لەڕۆژی یەکەمەوە دەستیان نایە ناو دەستی مستەفا کەمال و لەشکرکانی (ئیستقلال)دا هیچ نەماببێ نەکەن، بەموڵك و بەگیان هەوڵی ڕزگاری تورکیاندا. بە ڕزگاری خاکی تورك خوێنی لاوەکانیان ڕژاند، لەشکری یەناندا زەربەی ئەوانەی لەپشەوەی شەڕ بوون، سوارەی چوست و چالاکی کورد بوون، ئەو کاتە کوردەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە سەرکەوتنی مستەفا کەمال دوایی بەڕیانی کورد دەنێ، نەدەچووە مشکیانەوە لەداهاتوودا تورکەکان جوامێری کوردیان بیر بچێتەوە، بیریان لەوە نەدەکردەوە لەداهاتوودا پشیمان ببنەوە، لەبیانوویەك بگەڕێن بە لەناوبردنی نەتەوەی کورد، شتی وا لە ویژدانی نەتەوەی کورددا نیە، باوەڕیشیان نەدەکرد، لە ویژدانی هیچ نەتەوەیەکی تریشدا هەبێت. بەهاوکاری کورد مستەفا کەمال سەرکەوت و یەکەم داوای ئەوە بوو پەیمانی سیڤەر پوچەڵ بکرێتەوە، که مافەکانی کوردی سەلماندبوو.

لەکاتی هیوا بڕان و لەقەوماندا مستەفا کەمال ئەوەندەی تر بەجەرگ دەبوو، دەریخست هێزانی تەنگانە و کارەساتە، جگەلەوەش لەبەختی ئەو سوپندخۆرەکانیش لەنەوان خۆیاندا هیچ نەدەکەوتن و سیاسەتیان یەکی نەدەگرتەوە، ئینگلیزەکان یەنانیان بە سەر تورك هان دەدا، لەشکریان بە هێکدەخستن بەچەك و پارە هاوکاریان دەکردن، فەرەنسە و ئیتالیا پەیمانی یەکێتی و پێکهاتنیان لەگەڵ تورك دەبەست، لەولاتریشەوە کوردەکان لەو کاتەدا چاویان لەدەوڵەتی سەربەخۆ دەنوقاند و دەکەوتنە خەیاڵی برایەتی تورك و شەڕی ڕزگاری وڵاتی مستەفا کەمال، لەئەنجامدا ئینگلیزیش کە دوژمنی تاك و تەنیای تورکی کەمالی بوو، هیوای بەیەنان نەما و پشتی تێکرد، سەری لەئاستی واقعدا چەماندەوە، ئینجا دەنگی ناگرتنی یەکسانی دەستی پێکرد و سیاسەتی ژیاندنەوەی دەوڵەتێکی بەهێزی تورك کەوتە سەر زمان، بەتەام گۆڕترین یارمەتی بە تورك و مستەفا کەمال کەوتنی حکومەتی (چار) بوو، لەو سەردەمەدا شۆڕشی گۆڕەی ڕووسیا بەئەنجام گەیشت، شۆڕشگێڕانی (بولشەویك) هاتنەسەر حوکم، بەم جۆرە دوژمنی هەرە دڕوکی تورکیا (ڕووسیەی چار) بەئەژنۆ داهات، لەشانەی سیاسی کرایە دژەوە، بولشەوکەکان لە تورکەکانی ئەنادۆڵ نزیك بوونەوە و دەستی یارمەتیان بە درێژکردن، ئەمەش یەکەك بوو لەو هۆیانەی چاوی ئینگلیزەکان بکاتەوە، ترسی ئەویان لەنیشت تورك و ڕووس هەك بکەون و تورکە کەمالیەکان خۆیان باوەنە باوەشی بولشەویکەوە.

لە دواشەڕی تورك لەگەڵ یەنان لە بەیانی (26)ی ئابی (1922) لەناکاو هێزەکانی تورك پەلاماری لەشکری یەنانیان داو لەشکری یەنان خراپ شکا و شپرزە بوو، لە (9)ی ئەیلولی (1922) لەشکری سەرکەوتوی تورك گەیشتە بەردەمی ئیزمیر و گرتی، بەم جۆرە شەڕی تورك و یەنان بڕایەوە و بەسەرکەوتنی تورك کۆتایی هات. ئیتر یەنان شکا و حکومەتی ئەستەمبوڵ سست و لاواز بوو، چرای سەڵتەنەت و خەلافەت لە کوژانەوەدا بوو، فەرەنسە لەدژی یەنان و ئیتالیا لەداخی ئینگلیز یارمەتی (مستەفا کەمال)یان دەدا، لەو کاتەدا ئینگلیز نەیدەتوانی چاو لەم هەموو هاستیانە بپۆشێ، خێی لە تورکەکان نزیك کردەوە، بەتەام جیاواز لەوانی تر ئەو بە مەبەستی ئەوە دەستیان بە تورکەکان درێژ دەکرد، لەباوەشی ڕووسەکان بیانهێننە دەرەوە، چونکە گەیشتە هادیەك هەگەزی مەغۆلی بخاتە یادی تورك و بیری خڕهەڵاتی بخاتە مێشکی تورکەکانەوە، بەمەش مستەفا کەمال لە ڕووسەکان نزیك دەکەوتەوە، تەنانەت دەڵێن: بیری لەوەش دەکردەوە دینی (بودا) بکاتە دینی تورك، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو شتەك بەئارەزووی مستەفا کەمال دەهاتە پێشەوە.

بەخت یارمەتی مستەفا کەمالی دەدا، فەرەنسا و ئیتالیا کە دژی شەڕی ئینگلیز بوون، ببون بەلایەنگیری مستەفا کەمال و لەسیاسەت و کۆنگرەکاندا یارمەتی تورکیان دەدا، حکومەتی ئەستەمبوڵ کە دژی ئینگلیز و دوژمنی مستەفاکەمال بوو، شکستی هێنا و بەرامبەر مستەفاکەمال خۆی نەگرت و کەوت، ووسەکان بەپارە و بەچەك یارمەتی مستەفاکەمالیان دەدا، ئەوەندەی نەمابوو، مستەفا کەمال ببێت بە بوشەوڵك و خۆی باوێتە باوەشی ووسەوە، لەئاستی ئەم هەموو کارەسات و گۆڕانکاریانەدا ئینگلیز چارەی نەما و سەریان لەبەرامبەر واقع چەمادەوە و دەستی یارمەتیان بۆ دوژمنی دوێنێیان درێژکرد و لەگەڵ مستەفا کەمال کەوتنە ڕێکەوتن.
حکومەتی کورد لەعێراقدا دژکێکی تیژ و کوشندە بوو، لەژێر پێی مستەفا کەمال، بەهۆی لەشکری ئینگلیز شێخ مەحمود حوکمداری کورد گیرا و دوورخرایەوە بۆ هیندستان، کوردکانی تورکیاش هێلیان لەدەست دابوو، خۆیان لایەنی مستەفا کەمالیان گرتبوو، هەوڵ و تەقەلای پەرش و بڵاوی کۆمۆنکان و نیشتمانپەروەرانی کوردیش بۆ سوود مایەوە، ئیتر کاتی پوچڵ کردنەوەی (پەیمانی سیڤەر) بوو. سوێندخۆرەکان لە (لۆزان) کۆبوونەوە و ویستیان لەسەر بناغەیەکی تر ڕێك بکەون، بارودۆخێکی تازە بنێنە پێشەوە، بەناو ئەمجارە نوێنەری مستەفا کەمال قارەمانی شۆڕشکان (عسمەت ئینونو)ی بەهەگەز کورد هاتبوو تێیان بگەیەنی نەتەوەی تورك ماوە و نەمردووە، داوای بڕی غەزا و نرخی ئەو خوێنەی دژکرد، لەپێناوی وەاتدا ژاندوویەتی، نوێنەری ئەمجارەی تورك لەئاستی سوێندخۆرەکان سەری نەدەچاماندەوە، وەك نوێنەری خەلیفە، لەشۆڕدا بەرامبەر دوژمنی نەتەوەکەی سەرکەوتبوو، لەبەر ئەوە بەپشتیوانی نەتەوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ و نوێنەری دەوڵەتێکی تازە و زیندوو، ووی تەدەکردن و بۆ مافەکانی تورك بۆپێی میساقی میللی هەوڵی سەرکەوتنی دەدا، سوێندخۆرەکانیش بۆ فەوتاندنی مستەفا کەمال هیچ نەمانێکن، کە نەیانتوانی نەیاندوێست ئەم هێلە لەدەست بدەن، لەبەرئەوە دەیانویست دەمی عیسمەت پاشای نوێنەری مستەفا کەمال شیرن بکەن و تورکەکان بخەنەوە باوەشی خۆیان.

بەیەنگ تورك داوای ویلایەتی موسڵی دەکرد، ئینگلیزەکانیش بە دامەزراندنی حکومەتی کوردستان هەڕەشەی لێکردن، لەئەنجامدا لەژێرەوە پێکهاتن و ڕێکەوتن، تورك وازی لە مووسڵ هێنا و ئینگلیزیش دەستیان لە کوردستان یا لە شێخ مەحمود هەڵگرت، بەمەش لە 1923 کۆنگرەی لۆزان هاتە کایە و ئەرمەنستانی گەورە و خودموختاریەتە بچووکەکەی کوردیش بوونە بڕقی سەرئاو، کە مەسەلەی

کورد لە دەستی دەستی پێکردن بەولاوە هیچی تر نەبوو، دەرکەوت کێنگرەی ئاشتی و وشەی ویژدان و دادپەروەری تەنیا قەڵغانێکە بۆ تەفرەدانی مرۆڤایەتی و هاواری بێ هێز و زوڵم لێکراوان و مافی بێکەسان کارناکاتە سەر ویژدانی سیاسەت، ئەم زەبرەی لەلایەن کێنگرەی ئاشتیەوە لە ویژدان و دادپەروەری درا، وانەیەکی تر بوو بۆ ئەوەی داواکارانی ویژدان و دادپەوەرەوەری پەندوەرگرن، ئیتر ئەم بارودۆخە بەمشێوەیە بەشکستی کورد کۆتایی هات.

مەسەلەی کورد و سەربەخۆیی کوردستان، هەر لەووی سستی و فۆوفێڵی ئینگلیز بەم ئەنجامە نەگیشت، بەکو کوردەکان خۆشیان هاکارن و دەبێ هەخنەی گەورەتر لە خۆیان بگیرێ، چونکە لەو دەرفەتەی بۆ گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەت بۆ کورد هەکەوتبوو نەیانتوانی کەڵك وەرگرن، لەجیاتی ئەوە عەشیرەتە کوردەکان پاڵیان دایە لای مستەفا کەمال و پشتیان کردە مافەکانی خۆیان، هۆشنبیرەکانیش تا ماوەیەك لە داوا کردنی مافەکان بەردەوام بوون و لە پەیمانی سیڤەر دا توانیان مافەکانی کورد دەستەبەر بکەن، کەچی لە پەیمانی لۆزاندا چالاکیەکانیان بەم شێوەیە دیار نیە و بەهەر شێوەیەك بێت وازیان لە مافەکانی کورد هێنا و بۆ بەزەیی دوژمنانی کورد و ڕۆژگاریان بەجێ هێشت، ئایا گەلی کورد پەندیان لە ڕۆژگاری ئابردوو وەرگرتووە، یاخود سادەیی و دڵپاکی و نەزانیان جارێکی تر هەمان بارودۆخ دووبارە دەکەنەوە.

-_____

بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1- ڕەفیق حیلمی ، یادداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی 2003.
2- جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، چایخانەی (سلمان الاعظمی) بەغدا، 1970.
3- محەمەدئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، بەرگی چوارەم، چاپخانەی وەرزارەتی پەروەردە، هەولیر، 2006.

فانۆس … سەلام عومەر

دایکم فانۆسکی هەبوو
کارەبا کوشتی

شەو
لە بەر فانۆسکەی دایکم هەڵدەهات

سەمای فانۆسکە
جوانتر بوو
لە سامبا

فانۆسکە
بشکوژابایەوە
بەنی مەخکی دایکم هەر دەهات

کە دایکم کوژایەوە
فانۆسکە گریا
گریا
گریا
تا تاریکبوون.

نمە لمی تەنیایی … شیعر/کاوە

عوسمان عومەر

من دەرگا بە کەتاجار
لە خەم دائەخەم
پەەی کتێبەکەش
لەسەر دواهەمین رستە
ئەنوشتەنمەوە
بە نمە بارانی بەهودەییش ئەەم
چیتر لە پەنجەرەکە نەدا،
لەو دیو ژورەکەم
پارچەیەک نوسین هەئەواسم
باچیتر کەس،،
ئەو پیاوە هەها توە
لە جیهانەکی دەندە و
وەران و نایەکسان..
بەزار نەکا

ئەوارەیەک ،
تابلەی ەوخسارەکی..
خەمگینی جەهەشت
بە مەل لە ئاسمان
بە هەور
بە خەندەی گوە
بە چرایەک لە چاوی گزنگ
تەنهاو تەنها
بەلەمەکی دوور
نوقم لە هەم و تەم،
ەنگە تەرمی دەکی پە بە
زەریا نەبە
شوەنە
بە ناشتنی دەە کوانە

لە ژەر کورەی ئاسمانا

شت زەر ئەگوزەر
سۆی پەلی دارەکی ووشک
بە چڕڕ باران،
خۆونی مەلەکی تەر
بە گڕڕانەوەی بەستان و ەوبار
لە شار ،
ڕڕزمە لمەی خەم
کردیە بیابان

لە ژەر کورەی هەتاوا
ڕڕحی هەژارەکان ئەسوتا
ئەستاش کەیلەکان زەرن
سپارتاکەسەکان وونن
لە نەمانی پاڕڕوانەکان
با بچین پاڕڕوانە مردوەکان
لە خەوی مەرگ هەڕڕسنین

مەزەک ، لەتە نانی کەن
کاسە شەرابی سوور،
وەک خوێنی هەڕڕتەقیوی دە
چاوەک پڕڕ لە ئاسمانەک
تڕڕ پڕڕووی هەورەکانی،،
ڕڕگایەک بەرەو ڕڕحەکی چەل
ژورەکی تاریک
شەمەندەفەرەک
دوا مەزەگەی
زەمەنەکی
بەسەرچووە

پڕڕ ووت ..
واز لە نوسینەوەی شەپەل بهێنە
تە نازانی ئەم وەاتە
نە بە زەریا ئاشنایە،

نە باڵی مەڵەکانی
فڕی دوور فڕینی
ئاسمانی ئازادی هەڵدەبژێرن

وێنەکێشی کارەکی هونەری فۆتۆگرافری ئاسمانی
(Susann Mielke)
بە سوپاسەوە لە پێجی فڕمی خۆی وەرگیراوە